خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (400) دووشەممە 2016/3/14 - 24ی ڕەشەمێ 2715 (750) دینار

## سوێد کۆچبەران نائومێد دەکات

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

حکومەتی سوێد یاسایەکی نوێ لەبارەی کۆچبەران دەکات و بەپێی یاساکە زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی ڕوو لەو وڵاتە دەکەن نائومێد دەبن، چونکە سوێد مافی مانەوەی کاتیان دەداتێ.

یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی یاسای نوێی کۆچ ئەوەیە کە پەنابەر بەشێوەیەکی کاتی لەو وڵاتە دەمێنێتەوە و مافی هێنانی کەسوکاریش بۆ ناو وڵاتەکە زۆر سنووردار دەکات. یاساکە لە مانگی مایسی ئەمساڵەوە کاری پێدەکرێ، بەڵام هەموو ئەو کۆچبەرانە دەگرێتەوە کە لە پایزی ساڵی ڕابردووەوە گەیشتوونەتە سوێد.

یاساکە کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. یۆران ئاندێرشۆن لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی سوێدی بە (ڕووداو)ی گوت "لە پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤدا شتێک نییە بەناوی مانەوەی کاتی، ئەوەی سوێد پەیڕەوی دەکات پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤە، بەتایبەتی دژ بە ژن و منداڵ". هەروەها کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووکان زیاد بن رعد بۆ ئاژانسی کۆمپیسی سوێدی دەڵێت "ئەم پرۆسەیە سنوورداشکردنێکی بەکۆمەڵە کە ڕێگەیەکی نایاسایی و ناشەرعی دژ بە مافەکانی مرۆڤە".

بەپێی ڕاگەیاندنی فەرمی دامەزراوەی کۆچی سوێد، حکومەتی سوێد داواکاریی 80 هەزار کەسی بۆ پێدانی مافی پەنابەری قبووڵ کردووە کە بە گوتەی ستیفان لۆڤێن سەرەکوەزیرانی سوێد، گەورەترین ژمارەی کۆچبەرە لە مێژووی سوێددا.

» 11





### ئەم نەورۆزە تەنیا 75هەزار گەشتیار دێنە کوردستان

8

بەپێی توێژینەوەیەکی یەکێتی:

### بزووتنەوەی گۆڕان سێ وەزارەت و 30 پۆستی باڵای لە یەکێتی بردووە

4

### ساڵانە زیاتر لە هەزار حاڵەتی سیل لە کوردستان تۆمار دەکرێن

18

شێروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە خولی پێشووی پەرلەمان:

# دەکرێ یوسف محەممەد بە دەنگی 29 پەرلەمانتار لابدرێ

» 3



نادیە موراد بۆ (ڕووداو):

# متمانەم بە حکومەت و سیاسەتی کوردی نەماوە

» 5





## کاتژمێرەکەی هەولێر پارچەی یەدەگی نییە

**ڕووداو- هەولێر**

شارەوانیی هەولێر هەوڵدەدات پێش جەژنی نەورۆز کاتژمێرەکەی پارکی شار چاک بکاتەوە کە ماوەی پێنج مانگە لەکارکەوتووە، بەشدار ڕەزا بەڕێوەبەری شارەوانی یەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو کاتژمێرە بە تایبەتی لە چین دروستکراوە بۆ هەولێر و نزیکەی پێنج ساڵە کار دەکات. گوتیشی "کاتژمێرەکە پارچەی یەدەگی لەگەڵدا نییە، بۆیە تائێستا نەتوانراوە چاک بکرێتەوە و قەیرانی داراییش هۆکارێکی دیکەی چاک نەکردنەوەکەی بووە". ناوبراو ئاماژەی بەوەدا هەوڵدەدەن لە چەند ڕۆژی داهاتوودا و پێش جەژنی نەورۆز لەڕێگەی وەستایەکی خۆماڵییەوە چاکی بکەنەوە.

# ئایەتوڵڵا سیستانی داوای بینینی نادیە موراد دەکات



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

برایەکی نادیە موراد، ئەو کچە ئێزدیەی لەدەستی چەکدارانی داعش دەرباز بووە، ئاشکرای کرد کە هەر یەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق، داوای بینینی خوشکەکەیان کردووە.

سەعید یەکێکە لە سێ برا ڕزگاربووەکەی نادیە موراد لە دەستی داعش، ئەو لە کەمپی قادیا لە نزیک زاخۆ نیشتەجێ بووە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (ڕووداو) بەسەرهاتی کۆمەڵکوژکردنی خێزانەکەیان لەلایەن داعشەوە دەگێڕێتەوە.

نادیە موراد، کە یەکێکە لە ڕزگاربووانی دەستی داعش، هەرزوو ناوبانگی بە جیهاندا بڵاوبووەوە. ئەو دوای ئەوەی لە ڕێگەی پرۆژەیەکی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردنی 1000 ئافرەتی کوردی ئێزدی گەیشتە ئەڵمانیا، لەوێ لە ڕێگەی چەند ڕێکخراوێکەوە توانی خۆی بگەیەنێتە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی و لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنەکەدا ئەوەی لەلایەن داعشەوە بەسەری هێنرابوو گێڕایەوە، پاشان سەردانی میسری کرد و لە زانکۆی ئەزهەر سەمینارێکی پێشکەش کرد، هەروەها لە چەند کۆنفرانس و کۆنگرەیەکی جیهانیشدا بەشداریی کرد.

ئەو جموجۆڵەی نادیە وایکرد کە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بە فەرمی ئەو کچە کوردە ئێزدییە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ بۆ ساڵی 2016 کاندید بکات.

نادیە، لە خێزانێکی گەورەی ئێزدی لە ساڵی 1993 لەدایک بووە. باوکی کە سێ ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە، دوو ژنی هێناوە. نادیە دوو خوشک و نۆ برای هەبوو.

سەعید باسی نادیە دەکات و دەڵێت "نادیە هەر لە منداڵییەوە کچێکی زۆر لەسەرخۆ بوو، لە ماڵەوە زۆر خۆشەویست بوو، کچێکی گوێڕایەڵ بوو".

سەعید باسی خێزانەکەی دەکات و دەڵێت "ئێمە 11 برا بووین، لەگەڵ سێ خوشک، چەند ساڵێک پێش کارەساتی شنگال، باوکمان مرد، لە کارەساتی شنگالدا ئێمە هەمووومان کەوتینە دەستی داعش، ژن و پیاوەکانیان لە یەکدی جیا کردەوە، شەش برامان لەبەر چاوی ئێمە کوژران، دایکم و سێ براژنیشم لە نزیک پەیمانگای تەکنیکی شنگال لەگەڵ 85 کچ و ژنی دیکە کە سەرجەمیان خەڵکی گوندی کۆچۆ بوون گوللەباران کران".

چەکدارانی داعش نادیە و دوو خوشک و هەشت براژن و دوو برازا لەگەڵ سەدان ئافرەتی دیکەی کوردی ئێزدی دەبەن. بەڵام نادیە ڕۆژی 2014/9/14 توانی لە دەستی داعش هەڵبێت.

سەعید دەڵێت "تەنیا لە خێزانەکەی ئێمە 14 کەس کەوتبووینە دەستی داعش، خۆم و برایەکم بە برینداری لە کۆمەڵکوژییەک ڕزگارمان بوو، دواتر پێنج براژن و سێ خوشکەکەم بەڕێگای جیا جیا ڕزگاریان بوو، بەڵام چارەنووسی سێ خوشکم و دوو برازاکەم هێشتا نادیارە".

ئێستا نادیە یەکێکە لەوانەی بەربژێرە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ، سەعید زۆر دڵخۆشە بەو بەربژێرکردنە و دەڵێت "زۆر خۆشحاڵم کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە پشتگیری خوشکەکەم دەکەن".

نادیە ئاشکرای کرد "پێش چەند ڕۆژێک نووسینگەی بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندیان پێوەکردم و گوتیان بارزانی دەیەوێ نادیە ببینێ، هەر لەو ماوەیەدا نووسینگەی بەڕێز عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکان بۆ هەمان مەبەست پەیوەندییان پێوەکردم".

سەعید خوشکەکەی لە داواکارییەکەی بارزانی و سیستانی ئاگادار کردووەتەوە، ئەویش ئامادەیی خۆی نیشانداوە بگەڕێتەوە و هەردووکیان ببینێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دەرەوە زۆر سەرقاڵە، هێشتا کاتی گەڕانەوەکەی دیار نییە.

### ئەو بەشانەی لە زانکۆکەدا هەن لە هیچ زانکۆیەکی دیکەی کوردستان نین

# بارزانی زانکۆی ئەمریکیی دهۆک-کوردستان دەکاتەوە

**ڕووداو — دهۆک**

زانکۆی ئەمریکیی دهۆک- کوردستان لە پارێزگای دهۆک بەفەرمی دەکرێتەوە و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک کونسوڵی وڵاتانی جیهان ئامادەی مەراسیمەکە دەبن. یەکێک لە ئەندامانی دەستەی ئەمینداری ئەو زانکۆیە دەڵێت "چەند بەشێک لەم زانکۆیە هەن نەک لە زانکۆی ئەمریکیی سلێمانی، بەڵکو لە هیچ زانکۆیەکی دیکەی کوردستاندا نین".

زانکۆی ئەمریکیی دهۆک- کوردستان کە کورتکراوەی (AUDK)یە، ساڵی 2014 لە شاری دهۆک کراوەتەوە. یەکەم خولی وەرگرتنی خوێندکارانی لە وەرزی خوێندنی 2014 — 2015 دەستپێکردووە و مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی فەخریی زانکۆکەیە. زانکۆکە پشت بە سیستەمی پەروەردەیی-خوێندنی ئەمریکی دەبەستێت، خوێندن لەم زانکۆیە بەپارەیە. ئێستا 260 خوێندکار لەم زانکۆیەدا درێژە بە خوێندن دەدەن.

بڕیارە ئەمڕۆ 2016/3/14 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژئاوای دهۆک زانکۆکە بە فەرمی بکاتەوە.

هونەر خۆشەڤی، ئەندامی دەستەی ئەمینداریتی زانکۆکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو زانکۆیە وەکو خەڵاتێکە پێشکەشی خەڵکی پارێزگای دهۆک و کوردستانی دەکەین". سەبارەت بە ئاستی خوێندنی زانکۆکە دەڵێت "لە پێنج بەش پێکدێت، کە هەندێ بەشی تەنیا لەم زانکۆیەدا هەیە".

سەبارەت بە نرخی خوێندن لەو زانکۆیە، هونەر خۆشەڤی گوتی "ئەو زانکۆیە نەک وەکو پرۆژەیەکی بازرگانی کاری لەسەر دەکەین، بەڵکو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستە لە کوردستان و هەوڵمان داوە ئەو پارەیەی لە قوتابییەکانی وەردەگرین تەنیا 34% بێ کە خەرجی خوێندنە و ئەوەی دیکە هەموو وەکو هاوکاری پێشکەشی قوتابیان دەکەینەوە".



# پردێکی زاخۆ پێش کردنەوەی 68 سانتیمەتر ڕۆدەچێت

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- زاخۆ**

پردێک لە زاخۆ بەر لەوەی بەڕووی شوفێراندا بکرێتەوە لەلایەکی 68 سانتیمەتر ڕۆدەچێت و لە لایەکی دیکەش 47 سانتیمەتر ڕۆ چووە. سەرۆکی شارەوانیی زاخۆش دەڵێت دۆسیەکە دەبەنە دادگا و لایەنی کەمتەرخەمیش بە 2.5 ملیۆن دۆلار سزا دەدرێت و دەبێت پردەکەش چاک بکاتەوە.

پردەکە ناوی پردی خانییە و دەکەوێتە ناوەڕاستی شارۆچکەی زاخۆ و لەسەر ڕووباری خابیر دروستکراوە. درێژییەکەی 60 مەترە، تێچووەکەشی 10 ملیۆن دۆلارە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) پرۆژەکە پێشتر بۆ نازی گروپ دەرچووە دیزاینی بکات، بەڵام ئەوان کارەکەیان داوەتە کۆمپانیایەکی دیکە، دواتر دیزاینەکە لەلایەن ئیدارەی پارێزگای دهۆک پەسەندکراوە و پرۆژەکە دراوەتە تەندەر.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەکاتی کردنەوەی تەندەردا شەش کۆمپانیای خۆماڵی و بیانی تەندەریان پێشکەشکردووە. دواجار پرۆژەکە دراوەتە کۆمپانیایەکی خۆماڵی کە ئامادە بووە بە 2 ملیۆن دۆلار کەمتر لە هەموو کۆمپانیاکانی دیکە پرۆژەکە جێبەجێ بکات.

بژار مونیب، سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو کۆمپانیایەی پرۆژەکەی بۆ دەرچووە تایبەتمەند نییە بەو بوارە، پردەکە کەوانییە و شەست مەترە بەبێ دینگە، بۆیە بۆ کۆمپانیایەکی ناوخۆ کارێکی ئاسان نییە.

ئەو پردە کە هەر لە ئێستاوە کەموکورتیی تێدا دەرکەوتووە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆری لەبارە گوتراوە و تەنانەت هەندێک کەس بە توانجەوە دەڵێن "پردە مەتاتییەکە". سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ دەڵێت "ئەگەر کەموکورتییەکانی پردەکە چارەسەر نەکرێن، شایستەی ئەو ناسناوەیە".

تا ئێستا 80%ی پرۆژەکە تەواو بووە، بەڵام لە کاتی بەستنی کێبڵ لایەکی پردەکە 68 سانیمەتر ڕۆچووە و لە لایەکیش 48 سانیمەتر. سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ دەڵێت "مامۆستایەکی زانکۆ کە ڕاوێژکاری دروستردنی پردە پێیگوتم دروستکردنی پردێکی زیاتر لە ٤٠ مەتری بەبێ ستوون، موجازەفەیە".

لە مانگی تشرینی یەکەمی 2015 لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر کەموکورتییەکانی پردەکە دروستکراوە. ئەندامێکی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە پردەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمپانیای مێگای تورکی کە تایبەتە بە بواری ڕاوێژکاری بە فەرمی وەڵامی لێژنەکەمانی داوە کە ئەو کەموکورتیانە بەهۆی دیزاینی پرۆژەکەوە بووە، بەڵام کۆمپانیای دیزاینەر دەڵێت ئەو کێبڵەی داوامان کردبوو، ئەویان نەهێناوە".

ئەندامێکی دیکەی لێژنەی لێکۆڵینەوەی پردەکەش بۆ (ڕووداو) زانیارییەکان پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێت "چەند ئەندامێکی لێژنە چوونە تورکیا بۆ ئەوەی بزانن هەمان کێبلیان هێناوە یان نا، بەڵام ئەو زانیاریە لەو کۆمپانیەش بەدەست نەکەوتووە و بۆیە ئێستا ناردوویانەتە ئیمارات بۆ ئەوەی پشکنینی (مودیولاستی) بۆ بکەن بۆ ئەوەی بزانن خەتای کێبڵەکەیە یان نا".

سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ کە هاوکات ئەندامی لێژنەی بەدواداچوونیشە دەڵێت "ئەوەی کەمتەرخەمبێت چ کومپانیای جێبەجێکار یان دیزاینەر بە دوو ملیۆن و 500 هەزار دۆلار سزا دەدرێت و دووبارەش چاکی دەکرێتەوە، پێشموایە دەبێ کێشەکە هەر بچێتە دادگا و بەبڕیاری دادوەر یەکلابکرێتەوە".

چۆن چارەسەردەکرێت؟؟

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو ڕاوێژکارەکانی ئەو بوارە بە زارەکی بە لێژنەی لێکۆڵینەوەیان گوتووە دوو ڕێگا هەن بۆ چارەسەرکردن کە هەردووکیان زیاتر لە نیو ملیۆن دۆلار پێویستە، ئەویش "دەبێ چەند دینگەیەکی بۆی دابنرێ، کە ئەمەش خەڵکی زاخۆ و سەرۆکی شارەوانی ئەستەمە قبوڵی بکەن، دووەمیشیان، ئەوەیە پردەکە دیسان ڕاستبکەنەوە و شێوەی کەوانەیی نەهێڵن.

سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ دەڵێت "ئەگەر ئەو کێشە ڕووی نەدابا مانگی 12ی 2015 پرۆژەکە تەواو دەبوو و ئێستا 80%ی قەرەباڵغی نێو شارەکە کەم دەبووەوە".

# پەرلەمانی عێراق داوای داخستنی مەیخانە و سەنتەرەکانی مەساج دەکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق چەند ڕاسپاردەیەک ئاڕاستەی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات بە مەبەستی داخستنی شوێنەکانی مەیخواردنەوە و سەماکردن و سەنتەرەکانی مەساج، چونکە بە گوتەی ئەوان "دژی بڕگەیەکی دەستووری عێراقە".

حەیدەر عەبادی دەمێکە بە قۆناغ دەستی کردووە بە ڕاگەیاندنی چاکسازی لە کابینەی حکومەتەکەیدا، لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانیش لەو چوارچێوەیەدا سەرقاڵی داڕشتنی چەند ڕاسپاردەیەکن بۆ ئەوەی عەبادی لە پرۆژەی چاکسازیدا جێیان بکاتەوە و دواتریش لە پەرلەمانی عێراقدا دەنگیان لەسەر بدرێت.

مەلا سەلیم شووشکەیی، ئەندامی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بە پشتبەستن بە بڕگەی (ا) لە ماددەی دوو لە دەستووری عێراق کە خەڵک دەنگی پێداوە، بە دیاریکراوی دەڵێت "نابێت هیچ پرۆژە یاسا و یاسایەک لە عێراقدا دەربچێت کە پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی ئاینی ئیسلام بێت، بۆیە بە چەند ڕاسپاردەیەک داوا لە عەبادی دەکەین لە پرۆژەکەیدا شوێنەکانی مەیخواردنەوە و سەماکردن و لەشفرۆشی دابخات، چونکە دژی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلامن". مەلا سەلیم شووشکەیی گوتیشی "لە ڕاسپاردەکاندا ڕەچاوی داوونەریتی خەڵکانی ناموسڵمان دەکرێت".

### مەلا سەلیم شووشکەیی: ئەو شوێنانە لەڕووی ئاینییەوە زیانیان بە خەڵک گەیاندووە

لیژنەی ئەوقاف پێشتریش بە نووسراوێک داوای داخستنی ئەو شوێنانەیان لە عەبادی کردووە و ئەویش وەڵامێکی تاڕادەیەک ئەرێنی داونەتەوە و بۆی نووسیون: "چەند بەرپرسێکی گەندەڵ خاوەنی ئەو شوێنانەن و لە پاکێجی چاکسازیدا ئەو شوێنانەش دادەخەین".

سەبارەت بەوەی ئاخۆ ئەو ڕاسپاردانە دژی ئازادییە تاکەکەسییەکان نین؟ مەلا سەلیم شووشکەیی گوتی "ئێمە بە پشتبەستن بەو بڕگە دەستوورییە ئەو داوایانە دەکەین و زۆرینەی خەڵکی عێراقیش دەنگیان بەو بڕگەیە داوە و دەبێت ڕێز لە ئیرادەی تاک بگرین کە ڕێگە بە هەبوونی شوێنانە نادات، چونکە زیانیان بۆ دابونەریتی گشتی هەیە".

لە وڵاتانی دنیا ئەو شوێنانە لەلایەن حکومەتەوە باجیان خراوەتە سەر و لەو ڕێگەیەشەوە داهات بۆ وڵاتەکە دەستەبەر دەبێت، ڕاسپاردەکانی لیژنەی ئەوقاف لە کاتێکدایە کە عێراق بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە لە خراپترین دۆخی ئابووریدایە و لەم ماوەیەی ڕابردووشدا حکومەتی عێراق بڕیاری دا بە زیادکردنی ڕسومات لەسەر چەندین شوێن.

ئایا داخستنی ئەو شوێنانە کاریگەرییان لەسەر داهاتی عێراق نابێت؟ مەلا سەلیم شووشکەیی دەڵێت "ڕاستە ئەو شوێنانە لەڕووی داراییەوە قازانجیان هەیە، بەڵام لە ڕووی ئاینییەوە زیانیان بە خەڵک گەیاندووە".

پێناچێت لیژنەی ئەوقاف بۆ داخستنی ئەو شوێنانە تەنیا چاوەڕێی دەستی عەبادی بکەن، بەڵکو لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی ئەو ڕاسپاردانە لەلایەن عەبادییەوە لەئێستاوە بیریان لە ڕێگەی دیکە بۆ داخستنیان کردووەتەوە.

شووشکەیی گوتی "زۆربەی کوتلەکانی نێو پەرلەمان کە لایەنە ئیسلامییەکانن پشتگیری ڕاسپاردەکان دەکەن و عەبادیش بڕیاری داوە ڕێزی لێبگرێت و دەتوانێت بە فەرمانێکیش دایانبخات، بەڵام ئەگەر کرایە یاسا و عەبادیش نەیتوانی جێبەجێیان بکات، ئێمە لەڕێگەی ئەنجوومەنی دادوەرییەوە سکاڵا لەدژی کەسانی کەمتەرخەم تۆمار دەکەین و سوورین لەسەر داخستنیان".

زانا ڕووستایی ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەگەر ئەو ڕاسپاردانە لە چوارچێوەی پرۆژە چاکسازییەکەی عەبادیدا هاتە پەرلەمان و دەنگی لەسەر درا، ئەوا دەبێتە یاسا و جێبەجێ دەکرێت.

## کورد کاندید بۆ عەبادی ئامادە دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

فراکسیۆنە کوردستانییەکان خۆیان بۆ چاکسازییەکانی عەبادی ئامادە دەکەن و دەڵێن فۆرمێکی تایبەتیان بۆ دیاریکردنی کاندیدی تەکنۆکرات بۆ وەزارەتەکان وەرگرتووە. سۆزان بەکر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو فۆرمە بەسەر هەموو کوتلەکان دابەشکراوە، ئێمەش دەمانەوێت ڕای سەرکردایەتی کورد بزانین لەسەر گۆڕانکارییەکان". هەروەها کاوە محەممەد، پەرلەمانتاری پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان لە بارەی گۆڕینی وەزیرەکان، بەتایبەت وەزیری کۆچ و کۆچبەران کە پشکی گۆڕانە، دەڵێت "هیوادارین وەزیری کۆچ و کۆچبەران بمێنێتەوە، چونکە سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئەگەر هەموو وەزارەتەکان بگرێتەوە، ئەو کاتە قسەی خۆمان دەبێت".

**شێروان حەیدەری، سەرۆکی لێژنەی یاسایی لە خولی پێشووی پەرلەمان:**

# دەکرێ یوسف محەممەد بە دەنگی 29 ئەندامی پەرلەمان لابدرێ

### گوتەبێژی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان:

### پێشنیازکراوە بەدەنگی پەرلەمانتاران یوسف محەممەد لابدرێ نەک ڕێککەوتنی سیاسی

### پارتی:

### گۆڕان جارێکی دیکە چانسی وەرگرتنی سەرۆکی پەرلەمانی نەماوە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

شارەزایەکی یاسایی کە شەش ساڵ سەرۆکی لێژنەی یاسایی بووە لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت "سەرۆکی پەرلەمان بە 29 دەنگی پەرلەمانتاران لادەدرێ".

لەبارەی لادانی د.یوسف محەممەد لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دوو ڕای جیاواز لەنێو بزووتنەوەی گۆڕان دروستبووە و گوتەبێژی گۆڕان دەڵێ "تەنیا قسەی گوتەبێژ گوزارشت لە ڕای گۆڕان دەکات".

بەشێک لە بزووتنەوەی گۆڕان باسی چارەنووسی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەن کە چۆن و بە چ شێوەیەک ڕازی بن بگۆڕدرێ و بەشێکیش هێشتا دەڵێن لادانی د.یوسف محەممەد لە پۆستەکەی هێڵی سوورە.

هەردوو جڤاتی گشتی و جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە جیا کۆبوونەوە. ڕۆژی 2016/3/11 جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەوە، دوای کۆبوونەوەکە شێرزاد حافز، گوتەبێژی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە وەک ناوەندێکی بزووتنەوەی گۆڕان مافی پێشنیازکردنمان بۆ جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان هەیە و لەو چوارچێوەیەشدا پێشنیازمان کردووە، تەنیا بەیەک مەرج ڕازی بن بە لابردنی د.یوسف محەممەد لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان".

شێرزاد حافز لەبارەی پێشنیازەکە گوتی "تەنیا بە دەنگی پەرلەمانتاران د.یوسف لە پۆستەکەی نەمێنێ، نەک ڕێککەوتنی سیاسیی لایەنەکان".

جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، زیاتر لە 60 هەڵسوڕاوی گۆڕان تێیدا ئەندامن و بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر ڕاوێژیان پێدەکات، ئەوانیش پێشنیازی چۆنیەتی کار بۆ بزووتنەوەکە دەکەن.

بەڵام پێشنیازەکەی جڤاتی گشتی بۆ شێوازی گۆڕینی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن جڤاتی نیشتیمانییەوە ڕەتکرایەوە. د.شۆڕش حاجی، گوتەبێژی فەرمی بزووتنەوەی گۆڕان لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەر هەڵوێستێک کە گوزارشت لە هەڵوێستی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان بکات لای گوتەبێژی گۆڕانەوە دەردەچێ". گوتیشی "هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە د.یوسف محەممەد دەبێ وەکو سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە، گۆڕان تەئکید لە هەڵوێستی خۆی دەکات کە لە بەیانی چاکسازی سیاسی و ئیداریدا ڕایگەیاندووە و ئەم هەڵوێستەشمان بە یەکێتی و پارتی ڕاگەیاندووە".

گوتەبێژەکەی بزووتنەوەی گۆڕان هەروەها دەڵێت "تاوەکو ئێستا سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕان تایبەت بە دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە و پێویستە دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و پەرلەمان دەست بە کارەکانی بکاتەوە، دواتر هەموو لایەنەکان بۆ چارەسەری کێشەکان درێژە بە گفتوگۆ و دانوستاندن بدەن".

لادانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "سەرباری ئەوەی دژی ئەو داوایەی پارتین، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش هیچ یاسایەک نییە باس لە شێوازی گۆڕینی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بکات".

بابەتی لادانی سەرۆکی پەرلەمان لە پۆستەکەی لە ڕووی یاساییەوە گەنگەشەیەکی زۆری دروستکردووە کە ئاخۆ ئەگەر گۆڕانیش ڕازی بوو، د.یوسف محەممەد بەپێی چ یاسایەک لە پۆستەکەیدا نامێنێ؟

شێروان حەیدەری، سەرۆکی لێژنەی یاسایی لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لایەنە یاساییەکەی ئەو بابەتە بۆ (ڕووداو) ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت "دەبێ لەلایەن پەرلەمانەوە لابدرێ، چونکە بە دەنگی پەرلەمانتاران بووەتە سەرۆکی پەرلەمان".

حەیدەری کە شەش ساڵ واتە لە خول و نیوێکی پەرلەماندا سەرۆکایەتی لێژنەی یاسایی پەرلەمانی کردووە و بە شارەزایەکی یاسایی هەژمار دەکرێ، ڕوونکردنەوەی زیاتر لەو بارەیەوە دەدات و دەڵێت "بەپێی ماددەی 13ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە باس لە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات و ئەویش سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سکرتێری پەرلەمان لە خۆدەگرێ، دەبێ سەرەتا 56 ئەندام ئامادە بن، بەڵام دەتوانرێ بە زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبووان کە لەو 56 ئەندامەی ئامادەن 29 پەرلەمانتار دەنگ بدەن و دەستەی سەرۆکایەتی بەدەنگدانێکی نهێنی هەڵبژێرن". گوتیشی "ڕاستە لەنێو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان باسی شێوازی لادانی سەرۆکی پەرلەمان نەکراوە، بەڵام دەتوانرێ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان پەیڕەو بکەن و بە 29 ئەندام لادەدرێ. لە پەرلەمانی عێراقیش بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ و بە زۆرینەش لادەدرێ".

هەندێک لە ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێن دەتوانن 56 ئەندام ئامادە بکەن بۆ بەستنی کۆبوونەوەی پەرلەمان بە مەبەستی گۆڕینی سەرۆکی پەرلەمان. ڕۆژی 2015/8/19 کاتێک فراکسیۆنی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی د.یوسف محەممەد هەوڵیان دا کۆبوونەوەی پەرلەمان سازبکەن بۆ لادانی مەسعود بارزانی لە پۆستەکەی، پارتی توانی شکست بە کۆبوونەوەی پەرلەمان بهێنێ و نەیهێشت نیسابی یاسایی پەرلەمان تەواو ببێ کە ئەویش دەبێ 56 ئەندام پەرلەمان ئامادەی بن. پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێ "پێناچێ لادانی یوسف محەممەد لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کارێکی ئاسان بێ بۆ پارتی".

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پارتی پێشتر چانسێکی دا بە بزووتنەوەی گۆڕان کە یوسف محەممەد بگۆڕن و کەسێکی دیکە لە شوێنی دابنێن، بەڵام ئێستا ئەو چانسەش نەماوە و پارتی بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێ بزووتنەوەی گۆڕان پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێتەوە".

ئومێد خۆشناو لەسەر دروستکردنی نیسابی یاسایی لە پەرلەمان بۆ لادانی یوسف محەممەد و دانانی سەرۆکێکی نوێ بۆ پەرلەمان ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک بکات، بەڵام گوتی "باشترین بژارە بۆ گۆڕان ئەوەیە ببێ بە ئۆپۆزیسیۆن و پارتی هەوڵەکانی چڕدەکاتەوە کە چیدی پەرلەمان بەو شێوەیە نەمێنێ و ناکرێ ئەم هەرێمە بێ پەرلەمان بێ، دەبێ سەرۆکێکی نوێ لە دەرەوەی گۆڕان دابنێین".



# ڕێککەوتنی ستراتیژی سێ حیزبەکەی دیکەی ترساندووە

### گۆڕان: پارتی و یەکێتی ناتوانن حکومەت لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ستراتیژی دروستبکەن

### یەکگرتوو: ڕێککەوتنی ستراتیژی چاکسازی پەکدەخات و کێشەی بەردەم ریفراندۆم زۆرتر دەکات

### کۆمەڵ: گفتوگۆکانی پارتی و یەکێتی شەفاف نین و نازانین باسی چی دەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

پاش سێ کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەکی پارتی و یەکێتی، گەڕانەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو لایەنە و پاشتر ڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە کە تێیدا بەشدار دەبن یان نا، هەریەکە لە گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی هۆشداریی دەدەن لەوەی جارێکی دیکە حکومەت نەدرێتەوە دەست ڕێککەوتنی ستراتیژی. ئەمە دوای نزیکەی دوو ساڵ لە پێکهێنانی حکومەتێک کە بە بەشداریی هەر پێنج لایەنە براوەکە پێکهات و ناونرا "حکومەتی بنکە فراوان".

دانا عەبدولکەریم، ڕێکخەری ژووری حکومەت لە بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ هێشتا ئەوان وەک بزووتنەوەی گۆڕان یەکێتی وەک ئەو هێزە دەبینن کە "بەدوای چارەسەردا دەگەڕێ بۆ دۆخەکە، نەک سەرقاڵی ئەوەبێ ڕێککەوتنی دوو قۆڵی لەگەڵ پارتی بکات". وەک ئەوەی تەواو دڵنیاش نەبێ لەوەی یەکێتی ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، گوتیشی "ئەوان ناتوانن جارێکی دیکە حکومەت بە ڕێککەوتنی ستراتیژی پێکبێننەوە".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان، پێیوایە ئەگەر پارتی و دواتریش یەکێتی گەیشتبنە ئەو بڕوایەی پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینە یان فیفتی فیفتی چارەسەرە بۆ ئەوەی دەرگایەک لەسەر تونێلە تاریکەکەی ئێستا بکرێتەوە، ئەوا بە دیدی سێ حیزبەکەی دیکە و بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان "ئەوە دووبارەکردنەوەی ئەزموونێکی شکستخواردووە".

دەیان کۆبوونەوەی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی، هەوڵێکی چڕ و پڕی چەند مانگی، بووە هەوێنی پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان، ئەمەش تاقیکردنەوەی ئەزموونێکی نوێ بوو دوای زیاتر لە دوو دەیە لە حکومەتی هاوبەشی پارتی و یەکێتی، بەڵام ئەزموونەکە هەر ساڵێک بەرگەی گرت و دیواری ئەزموونە نوێیەکە هەرزوو ڕووخا. دواتر دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان بۆ ئەوەی بەیەکجاریی دەست لە حکومەتی بنکە فراوان دانەشۆردرێ، بەڵام ئێستا پارتی و یەکێتی کۆبوونەوەی دوو قۆڵی دەکەن.

کۆبوونەوەکانی ئەو دوو حیزبە، بەبێ کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانی کۆتاییان پێدەهێنرێ، ئەمەش وای لە کەسێکی وەک محەممەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کردووە کە بڵێ "تەنانەت ئێمەش نازانین باسی چی دەکەن".

کەواتە یەکێتی و پارتی بە دوای چ جۆرە حکومەتێکەوەن؟ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی دەستی پێکردبێت و بە ئاسانیشی نازانێ بۆ یەکێتی واژۆ لەسەر ڕێککەوتنی وا بکات "کێشەکە ئەوەیە کە دەنگدەری یەکێتی لە سلێمانییە و ئەوە قبوڵ ناکەن".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ تاوەکو دواهەمین کۆبوونەوەش یەکێتی هەوڵی داوە هەر بەرنامەیەکی نوێ هەبێ بۆ حکومەت و پەرلەمان، خاڵی یەکەم نەبێت و پرۆسەی یەکەم ئاساییکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت بێت "ئەوکات دەکرێ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانیش بکرێ و پرۆژەی نوێ تاوتوێ بکرێ".

هەرێمی کوردستان، لە یەک کاتدا لەشەڕدایە لەگەڵ داعش و قەیرانی دارایی، جوگرافیاکەشی لە نێوەڕاستی شەڕی زلهێزەکانی جیهاندایە، لە نێوخۆشیدا، تادێ خاڵە هاوبەشەکان دەگۆڕێن بۆ ناکۆکی سیاسی.

د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی، هیوای خواست جارێکی دیکە پارتی و یەکێتی نەگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژی و دابەشکاریی دەسەڵات "ئەوە دۆخەکە زۆر لە ئێستا ئاڵۆزتر دەکات، ئەو چاکسازییانەی باسی دەکەین و کاری بۆ دەکرێ لەبار دەبات، تەنانەت ئەگەری بەهێزیش ئەوەیە دۆخەکە لە گرێژنە دەربچێ".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو هەروەها دەڵێ "هێشتا ئەو بێهیواییە دروست نەبووە کە حیزبەکان نەتوانن دەست بە گفتوگۆ بکەنەوە، بەڵام حکومەتی هاوبەش لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ستراتیژی، تەنانەت لەبەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆمیش لەمپەر و کۆسپی زۆرتر دروست دەکات".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، یەکێتی دەیەوێ لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ببەستێ و لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لەوەی هەوڵەکانی ئەمدواییەی یەکێتی باس دەکرێ، پرسی هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان و حکومەت دەورووژێ. ئامانج لەوەش ئەوەیە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆری سەرکردایەتی نەبێتەوە و نەبێتە دەرفەت بۆ جارێکی دیکە تەقینەوەی باڵەکان بەڕووی یەکدا.

محەممەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی هەرچەندە ڕەتیدەکاتەوە زانیارییان هەبێ لەسەر گفتوگۆکانی نێوان پارتی و یەکێتی، بەڵام گوتیشی "پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە، نەک ئێمە بگرە حەق نییە یەکێتیش بەشداریی تێدا بکات".

لە دواهەمین کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی گۆڕاندا لە سەرەتای ئەم هەفتەیە، بزووتنەوەکە جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی بۆ مانەوەی یوسف محەممەد، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دووپات کردەوە و سووربوونی خۆشیانی لەسەر مەرجەکانیان ڕاگەیاند.

دانا عەبدولکەریم، دەڵێ یەکێتی بەم دواییە دوو پرۆژەی هەبووە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان "هیچکام لەو پرۆژانە ڕێککەوتنی ستراتیژی تێدا نەبووە، هەر بۆیە لەوانەیە یەکێتی لەگەڵ پارتی ڕێککەوتنێک بکات، بەڵام بڕواناکەین هەمان ڕێککەوتنی ستراتیژی پێشوو بێت". گوتیشی "ئێمە متمانەمان بە پارتی نەماوە تاوەکو ڕێککەوتنی دیکەی لەگەڵ بکەین، چونکە یاساکانی پێشێل کرد و بەبڕیاری حیزبی پەرلەمان و دامەزراوە شەرعییەکانی پەکخست، هەر کاتێک پارتی ئەو دۆخەی ئاسایی کردەوە، ئێمە گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (400) دووشەممە 2016/3/14



## سوننەکان داوای نوێنەرایەتی لە کوردستان دەکەن

**ڕووداو – هەولێر**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، زیاتر لە مانگێکە دیوانی وەقفی سوونی داوایان پێشکەشکردووە بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتییان لە کوردستان و گوتی "هۆکاری داواکەشیان ئەوەیە ئێستا لە کوردستان زیاتر لە ملیۆنێک ئاوارە دەژین و لەنێویشیاندا مامۆستای ئاینی هەن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ئەوان، هەروەها لەناوچەکانی حکومەتی عێراقیشدا ڕێگە بە چالاکییەکان نادرێت". نەقشبەندی گوتیشی ئەوان وەکو وەزارەت لارییان نییە، بەڵام داواکارییەکەیان پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران هەیە.

بەپێی توێژینەوەیەکی یەکێتی:

# بزووتنەوەی گۆڕان سێ وەزارەت و 30 پۆستی باڵای لە یەکێتی بردووە

## گۆران ئازاد، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان:

### لایەنەکان نەیانتوانی هەیمەنەی پارتی کەمبکەنەوە، پۆستەکانی یەکێتییان برد



## نا هاوسەنگیی دەسەڵات لە نێوان یەکێتی و پارتی

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

"یەکێتی هاتووەتە نێو حکومەتی پارتی، کەچی پارتی غەدر لە یەکێتی دەکات. گۆڕانیش نەیتوانی لە هەیمەنەی پارتی کەم بکاتەوە، لە پشکی یەکێتی پۆستی وەرگرت. یەکێتی خۆشی پۆستەکانی خۆی پێ پڕناکرێتەوە، یەکێک لە گرنگترین پۆستەکانی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پڕ نەکردووەتەوە". ئەمە بەشێکە لە توێژینەوەیەکی وردی گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری دیاری یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان.

گۆران ئازاد توێژینەوەیەکی (20) لاپەڕەیی لەسەر سەنگی حیزبەکەی لەنێو حکومەت و پەرلەماندا ئامادە کردووە و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش وەکو پرۆژەیەک ڕادەستی پارتی کردووە.

### بە پارتی نەوێران

پەرلەمانتارەکەی یەکێتی لەو توێژینەوەیەدا کە کۆپییەکی دراوەتە (ڕووداو) دەڵێت "یەکێتی و حیزبەکانی دیکە هاتوونەتە سەر ئەم حکومەتە کە پارتی بناغەکەی داناوە، بۆیە هەر پۆستێک وەربگرن ناتوانن هەیمەنەیان بەهێزتر بێت لە پارتی لە حکومەتدا، بۆ نموونە ئێستا بەو چوار لایەنە 16 وەزیریان هەیە، کەچی هەیمەنەی پارتی ڕوونە".

پەرلەمانتارەکەی یەکێتی ڕەخنە لە بزووتنەوەی گۆڕان و هەردوو حیزبە ئیسلامییەکە (کۆمەڵ و یەکگرتوو) دەگرێ و دەڵێت: "بەناوی کەمکردنەوەی هەیمەنەی پارتی هاتوونەتە ناو حکومەت، بەڵام لە هەیمەنەی یەکێتییان کەم کردەوە".

لەدوای 2003ەوە پارتی و یەکێتی دەستیانکرد بە تێکەڵکردنەوەی ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی، لە 2005 حکومەتی یەکگرتوو پێکهێنرا و پۆستەکان تاوەکو ئاستی بەڕێوەبەری گشتی لە نێوان ئەو دوو حیزبە 50 بە 50 دابەشکران. گۆران ئازاد دەڵێت "دوای 10 ساڵ، بۆچی هاوسەنگیی یەکێتی لەناو حکومەتدا تێکچووە و لاواز بووە و ئێستا داوای هاوسەنگی لە پارتی دەکات؟"

### ململانێی نێوخۆی یەکێتی

گۆران ئازاد بە وردی باسی هۆکارەکانی ناهاوسەنگی و کەمبوونەوەی پشکی حیزبەکەی و بێدەسەڵاتیی یەکێتی لە بەشێک لە جومگەکانی حکومەت و دەزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا دەکات و سەرەتا ڕەخنە لە خودی یەکێتی دەگرێ کە کەمتەرخەم بووە لە بەهێزکردنی خۆی لەنێو پەرلەمان و حکومەتدا: "بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی کە لە مانگی ئایاری 2014 کرا، پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان پشکی یەکێتی بووە، بەڵام بەهۆی ململانێی ناوخۆی یەکێتی نەتوانرا جێگر وەربگرین، دواتر گۆڕا بۆ سکرتێری پەرلەمان، تاوەکو ئەم ساتەش یەکێتی نەیتوانی ئەم پۆستە پڕبکاتەوە، ئەویش بەهەمان هۆکار".

گۆران ئازاد باسی بێدەسەڵاتیی حیزبەکەی دەکات لە پەرلەمانی کوردستان و دەڵێت "یەکێتی لە پەرلەمان شەش بەڕێوەبەری بەش و یەک بەڕێوەبەری گشتیی هەبووە، بەڵام کاتێ بزووتنەوەی گۆڕان سەرۆکایەتی پەرلەمانیان وەرگرت، بەڕێوەبەری گشتی لە یەکێتی ستاند و سێ بەڕێوەبەری بەشی لە یەکێتی وەرگرتەوە، سێ کەسیش بە پلەی ڕاوێژکار لە گۆڕان کرانە لێپرسراوی بەش.

کەواتە لاوازیی یەکێتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهۆی نەبوونی بڕیار بووە بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی و مەکتەبی سیاسیش بەرگری لە کادیر و پۆستەکانی نەکردووە".

ئەو پەرلەمانتارە ڕوو لە حیزبەکەی دەکات و دەڵێت "یەکێتی پێویستی بە یەکخستن و یەک گوتاریی هەیە، پێش ئەوەی هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ هەر لایەنێک بکات یان ڕەخنە لە هەر لایەنێک بگرێ". گوتیشی "ئەگەر ئەوە نەکات، ئەوکات هەر ڕێککەوتنێک بکرێ و ئەگەر تەواوی مافەکانیشی وەربگرێ، دواتر بەهۆی دۆخی یەکێتی کاریگەری لەسەر تێکچوونی هاوسەنگییەکە دەبێ".

گوران ئازاد باسی هۆکاری خستنەڕووی ئەم توێژینەوەیە دەکات بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی "ئەگەر یەکێتی بەپێی 18 کورسی پەرلەمان داوای مافی خۆی بکات، دەبێ هەر بایی 18 کورسی ئەرک بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر بەپێی 18 کورسی نەبێ، یەکێتی حیسابی مێژوو و پێگەی خۆی بکات، دەبێ ئەرکی گەورە هەڵبگرێ".

### پۆستە بەتاڵەکانی یەکێتی لە حکومەتدا

بەشی دووەمی توێژینەوەکەی پەرلەمانتارەکەی یەکێتی کە لە خولی پێشووشدا ئەندامی پەرلەمان بووە، باسی سەنگی یەکێتی دەکات لە حکومەتدا و پێیوایە بەشداریی گۆڕان لە حکومەتدا هۆکارێکی سەرەکیی لاوازبوونی پێگەی یەکێتی بووە لە حکومەتدا "یەکێتی هەر لە کابینەکانی پێشوو تاوەکو ئەمڕۆ چەندین پۆستی بەتاڵی هەبووە لەنێو حکومەتدا، لەکاتێکدا دەیان سیقی لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کەوتوون، ژمارەی ئەو پۆستانەی بەتاڵن و پشکی یەکێتین 10 بەڕێوەبەری گشتی، 5 ڕاوێژکار، 3 جێگری وەزیرن". تەنانەت هەندێ لە پۆستە بەتاڵەکانی یەکێتی وەک گۆران ئازاد دەڵێت "دوای هاتنیان بۆ نێو حکومەت گۆڕان پڕیانکردوونەتەوە".

هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان ڕەخنەیان لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان هەیە و بە پرۆسەیەکی نا "شەفاف" نێوی دەبەن، بەڵام لەو توێژینەوەیەدا گۆران ئازاد ڕەخنە لە حیزبەکەی خۆی دەگرێ کە یەکێک لە گرنگترین پۆستەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی تاوەکو ئێستا پڕنەکردووەتەوە "پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی هونەری چەند ساڵێکە بەتاڵە، تا ئێستا بریکاری وەزیر بەڕێوەی دەبات، لە کاتێکدا گلەیی یەکێتی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەهۆی ناڕوونییە، بەڵام گرنگترین پۆستی ئەو وەزارەتەی پڕ نەکردووەتەوە".

پەرلەمانتارەکە پێیوایە "خودی یەکێتی هۆکاری بەشێک لە تێکچوونی ئەم هاوسەنگییەیە لە حکومەت بەهۆی پڕنەکردنەوەی پۆستەکانی کە چەند ساڵە بە بەتاڵی ماونەتەوە".

### هەیمەنەی پارتی و پەلاماردانی یەکێتی

ڕۆژی 2013/9/21 هەڵبژاردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، پارتی 38 کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا و بووە هێزی یەکەم، گۆڕان 24 کورسی، یەکێتی 18، یەکگرتوو 10 کورسی و کۆمەڵی ئیسلامیش 6 کورسی و ئەم پێنج لایەنە گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان.

پێش دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی پێکهێنانی ئەو کابینەیەی حکومەت، هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان هێزی دووەم بوو، بەڵام شاندی پارتی سەردانی یەکێتی کرد بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەوان. ئەوکات نێچیرڤان بارزانی پرسیاری ئەوەی لە یەکێتی کرد کە ئایا دەیانەوێ بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری حکومەت بێت؟ شاندی یەکێتیش بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە و ئەم وەڵامە بووە هۆی ئەوەی پارتی و گۆڕان لە ڕۆژی 17ی نیسانی 2014 ڕێککەوتنێک واژۆ بکەن.

گۆران ئازاد لە ڕاپۆرتەکەدا دەڵێت "یەکێتی کاری بۆ بەشداریی هەموو لایەنەکان کرد بە گوێرەی قورسایی خۆیان، بۆیە یەکێتی بەشێک لە پۆستەکانی لەدەست دا، بەڵام هەموو لایەنەکان لە 50%ی پشکی یەکێتی پۆستیان وەرگرت لە ئاستی باڵاوە تاوەکو بەڕێوەبەر، کەچی 50%ی پۆستەکانی پارتی وەک خۆی مایەوە و کەس دەستی بۆ نەبرد".

باسی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات کە بەشێکی پشکی یەکێتی بردووە. ئەویش سەرۆکی دەستەی ژینگە کە پشکی یەکێتی بوو. گۆران ئازاد دەڵێت "بەگوێرەی یاسا پلەی سەرۆکەکەی لەخوار وەزیرە، بەڵام بە ڕێککەوتنی پارتی لەگەڵ کۆمەڵ وەزیرێکی هەرێم بۆ ئەم دەستەیە دانرا. هەروەها کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان درا بە پارتی و سکرتێری پەرلەمان پشکی یەکێتی بوو، بەهۆی پڕنەکردنەوەی لەلایەن یەکێتی، درا بە کۆمەڵ".

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش لەو کابینەیەی حکومەتدا دوو وەزارەتیان هەیە. وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە لە کابینەکانی شەش و حەوت لای یەکێتی بووە، ئێستا لای یەکگرتووە.

بەڵام بەبڕوای گۆران ئازاد، بزووتنەوەی گۆڕان زۆرترین پۆستی یەکێتی بردووە "بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان، سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی پێشمەرگە، دارایی، دەستەی وەبەرهێنان، هەروەها وەزیری ناوخۆ جێگری هەبوو، جێگرێکی بۆ گۆڕان دانا.

وەزیری ڕۆشنبیری لای یەکێتییە، بەڵام بەبێ ڕەزامەندی وەزیر، پارتی دوو جێگری بۆ دانا، یەک بۆ پارتی و یەک بۆ گۆڕان، هەروەها جێگرێک لە پەیوەندییەکانی دەرەوە درایە گۆڕان".

کەواتە بە یەکگرتوو، کۆمەڵ و گۆڕان لەو کابینەیەدا ئەم پۆستانەیان وەرگرتووەتە: لە پارتی یەک وەزیر و یەک بەڕێوەبەری گشتی. لە تورکمان وەزارەتێک. لە یەکێتی چوار وەزارەت و دوو دەستە. لە سۆسیالیست وەزارەتێک. لە زەحمەتکێشان وەزارەتێک. هەروەها لە پشکی ئاشوورییەکانیش وەزارەتێکیان بە وەکالەت بردووە.

پەرلەمانتارەکەی یەکێتی دەڵێت "پۆستەکانی یەکێتی و حیزبەکانی دیکە دابەشکراوە بەسەر گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوودا، لەبەرامبەردا 50%ی پۆستەکانی پارتی وەک خۆی ماوەتەوە". بەشێک لە هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ دابەزینی ژمارەی کورسییەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی 2013/9/21.

گۆران ئازاد هەڵوەستە لەسەر پۆستەکانی گۆڕان دەکات و دەڵێت "بزووتنەوەی گۆڕان نەک لەسەر وەرگرتنی وەزیرەکانی یەکێتی نەوەستاوە، بەڵکو لەسەر ئاستی بەڕێوەبەر، بزووتنەوەی گۆڕان 16 بەڕێوەبەری گۆڕیوە یان پۆستەکانیان پڕکراوەتەوە، کە لەوانە 14یان بەشی یەکێتی بوون و یەک تورکمان و یەک پارتی بووە".

بە گوتەی گۆران ئازاد 3 وەزیر، 14 بەڕێوەبەری گشتی و 16 بەڕێوەبەر کە لە کابینەی پێشووتردا لەلای یەکێتی بوون، لەو کابینەیەدا دراون بە بزووتنەوەی گۆڕان.

### یەکێتی و وەزارەتی پێشمەرگە

لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێ، پارتی و یەکێتی ڕێککەوتبوون کە وەزارەتی پێشمەرگە بدرێتە گۆڕان و جێگری وەزیری پێشمەرگەش بدرێتە یەکێتی، گۆران ئازاد دەڵێت "یەکێتی ناوی کاندیدەکەی پێشکەش کرد، بەڵام بەهۆی ڕەزامەندنەبوونی پارتی لەسەر کاندیدەکەی یەکێتی، نەتوانرا جێگری وەزیری پێشمەرگە دابنرێت و تاوەکو ئێستاش ئەو پۆستە هەروا ماوەتەوە".

گۆران ئازاد لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە و ناهاوسەنگییەکانی ئەم وەزارەتە لە دوای پێکهێنانی کابینەی حکومەت وردتر دەبێتەوە کە وەزیرەکەی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە و دەڵێ "ئەم وەزارەتە بەردەوام لەلای یەکێتی بووە، دواتر دراوە بە گۆڕان".

گۆران ئازاد دامەزراندنی پێشمەرگە لەو وەزارەتە بەنموونە دێنێتەوە و دەڵێت "وەزیری پێشمەرگە، مستەفا سەید قادر بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، ڕاستەوخۆ پێشمەرگەی دامەزراندووە". بەشێوەیەک وەک پەرلەمانتارەکە ئامارەکان دەخاتەڕوو "وەزارەتی پێشمەرگە چوار هەزار و 759 کەسی دامەزراندووە، لەو ژمارەیە چوار هەزار و 57 پێشمەرگەی پارتین، بەڵام تەنیا 702 پێشمەرگەی یەکێتی و 400 کەسیشی بەناوی گەڕانەوەی سزادراوی سیاسی بۆ گۆڕان دامەزراندووە".

هەروەها ڕەخنە لە بەرپرسانی یەکێتی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەگرێت و دەڵێت "لە 2010ەوە تاوەکو ئێستا کە وەزیری پێشمەرگە تا پێش کابینەی هەشتەم یەکێتی بووە، ئەمینداری وەزارەت تاوەکو ئێستاش هەر یەکێتییە، جگە لەوەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هێزی پێشمەرگە یەکێتییە، کەچی لە هێزەکانی 70 کە هێزی یەکێتین و هێشتا تێکەڵ نەکراون، لەنێو هێزی وەزارەتی پێشمەرگە 7756 کەس پلەی بەرزکراوەتەوە، بەڵام هێزەکانی 80 کە سەر بە پارتین 17 هەزار و 788 کەس پلەیان بەرزکراوەتەوە".

### یەکێتی و وەزارەتی دارایی

پەرلەمانتارەکە باسی بێدەسەڵاتیی یەکێتی دەکات لە وەزارەتی دارایی، سەرباری ئەوەی وەزیری ئەو وەزارەتە تاوەکو پێش پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لای یەکێتی بووە. گۆران ئازاد دەڵێت "لەو وەزارەتەش لەگەڵ پارتی تەنیا لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرە گشتییەکان هاوسەنگی هەبوو، بەڵام بەڕێوەبەرەکان کە کاری سەرەکی لای ئەوانە، هەموو لای پارتی بوو، چونکە یەکێتی تێکەڵ بە حکومەتەکەی پارتی بووە".

پەرلەمانتارەکە لەو بارەیەوە نموونەی هێناوەتەوە "تەنیا لە وەزارەتی دارایی لە کۆی 84 بەڕێوەبەر، یەک بەڕێوەبەر یەکێتییە و 83یەکەی دیکە پارتین".

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە گۆران ئازاد پێیوایە "گۆڕان پۆستەکانی یەکێتی پڕکردووەتەوە و پارتیش غەدری لە یەکێتی کردووە". بۆیە دەڵێت: "دەبێ یەکێتی پەلە بکات لە پڕکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکانی و دەبێ مەکتەبی سیاسی ئەوەندەی شەڕی داهاتی نەوت دەکات کە گرنگە، نیو ئەوەندەش شەڕی ناهاوسەنگیی ناو حکومەت بکات".

### پۆستەکانی ئێستای یەکێتی لە حکومەتدا:

- 5 وەزیر
- 72 بەڕێوەبەری گشتی
- 41 ڕاوێژکار
- 9 بریکاری وەزیر

### پۆستە بەتاڵەکانی یەکێتی لە حکومەت

- ڕاوێژکارێک لە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.
- بەڕێوەبەری گشتیی هونەری لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان.
- ڕاوژێکارێک لە وەزارەتی کارەبا.
- بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتگوزاری لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزشی کە گۆڕان پڕی کردووەتەوە
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناسازی، لە وەزارەتی پەروەردە ئەویش گۆڕان پڕی کردووەتەوە.
- جێگری سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە
- بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری
- ڕاوێژکارێک لە وەزارەتی دارایی و ئابووری
- ڕاوێژکارێک لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
- بەڕێوەبەری گشتی ڤێرترنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ
- ڕاوێژکارێک لە وەزارەتی کشتوکاڵ.
- بەڕێوەبەری گشتی پشکنین لە وەزارەتی ئەوقاف.
- جێگری وەزیری پێشمەرگە بەهۆی ململانێی نێوخۆی یەکێتی یەکلایی نەبووتەوە
- بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و جێگرەکەی لە دەستەی گشتی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
- بەڕێوەبەری گشتیی شار و شارۆچکە پیشەسازییەکان لە دەستەی وەبەرهێنان
- بەڕێوەبەری گشتی لێکۆڵینەوە و زانیارییەکان لە دەستەی وەبەرهێنان.

## نادیه موراد بۆ (رووداو):

# رزگارکردنی کچانی ئێزدی، زۆر له خه‌ڵاتی نۆبڵ گه‌وره‌تره



نادیـه مـوراد، کچـه کـوردی ئێزدیـی رزگاربـووی له دەسـتی چەکدارانـی داعـش، یەکێکـە لە کاندیداکانـی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشـتیی نۆبڵ و پشـتگیرییەکی بەهێـزی هەیە بـۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە. ئـەو کچـە وڵات بە وڵات دەگەڕێت و هـاوار دەکات: "داعش بوەسـتێنن"، چونکە ئـەو پێیوایە ئـەو گرووپە چەکدارە مەترسـییە لەسـەر هەموو مرۆڤایەتی. نادیە مـوراد کـە ئێسـتا لـە ئەڵمانیا پەنابەرە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تـۆڕی میدیایـی رووداو) دەڵێت بەهـۆی موحاسـەبەنەکردنی ئـەو فەرماندانەی لە سـێی ئابی 2014دا شـنگالیان چـۆڵ کـرد، کەلێنێکی گەورە لـە نێوان ئەوان و حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دروست بووەو دەشـڵێت تاوەکو لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو فەرماندانە نەکرێ و ناوچەکانیان بە تەواوی لە داعش پاک نەکرێتەوە، ناگەڕێتەوە کوردستان.

هه‌ڤپه‌یڤین: ئالاّ شاڵی
رووداو- به‌رلین

**هەر کاتێک ئەوانەی ئێمەیان جێهێشت موحاسەبە کران، دەگەڕێمەوە کوردستان**

**شنگال لەبەر ململانێی سیاسی رزگار کرا نەک لەبەر خاتری شەرەفی ئێزدیان**

**رووداو: ئێـوە سـەر بـە خێزانێکـی کوردی ئێـزدی گوندی کۆچۆن. بـە وتارەکەت لە 17ی کانوونی دووەمی 2015 لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتـی، کۆمەڵکوژیی ئەو گوندە و کوردی ئێزدیـت گەیاندە گەورەترین ناوەندی سیاسـیی جیهـان، ئەو رۆژەی گوتارەکەت پێشـکەش کرد چ هەستێکت هەبوو؟**

**نادیه موراد:** ئەوەی من گەیاندمە ئەنجوومەنی ئاسـایش و وڵاتانی دیکە، ئەو کارەساتانە بوون کە داعش بەسـەر کچ و ژنی کوردی ئێزدی هێنا و مـن بەچـاوی خـۆم بینیبوومن. هـاواری من لـەو شـوێنانە تەنیا بۆ گەلەکـەم نەبوو، بەڵکو مەبەستم بوو بە جیهان بڵێم کار بۆ هەموو ئەوانە بکەن کە بوونەتە قوربانیی دەسـتی داعش. من وا هەسـت دەکەم هەتا ئێسـتا بـە ئامانجەکەم نەگەیشـتووم، کارێکـم نەکردووە بـۆ ئەو پیر و گەنجانەی کەوتوونەتە دەستی داعش. ئەوەی من مەبەستم بوو بیگەیەنم ئەوە بوو کە داعش دژی مرۆڤایەتییـە، دژی ژنان و منداڵانە، دژی هەموو ئاینێکە.

ئـەوەی من لـەوێ گوتم ئەوەبـوو کە داعش مەترسییە لەسەر هەموو مرۆڤایەتی، بەر لە ئێمە چەندین کەسـی دیکە بوونەتە قوربانیی دەستی داعش، لە سووریا لە فەرەنسا خەڵکی بێتاوانیان کوشـت. من دەمـەوێ مرۆڤایەتی فریـای ئێمە بکەوێت، چونکە ئەوەی ئێمە بینیمان خەیاڵمان نەدەکـرد. ئـەوان کاتێـک هاتنـە سـەر ئێمە، پیاوەکانیان کوشـتن و ژن و منداڵەکانیان بردین و دەستدرێژییان کردە سەریان. هەموو ئەوانەیان بەناوی ئیسـلامەوە کرد و دەیانگوت شـەریعەت جێبەجـێ دەکەیـن، ئێمەیـان ناچـار دەکـرد شـایەتمان بهێنین. من لە وڵاتانی عەرەبیش ئەو قسـەیەم کرد و لێرەش روو لەو گەنجانە دەکەم کە کار لەگەڵ داعش دەکەن، پێیاندەڵێم ئەوەی داعش دەیکات پەیوەندی بە هیچ دینێکەوە نییە. ئێمـە زوڵمێکی زۆر گەورەمان لێکرا، بەڵام کەس فریامان نەکەوت، داعش بە هەزاران کچی ئێمەی لە بارەگاکانی بێ جلوبەرگ کرد و شتی پیسیان لەگەڵ کردین، ئێمەیان فرۆشت، بە کرێیان داین. منداڵەکانمان سـاڵ و نیوێکە لە سـەربازگەکانی ئەوانـدان. مـن کە قسـە بـۆ تۆ دەکـەم ئەگەر نەتوانی بە کردار هیچم بۆ بکەی، دەبێ قسەیەک بکـەی، بـەڵام بەداخـەوە تا ئێسـتا هیچیان بۆ نەکردووین.

**رووداو: بـەڵام تـۆ کارێکـی گـەورەت کـرد، ئـەو زوڵم و زۆرداریيەی بە چـاوی خۆت بینیت گەیاندتە جیهان.**

**نادیـە مـوراد:** راسـتە، من نەمویسـت هیچ شـتێک بشـارمەوە، چونکە ئەوەی بەسەر ئێمە هـات ناحەقی بـوو. گەلی ئێمە نـە نزیکی هیچ حیزبێـک بوو نـە نزیکی هیـچ حکومەتێک بوو، ئێمـە پەیوەندیمـان بـە هیچ شـتێکەوە نەبوو. کاتێـک داعـش هات هیچـی پێنەگوتیـن، تەنیا گوتی ئێوە ئێزدین بۆیە هاتووین بۆ گیانی ئێوە. من هەر شـتێکم بینیبێ نەک لە گوندەکەی خۆم کۆچۆ، لە هەر ماڵێک کە کچێک و ژنێکی ساخی تێدابێ و بردرابێ باسی دەکەم، بەڵام کاتێک هیچ شـتێکمان بۆ ناکەن، بەراسـتی ئەوە زۆر ئازارم دەدات. داعـش پێیدەگوتیـن ئێوە کافرن، دەبێ بکرێنـە سـەبایا. کاتێک داعش وای بەسـەر من هێنا و من لە شـوێنان ئەو بەسەرهاتە بگێڕمەوە و هیچم بۆ نەکرێت، من ئەوکات دووجار دەمرم.

**رووداو: کە لە دەست داعش راتکرد لە مووسڵ چوویتە ماڵێکی عەرەب، مامەڵەی ئەو ماڵە هیچ شتێکی لەلای تۆ گۆڕی کە لەکاتی چەوساندنەوە و زوڵـم و دەسـتدرێژییەکانی چەکدارانی داعش لەلای تۆ دروست ببوو؟**

**نادیە موراد:** راستە ئەو ماڵە عەرەبە یارمەتی منیـان دا، بـەڵام کاتێک داعش هاتە سـەرمان، زۆر لـە ماڵە عەرەبەکانی دەوروبەرمان، تەنانەت موسڵمانە کوردەکانی نێو شنگالیش پەیوەندییان بە داعشـەوە کـرد. هەندێک لەو موسـڵمانانەی کـە دراوسـێمان بوون، بوونە داعـش. من ناڵێم هەموو موسڵمانێک داعشە. زۆربەی ئەوانەی ئێمە بینیمان خەڵکی مووسـڵ بوون. کاتێک ئێمەیان

## متمانەم بە حکومەت و سیاسەتی کوردی نەماوە

## هەموو دەڵێن داعش تاوانی لە دژی ئێوە کردووە، بەڵام بە کردار ناجوڵێن

لـە گوند بردە سـۆلاغ، لەوێشـەوە بردیانین بۆ مووسـڵ، ئەو داعشـانەی لەنێو پاسـەکە بوون، خەڵکی تەلەعفەر بوون و بە تورکمانی قسـەیان دەکرد. ئێمـە متمانەمان بەوان نەما. متمانەمان بە زۆر کەس نەما، متمانەمان بەو کەسـانە نەما کە دڵنیابووین لەوەی پارێزگاری لە ئێمە دەکەن.

رۆژی سـێی مانـگ مـن لـە خـەودا بـووم، دایکم خەبـەری کردمەوە و گوتـی داعش لەنێو شـنگالە. پیاوەکانی گوند چوونە لای هێزەکانی پێشـمەرگە، ئـەوان گوتیان هیچ شـتێک نییە. بەرپرسـانی شـنگال بـە شـەو رۆیشـتن، ئێمە متمانەمـان بەوانیش نەما. کاتێـک داعش هاتە گوندەکەمـان کەس نەهـات یارمەتیمـان بدات. رۆژی سـێی مانـگ تاوەکـو 15ی مانگ ئێمە لە گوند گەمارۆ درابووین. پیاوەکانمان بە تەلەفۆن پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو. هەتا رۆژی 15ی مانگ ئێمەیـان لە قوتابخانەی گوند کۆکردەوە، کاتێک زەلامەکانیان جیاکردنـەوە بۆ ئەوەی بیانکوژن، گوێمان لە دەنگی ئـەو گوللانە بوو کە ئەوانیان پێ دەکوشتن، بەڵام واماندەزانی ئەوە هێزەکانی پێشمەرگەن و هاتوون ئێمە رزگار بکەن. چونکە ئێمە بـەردەوام لە پەیوەندیـدا بووین بۆ ئەوەی یارمەتیمـان بدەن، بەڵام ئێمە بە تەنیا ماینەوە. ئێمـە قـەت لـەو بـاوەڕەدا نەبوویـن بـە تەنیا بمێنینەوە. ئێمە بەوەش رازی بووین، بەڵام ئەوە سـاڵ و نیوێکە دایکی شـەهیدان، خوشـکی برا کـوژراو، منداڵی بێ دایک و بـاوک، کچی پازدە و شـازدە سـاڵ کە داعـش دەسـتدرێژیی کردە سـەریان، بە هیوای ئـەوەن حکومەتی هەرێمی کوردستان موحاسەبەی ئەو بەرپرسانە بکات کە شنگالیان چۆڵ کرد. دوای رزگاربوونم لە دەستی داعـش زۆر هەڤاڵی کوردم ناسـین، ئەوان هاتنە کەمپـەکان و جلی خۆیان بۆ هێنایـن، خواردنیان بـۆ هێنایـن، ماڵەکان کولیچەیان دروسـت کرد و بـۆ ئێمەیان هێنـا. گەلی کورد لە زاخۆ و دهۆک و سـلێمانی دڵی خۆیـان بۆ ئێمە کردەوە. ماڵی خۆیان بۆ ئێمە واڵا کرد.

**رووداو: ئێستا چۆن بیر لە رۆژی کۆکردنەوەتان لـە قوتابخانەی گونـد و کوشـتنی 6 براکەت و خەڵکی گوندەکەت دەکەیتەوە، ئەوە ژیانی تۆی چی لێکردووە؟**

**نادیـە موراد:** رۆژێکی زۆر زەحمەت بوو، هەر سـەعاتێک شـتێکیان لێدەکردیـن. رۆژێکی زۆر گـەرم بوو. کاتی نیـوەڕۆ بوو، چەند رۆژێک بوو گەمارۆ درابووین، نەماندەتوانی ئاویش بخۆینەوە. لـەو رۆژە گەرمەدا کە پیاوەکانی گوند هەموویان تینـوو و برسـی بوون، لـە ئێمـە جیاکرانەوە. کاتێک ئێمەیان بردە قوتابخانە من لە تەنیشـت بـرا گەورەکەم دەڕۆیشـتم. پێش ئـەوەی بچینە نێو قوتابخانەکە، حەفارە و شـۆفڵەکانی ئەوانم بینی لە دامێنی گوند راگیرابوون. ترسێکم کەوتە دڵ، بـە براکەمـم گـوت ئەو شـۆفڵ و حەفارانە لێـرە چـی دەکەن؟ گوتی رەنگە بـۆ کردنەوە و گرتنـی رێـگاکان لەوێ بن، بەڵام ئەو شـۆفڵانە بـۆ ئەوە هێنرابـوون کاتێک پیـاوەکان دەکوژن بەو ئامێرانە خۆڵیان بەسـەردا بکەن. کە داخڵی قوتابخانـە کراین، براکانم نەدیتنەوە، زۆر منداڵم بینین دەستی باوکی خۆیان گرتبوو، چەکدارەکان منداڵەکانیـان جیاکردنـەوە و هێنایانـن بۆ نێو قوتابخانەکـە. براکانـی منیـش وەکـو خەڵکی دیکـە کوژران، من شـەش برام کـوژران، خێزان هەبـوو نۆ منداڵیـان کوژرا. ئەوەی بـۆ من زۆر زەحمەت بوو ئەوە بوو کە من لە هەموو خوشک و براکانـم بچووکتـر بـووم. زۆر زەحمەتە تۆ بە جارێ لەناکاو شـەش برات بکوژرێن. ئێسـتاش ژیانی ئێمە بەبێ ئـەوان ژیانێکی زۆر زەحمەتە. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە تاوەکو ئێستاش گوندەکـەی ئێمـە هەر لە دەسـتی داعشـدایە، نازانین ئێسـک و پروسـکی ئەوان ماون یان نا. برایەکـم سـەرباز بـوو مانگـی 10 رۆژ لە دەوام

## پێویستم بەوە نییە بۆم بگرین یان پێم بڵێن پاڵەوان

## هەتا ئێستا منداڵێکی ئێزدی لەڕێی ئۆپەراسیۆنی سەربازییەوە رزگار نەکراوە

بوو، زۆر شـەوان بیر لـەوە دەکەمەوە کە نابێت ئـەوان بەبێ ئەوەی هیچ گوناهیان کردبێ، تەنیا لەبـەر ئـەوەی ئێزدین بکوژرێـن. زۆرجار وا بیر دەکەمـەوە براکەم لە ژیاندا مـاوە و لە دەوامە. ئـەوەی بەسـەر ئێمەدا هـات تەنیا لەبـەر ئەوە بـوو کە ئێمـە ئێزدیـن. داعشـەکان دەیانگوت ئێمـە هاتووین هیچ پیاوێکی ئێـزدی نەهێڵین و ژن و منداڵەکانیـان ببەیـن. ژمارەیەکـی زۆر لە پیاوانی ئێـزدی کوژران. ژمارەیەکی زۆریشـیان ژن و کچەکانیان هێشتا لە بندەستی داعشدان و دەزانن داعش چییان لێدەکات، بە هەزاران منداڵ چاوەڕێی گەڕانەوەی دایکیان دەکەن. بە هەزاران دایک چاوەڕێی بینینەوەی منداڵەکانیان دەکەن. بەداخەوە ئەوەی کە ئێمە پشـتمان پێدەبەسـت هیچـی بـۆ نەکردین، هەتاوەکو ئێسـتا سـاڵ و نیوێکـە منداڵێـک لە رێگـەی ئۆپەراسـیۆنێکی سەربازییەوە رزگار نەکراوە.

**رووداو: لـە گوتارەکەتـدا لـە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی گوتت کـە گوندەکەتان خۆش بوو و بە خۆشـی دەژیان، هەر بەڕاسـتی خێزانێکی بەختەوەر و ژیانێکی خۆشـتان هەبوو پێش هاتنی داعش، دەتوانی کەمێک باسـی ئەو کاتەمان بۆ بکەی؟**

**نادیه موراد:** پێش هاتنی داعش ژیانێکی زۆر سـادەمان هەبوو، ژیانی زۆربەی گوندی ئێزدیان وەکـو یەک بـوو. خەریکی کاری کشـتوکاڵی و ئاژەڵـداری بوویـن. وەکو هـەر منداڵێکی گوند چوومەتـە قوتابخانـە. ژیانێکمـان هەبـوو زۆر لێـی رازی بووین. خۆزگە بە ژیانـی رابردوومان دەخوازین.

**رووداو: چ شـتێک کـە داعـش بەرامبەر تۆ کردی، هەرگیز لە بیری ناکەی؟**

**نادیـە موراد:** داعش هەر شـتێکی بەرامبەر ئێمـە کـرد ناخۆش بـوو. ئێمە شـایەنی ئەوە نەبوویـن بکەوینـە نێـو ئـەو تاوانبارانـە و دەستدرێژیمان بکرێتە سەر. هەموو خولەکێکم لـەلای داعـش ناخۆش و زەحمەت بـوو، بەڵام شـتی زۆر زەحمەت، ئەوەی منی زۆر ترسـاند یەکـەم رۆژ بوو کە ئێمەیان سـواری پاس کرد و دەسـتیان لێدەدایـن، زۆر لـەوە پیسـتریان کرد، بەڵام ئەو سـاتانەی لەنێو پاسدا بووین و دەیانبردین بۆ مووسڵ زۆر ترساین.

**رووداو: تـۆ بـەردەوام دەڵێیـت ئەوەمـان بـۆ نەکراوە کـە چاوەڕێمـان دەکـرد. کاتێک لـە ئەنجوومەنـی ئاسـایش نوێنـەری چەنـد دەوڵەتێک بەهـۆی وتارەکەتەوە دڵتەنگ بوون و گریان، هەسـت دەکـەی جیهان ئەرکی خۆی بەجێگەیانـدووە بەرامبـەر کـوردی ئێـزدی و قوربانیانی داعش بەگشتی؟**

**نادیە موراد:** کاتێک من شـایەتیی خۆم دا، مـن پێویسـتم بە گریـان نییە، یان پێویسـتم بـە کەسـێک نییە پێم بڵێـت تـۆ پاڵەوانی و خۆڕاگـری. مـن داوا دەکەم شـتێک بکرێ ئەو کێشەیە چارەسـەر بکرێ، داعش بوەستێنرێ. ئەو ژن و زارۆکانەی لەبندەستی داعشدان رزگار بکرێن.

**رووداو: لـەو ماوەیـەدا چەنـد سـەرۆک و بەرپرسـێکی گەورەی وڵاتانـی جیهانت بینین، زیاتر پێداگیریت لەسەر چ خاڵێک دەکرد؟**

**نادیـە موراد:** داواکاریم لە وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپـی ئەوە بـوو کۆتایی بە داعش بهێنرێ، چونکە مەترسییە بۆ سەر هەموو کەسێک. ئەو ژنانـەی لەلای داعش ماون رزگار بکرێن. چیدی رێگە بە گەنجان نەدرێ پەیوەندی بە داعشەوە بکـەن. ئەوەی بەسـەر ئێزدیان هاتـووە وەکو جینۆساید بناسێنرێ.

**رووداو: قسـەکان و بەڵێنی کام سـەرکردە و بەرپرس لە جیهاندا کە قسـەی بۆ دەکردی، زیاتری هەمووان بۆ بەڕێزتان کاریگەر بوو؟**

**نادیـە مـوراد:** هەموویان قسـەی باشـیان دەکرد و دەیانگوت دژی داعشین، داعش تاوانی دژی ئێـوە کـردووە، بەڵام بە کردار تا ئێسـتا نەجـوڵاون. ئەوانەی من لێم داواکردن، هیچیان جێبەجـێ نەکـردووە. بەڵام من کـۆڵ نادەم و بەردەوام دەبم لەسەر داواکارییەکانم.

**رووداو: ئێزدی بەشـێکن لە کورد، بەڵام کە تەماشـای دەقـی وتارەکەتم کرد نـاوی کوردم نەبینی، بۆچی؟ ئایا لە کورد تووڕەی؟**

**نادیـە موراد:** من خـۆم دوور لە گەلی کورد نابینم، بەڵام وەکو حکومەت و وەکو سیاسەتی کوردی متمانەم بەوان نەما، چونکە هەتا ئێستا هیچیـان بـۆ ئێمە نەکردووە، بە سـەتان کچی شـەهید و دایکـی شـەهید هەن، هەتا ئێسـتا قسەیان لەگەڵ کەسیان نەکردووە. سەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان هـەر هەفتەیـەک دوای داگیرکردنی شـنگال رایگەیاند کە موحاسەبەی

## ئەو داعشانەی ئێمەیان برد خەڵکی تەلەعفەر بوون و بە تورکمانی قسەیان دەکرد

## زۆربەی موسوڵمانەکانی شنگال بوونە داعش

ئەو کەسانە دەکەن کە شنگالیان چۆڵ کرد، بەڵام هیچیان نەکرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەلێنێک لە نێوان ئێمە و ئەوان دروست ببێ.

**رووداو: دەتـەوێ کـوردی ئێـزدی ئێسـتا بەتایبەتی چی بکەن؟**

**نادیـە مـوراد:** میللەتی ئێـزدی رۆژ بە رۆژ لەناودەچـن، هەندێکیـان هێشـتا لـە گۆڕە بە کۆمەڵەکانـدان. بـە هەزارانیـان لـە دەسـتی داعشـدا ماون. هەندێکیان لە بێچارەیی روویان لـە ئەورووپـا کـرد. هەندێکیان لـە کەمپەکان بەبـێ خاوەن مـاون. ئەوەی ئێمـە دەمانەوێت یارمەتیدانمانە. دۆسـیەی ئێمە بە جینۆسـاید بناسـێنرێ. زێـدی ئێمـە ئازاد بکـرێ و دواتر ناوچەکانـی ئێمە لەلایـەن گەنجانی ئێزدییەوە بپارێـزرێ. فەرمانگەکانـی شـنگال لەلایـەن ئێزدییەکانەوە بەڕێوەببرێن.

لێـرەدا دەمەوێت بڵێم ئەو ناوچانەشـی کە ئازاد کراون لەبەر خاتری شـەرەفی ئێزدییەکان ئازاد نەکـراون، بەڵکو ئازادکردنێکی سیاسـی بـووە، چونکـە هـەر هێـزە و ئالایەکـی خۆی لـەو ناوچانەدا داچەقاندووە. ئەو شـەڕەی من دەیبینـم لەبەر خاتری ئێمە نییە، بەڵکو لەبەر خاتـری ئالاکانـە. ئەو شـتە زیاتـر دڵی ئێمە بریندار دەکات. برینی ئێمە قووڵتر دەکاتەوە.

**رووداو: ئێسـتا تـۆ لـە ئەڵمانیـا دەژی، بەشـێکی زۆری کـوردی ئێـزدی هاتوونەتـە ئەورووپا و لەوانەیە بەشـێکی دیکەش بیانەوێت بێن بۆ ئەورووپا، تۆ پێت باشـە کوردی ئێزدی بمێننەوە لە کوردستان یاخود بێنە ئەورووپا؟**

**نادیه موراد:** من بە میللەتی خۆم ناڵێم زێدی خۆتـان جێمەهێڵـن، من نامەوێـت خێزانەکەم بگەڕێنمـەوە شـوێنێک کـە دووبـارە داگیـر بکرێتەوە، چونکە من هیچ متمانەم بەو کەسانە نەمـاوە کە ئێمەیان دەپاراسـت. هـەر کاتێک ئەوانەی ئێمەیان جێهێشـت موحاسـەبە کران، ئەوکات منیش دەگەڕێمەوە.

**رووداو: چ هەسـتێکت هەبـوو کـە بینیـت دەڤەری شنگال لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرایەوە؟**

**نادیه موراد:** شنگال هێشتا بە تەواوی ئازاد نەکـراوە، ئێمە دەمانەوێت هەموو شـوێنەکان ئازاد بکرێن. هەر کەسێک بە چەک یان بە قسە کار بۆ وەسـتاندنی داعش بکات، من پشتگیری دەکەم. ئەرکی پێشـمەرگە و هێزەکانی عێراقە کە ناوچەکانمان بە تەواوی لەبندەسـتی داعش رزگار بکـەن. بـۆ مـن جێـی دڵخۆشـییە ئەو فەرماندانە موحاسەبە بکرێن کە شنگالیان چۆڵ کرد و ئێمەیان جێهێشت.

**رووداو: چـۆن دەڕوانییـە هەوڵەکانـی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بۆ بەجینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیی کوردی ئێزدی، ئایا ئەو هەوڵانە بەپێی پێویستن؟**

**نادیه موراد:** لە زۆربەی ئەو شـوێنانەی من سـەردانم کردوون داوای بە جینۆسایدناساندنی دۆسـیەی ئێزدیانـم کردووە. هەتا ئێسـتا ئەو شوێنانە نەیانگوتووە کەسێک هاتووە داوای بە جینۆسایدناساندنی دۆسـیەی ئێوەی کردووە. ئەو دۆسـیە هیـچ پێشـڤەچوونێکی بەخۆیەوە نەبینیـوە. بۆیـە داوا لـە حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان و عێراق دەکەم بە جیددی بەدوای ئەو دۆسیەوە بن.

**رووداو: چـۆن دەڕوانییـە هەوڵەکانـی نووسـینگەی نێچیرڤان بارزانی بۆ رزگارکردنی ئافرەتانی کوردی ئێزدی لە دەست داعش؟**

**نادیـە موراد:** ئەو هەوڵـەی رزگارکردنی کچ و منداڵانـی ئێزدی شـتێکی زۆر بـاش بوو، بە تایبەتی لەڕووی ماددییەوە، چونکە ئێزدییەکان ناتوانـن منداڵ و کچەکانیان بکڕنەوە و هیچیان نەماوە. ئەوە شتێکی باش بوو کە ژنانی ئێزدی کڕدرانـەوە. بـەڵام ماوەی چەنـد مانگێکە ئەو

## زۆر زەحمەتە بە جارێ لەناکاو شەش برات بکوژرێن


## زۆر منداڵم بینین دەستی باوکی خۆیان گرتبوو، بەڵام چەکدارەکان جیایانکردنەوە

پرۆسـەیەش خاوبووەتـەوە، ئێمـە دەمانەوێت پرۆسەی ئازادکردنی ئێزدییەکان بەردەوام بێت.

**رووداو: تـۆ یەکێکی لە پاڵێوراوانی خەڵاتی ئاشـتیی نۆبـڵ ، بەلاتەوە گرنگـە ئەو خەڵاتە وەربگری؟**

**نادیـە موراد:** خەڵاتی نۆبـڵ خەڵاتێکی زۆر گەورەیـە، بەڵام بـۆ من رزگارکردنـی کچان و ژنانی ئێزدی لە دەستی داعش، زۆر لەو خەڵاتە گەورەترە. راستە خەڵاتی نۆبڵ بەلای جیهانەوە خەڵاتێکی گەورە و پیرۆزە، بەڵام ئێمە دۆزێکی گەورەتر لەو خەڵاتەمان هەیە.

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە (400) دووشەممە 2016/3/14



## گۆڕستانی کوردانی نەغەدە وێران دەکرێ

**ڕووداو- نەغەدە**

گۆڕستانی کوردانی نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە سووکایەتی پێدەکرێت و کێڵی گۆڕەکان دەشکێندرێن. بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، کەسانێکی نەناسراو بە شکاندن و تێکدانی کێڵ و گۆڕستانی کوردەکانی شاری نەغەدە بێڕێزیان بە مردووان کردووە. ئەوەش شەپۆلی نارەزایەتیی هاووڵاتیانی کوردی ئەو شارەی لێکەوتووەتەوە. بڵاوبوونەوەی وێنەی شکاوی کێڵەکان و تێکدانی ئەو گۆڕستانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەندا نارەزایەتی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەدواوە بووە و داوایان کردووە کە بەرپرسانی شارەکە بەدواداچوون بۆ بابەتەکە بکەن. ئەو ڕووداوە لە گۆڕستانی سەر ڕێگای نەغەدە بۆ پیرانشار ڕوویداوە.

## لە 11 گەڕەکی شارەکە هەشتیان بە کەڵکی ژیان نەماون

# سلۆپی شوقەی ناوێ



سلۆپییەکان ترسیان لە بە عەرەبکردنی ناوچەکەیان هەیە

**ڕووداو- هەولێر**

خەڵکی سلۆپی پێیانوایە حکومەت هەوڵ دەدات زیانەکانی شەڕ بەکەمتر لە قەبارەی خۆی لە قەڵەم بدات، بۆیە بنیاتنانی باڵەخانە لە شوێنی خانووەکانیان ڕەتدەکەنەوە. چاودێرانیش لە دەنگۆی جێنشینکردنی عەرەبی سوننە دەترسن.

بەگوێرەی دەزگای ئاماری تورکیا، ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەی سلۆپی 121 هەزار کەسە و یەکێکە لەو شارۆچکانەی دەستی کاری تێدا زیاترە لەچاو شارۆچکەکانی دیکەی باکووری کوردستان.

ڕووبەری ئیداریی ئەو شارۆچکەیە 790 کیلۆمەتر دووجایە. لەلای باشووری ڕۆژئاواوە تەنیا 40 کلیۆمەتر لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستان دوورە. لە باشووریشەوە 15 کیلۆمەتر لە دەروازەی ئیبراهم خەلیل لە سنووری هەرێمی کوردستان دوورە. سلۆپی سەر بە پارێزگای شەڕناخە و 33 کیلۆمەتر لە باکووری ئەو پارێزگایە دوورە.

### ئاماری جیاواز لەبارەی زیانەکان

بەهۆی شەڕی نێوان سوپای تورکیا و بزووتنەوەی گەنجانی دیموکراتی وڵاتپارێز YDG-H کە گرووپێکی سەر بە پەکەکەن، لە ڕۆژی 2015/12/14 تاوەکو 2016/1/19 لە سلۆپی قەدەغەی هاتوچۆ و دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ڕاگەیەندرا. ئەمەش زیانێکی زۆی بە موڵکی گشتی و ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان گەیاند. لەدوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەکە لە 24ی شوباتی ڕابردوو، لەسەر داوای قایمقامی سلۆپی شاندێک لە وەزارەتی ژینگە و شارەوانییەکان بۆ دەستنیشانکردنی زیانەکان بۆ ماوەی 10 ڕۆژ لەو شارە مانەوە. ڕۆژی 6ی ئەم مانگەش ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کرد.

### هەشت گەڕەکی وێران

حکومەتی تورکیا بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی لێژنەکە لە 11 گەڕەکی شارەکە هەشت گەڕەکی سلۆپی وەکو ناوچەی "مەترسیدار" ڕاگەیاند کە نابێت هاووڵاتیان لێیان نیشتەجێ ببنەوە. هەر بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە 6694 خانوو زیانیان پێگەیشتووە و 27 خانووش بە تەواوەتی ڕووخاون.

بەڵام خەڵکی شارەکە دەڵێن زیانەکان زۆر لەوە گەورەترن کە لە ڕاپۆرتەکەی حکومەتدا هاتووە. ڕۆژنامەنووس سەباحەدین قۆینجو کە بەدواداچوونی مەیدانی لەبارەی زیانەکان کردووە، پێیوایە حکومەت قەبارەی زیانەکان دەشارێتەوە. قۆینجو بە (ڕووداو)ی گوت "حکومەت زیانە گشتییەکانی دەستنیشان کردووە، بەڵام لە دیاریکردنی زیانی تایبەت کەمتەرخەمە. 241 خانوو و شوێنی تایبەت بە تەواوەتی وێران بوون".

### خانوو بە شوقە قەرەبوو دەکاتەوە

بەپێچەوانەی شار و شارۆچکەکانی دیکەی باکووری کوردستان، شارۆچکەی سلۆپی تا دێت بە شێوەیەکی ئاسۆییانە بەرفراوان دەبێت. لەو شارۆچکەیە باڵەخانە و شوقە زۆر کەمە و ئەوەی هەیە بۆ ئۆفیس و کاروباری بازرگانی بەکاردێ.

سەرۆکایەتی گەشەپێدانی شوێنی نیشتەجێبوون (TOKİ) کە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیایە و بەرپرسە لە ئاوەدانکردنەوەی سلۆپی و شوێنەکانی دیکە، بە نیازە لە شوێنی خانووە ڕووخاوەکان، شوقە دروست بکات و هاووڵاتیان بە شوقە قەرەبوو بکاتەوە، ئەمەش کێشەیەکی سەرەکییە لەنێوان خەڵکی سلۆپی و حکومەت لە مەسەلەی قەرەبووکردنەوەیان و دەڵێن شوقەیان ناوێت.

پارێزەر ئەردال کونور کە دۆسیەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لە سلۆپی لەکاتی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ لە مانگەکانی ڕابردوو، بردە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا، ڕەخنە لە لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ژینگە و شارەوانی تورکیا دەگرێت سەبارەت بە دەستنیشانکردنی زیانەکان و ڕاپۆرتەکەش بە ڕاپۆرتێکی بێسەروبەر وەسف دەکات.

ئەردال بە (ڕووداو)ی گوت "دەستنیشانکردنی زیانەکان لەلایەن دەزگایەکی حکومەتەوە کراوە، ئەوە نیگەرانیی زیاتری لای هاووڵاتیان دروست کردووە، هاووڵاتی پێیوایە ئەمە بە لۆژیکێکی نادادپەروەرانە دەستنیشان کراوە. شاندی دەوڵەت بە وردی لێکۆڵینەوەی نەکردووە، زۆر هەرەمەکی ئەم کارەی کردووە. گەڕەک هەیە شاندەکە سەردانی نەکردووە و هەڵسەنگاندنیشی بۆ زیانەکانی کردووە".

ئەردال پێیوایە حکومەت دەیەوێ خانووی هاووڵاتیان وێران بکات و بە شوقە قەرەبوویان بکاتەوە "خەڵکی سلۆپی فێری ژیانی شوقە نەبووە. قەرەباڵغیی خێزانەکان لەگەڵ ژیانی شوقە ناگونجێ".

لە درێژەی قسەکانیدا ئەردال کونور جەخت لەوە دەکاتەوە کە لۆژیکێکی ئەمنی لەپشت ئەو پلانەی حکومەتە "خەڵک بە نوێنەرانی حکومەت دەڵێن لە شوێنی خانووە ڕووخاوەکان، خانوومان بۆ دروست بکەنەوە. حکومەتیش دەڵێ کۆڵانەکان تەسکن و دەبێت خانووەکان بڕووخێنین، دیارە مەبەستی حکومەت ئەوەیە ئۆتۆمبێلی پۆلیس و هەمەر ناتوانن لەناو ئەو کۆڵانانە بێن و بچن".

سەباحەدین قۆینجو پێیوایە شوقە باری ئابووریی خەڵکی سلۆپی ئەوەندەی دیکە قورستر دەکات "زۆربەی خانووەکانی سلۆپی ڕووبەڕیان فراوان بوو، خەڵک حەوشە و باخچەی هەبوو، ماڵاتی تێدا بەخێو دەکرد و سەوزەوات دەچێنن".

### شتێکی نادیار هەیە

بە گوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەوانەی ماڵەکانیان ڕووخاوە، بانگهێشتی ئەمنییەت دەکرێن، داوایان لێدەکرێت واژوو لەسەر کلێشەیەک بکەن کە تێیدا نووسراوە، لە ماوەی 10 ڕۆژدا ماڵەکانتان دەڕووخێنین. خەڵکەکەش لە واژووکردنی ئەو کاغەزە نادیارە دەترسن. ئەو کلێشەیە کە دانەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، هیچ شتێکی لە بارەی مافی هاووڵاتیان و چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەیانی تێدا نەنووسراوە.

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا لەناو خەڵکی سلۆپی دەنگۆی جێنشینکردنی عەرەبی سووری لەو شارۆچکەیە بڵاوبووەتەوە.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا حکومەتی تورکیا، تورکمانی ئاهیسکانی هێنایە بتلیس و ئەرزەڕوم کە لە کرواتیا دەژین و لەو دوو شارە یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ دروستکردن.

پارێزەر ئەردال کونور، ئەو دەنگۆیە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "شتێکی بە فەرمی نییە، بەڵام خەڵک لەو دەنگۆیە دەترسێن. خەڵک پێیوایە ئەگەر ئەم دەنگۆیە ڕاست بێ، ئەوە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە".

## ئەرگون باباهان، نووسەری نێوداری تورک بۆ (ڕووداو):

# دەمیرتاش لەلایەن ئەنقەرەوە وەکو هەڕەشەک دەبینرێ

### کوردی ئەمڕۆ ئەرمەنی ساڵی 1915 نییە

### دەیانەوێ بە سیستمی سەرۆکایەتی 50 ساڵی دیکەش درێژە بە چەوساندنەوەی کورد بدەن

بەهۆی بەرتەسکبوونەوەی ئازادیی ڕۆژنامەڤانی لە تورکیا، دەگمەنن ئەو قەڵەمانەی ڕاشکاوانە دەنووسن. ئەرگون باباهان، یەکێکە لەو قەڵەمانە. لە نووسینەکانیدا هەست دەکەیت کە ئەو هەموو ڕەهەندە دەروونییەکانی کێشەی کوردی ناسیوە، دەزانێ تورکیا لە کوێ دەیباتەوە و لە کوێ دەدۆڕێ.

ئەرگون باباهان، 56 ساڵ، لە ئیزمیر لەدایک بووە. لەهەردوو زانکۆی ستانفۆرد و مەریلاندی ئەمریکی یاسای خوێندووە. ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی سەباح و ماوەیەکیش سەرنووسەری حورییەت بووە و لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی تورکیادا گۆشەنووس بووە. بەهۆی هەڵوێستە ڕەخنەییەکانی لەبارەی مەسەلەی جەماعەتی گولەن و کێشەی کورد و دیموکراسی، چەند جارێک لە کارەکەی دوورخراوەتەوە. ئێستا لە ڕۆژنامەی (ئۆزگور دوشنجە) درێژە بە نووسینەکانی دەدات. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم دواییەی حکومەتی تورکیا بۆ سەر گرووپی سەرمایەداری بۆیداک، دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژنامەی زەمان و کێشەی کورد دەکات.

**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: ئۆپەراسیۆن بۆ سەر گرووپی (بۆیداک) کرا کە گەورەترین گرووپی سەرمایەداریی تورکیایە. دوای ئەویش دەست بەسەر ڕۆژنامەی زەماندا گیرا. چ پەیامێک لە پشت ئەو ئۆپەراسیۆنانەوە هەیە؟**

**ئەرگون باباهان:** لەدوای ئابڕووچوون و گەندەڵییەکانی 2013، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و ئاکپارتی، لەگەڵ دەوڵەتی شاراوە کە بە (ئەرگەنەکۆن) ناسراوە، ڕێککەوتن. لەدوای ئەمە ئەردۆغان لەسەر بنەمای ڕقی کەسێتی خۆی و دوژمنایەتی دەوڵەت لەگەڵ جەماعەت (جەماعەتی گولەن) کە تا دوێنێ دەسەڵاتەکەی قەرزاری هێزی بیرۆکراتیی ئەوان بوو، هەڵوێستی وەرگرت. لە دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی بڕیاری لەناوبردنی جەماعەت درا. لە ئەنجامی ئەو بڕیارە، کارمەندان کرانە ئامانج. تا ئەوکاتەی دەوڵەت لە ڕەشکردنەوەی جەماعەت دڵنیا دەبێت، ئەو ئۆپەراسیۆنانە درێژەیان دەبێ.

**ڕووداو: بۆ ئەوەی ئەو دوو ئۆپەراسیۆنە بەڕاستی بخوێنینەوە، پێویستە پشت بەچی ببەستین؟**

**ئەرگون باباهان:** هەواڵ و شرۆڤەکانی ڕۆژنامەی "ئایدنلیک" و ئەو کەسانەی سەر بە دەوڵەتی شاراوەن، ئامانجەکانیان ئاشکرا دەکات. لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە، جەماعەت پێکهاتەیەکی موحافەزەکارە کە ڕیشەکەی لە دەرەوەیە، بەگوێرەی ئاکپارتیش گرووپێکی ئیسلامییە کە گەندەڵییەکانی ئاشکرا کردووە و لە پشتەوە خەنجەری وەشاندووە. لەم ڕوانگەیەوە ئۆپەراسیۆنەکانی کانوونی یەکەمی 2013 وێستگەی سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بوو بە پەیوەندییەکاندا.

**ڕووداو: پێتوایە ئەو ئۆپەراسیۆنە پەیوەست بێ بەو ترسەی لەدوای حەوتی حوزەیران بۆ ماوەیەکی کورت ئەردۆغانی داگرت؟**

**ئەرگون باباهان:** حەوتی حوزەیران تەنیا بۆ ئەردۆغان نا، بەڵکو هەڵبژاردنێک بوو ترسی لە دڵی دەوڵەتیشدا دروستکرد. ئەردۆغان لە لەدەستدانی هەژموونی لەسەر پەرلەمان، لە مەسەلەی بانگەشەکانی گەندەڵی، لەدەستدانی دەسەڵاتی ڕەهای لەسەر بیرۆکراسی و دادگا ترسی لێنیشت، دەوڵەتیش لە مۆدێلی پەرلەمانێک ترسا کە کورد تێیدا کاریگەر و بەهێز بێت. لە ئەنجامی ئەو هەماهەنگییەی لەگەڵ مەهەپە کردیان، ئەو مەترسیەیان ڕەواندەوە.

ئێستا دەخوازن سیستەمی سەرۆکایەتی جێبەجێ بکەن و ڕێگا لە سیاسەتی کورد لە تورکیا بگرن و لانیکەم 50 ساڵی دیکەش درێژە بە چەوساندنەوەی کورد بدەن. ئەگەر سیستەمی پەرلەمانی بەردەوام بێ، کورد لە دواڕۆژێکی نزیکدا دەبنە شەریکی حکومەت. بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسییە دەخوازن سیستەمی سەرۆکایەتی پەیڕەو بکەن.

**ڕووداو: ئەردۆغان هەوڵ دەدات بەو هەڵمەتەی هەموو ئۆپۆزیسیۆنی موحافەزەکار لەدژی خۆی بخاتە ناو یەک خانەوە و بە پەیوەندییان لەگەڵ جەماعەت تاوانباریان بکات. پێتوایە بتوانێ هەموو دوژمنەکانی بخاتە ناو یەک خانە؟**

**ئەرگون باباهان:** ئەردۆغان، جەماعەت و کورد وەکو پارچەیەک لە هەڵمەتی ئەمریکا لەدژی خۆی دەبینێت. ئێستا هەوڵ دەدات هەموو ئۆپۆزیسیۆن، لەژێر ناوی سیخوڕی، کرێگرتەی ئەمریکا و دوژمنی تورکیا، وەکو شەیتان نیشان بدات.

**ڕووداو: ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گەیشتووەتە ئامانجەکانی؟**

**ئەرگون باباهان:** ئەمڕۆ بەمشێوەیە دیارە، جگە لە کورد ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز نییە. قوربانییەکانی کوردیش لەم ڕووەوە دیارن.

**ڕووداو: تەنیا لەبەرئەوەی سەر بە جەماعەت بوو دەستیان بەسەر ڕۆژنامەی زەمان-دا گرت، یان هۆکاری دیکەش هەبوون؟**

**ئەرگون باباهان:** تەنیا لەبەرئەوەی سەر بە جەماعەت بوو.

**ڕووداو: ئەو هەڵمەتە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی سیاسی کوردەوە هەبوو؟**

**ئەرگون باباهان:** بۆ ئەوەی جەماعەت نەبێتە بزووتنەوەیەکی تورکی، هەوڵ دەدات بە چەمکی ئوممەت کۆمەڵگای تورکی هەڵخەڵەتێنێ. لێرەدا دەوڵەت دوو دوژمن دروست دەکات، بەم شێوەیە هەڵدەکوتێتە سەر ئۆپۆزسیۆن کە ئەوانیش کورد و جەماعەتن.

**ڕووداو: هەڵگرتنی حەسانە لەسەر سەلاحەدین دەمیرتاش و پەرلەمانتارانی هەدەپە بەشێکە لەم هەڵمەتەی دوایی؟**

**ئەرگون باباهان:** دوای کۆتاییهێنان بە مەسەلەی ئەرمەنییەکان، تا ئەمڕۆ هەڕەشەی هەرە گەورە لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە مەسەلەی کورد بووە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە سووریا گەورەترین ترسی لە ئەنقەرە پەیدا کردووە. چۆن نەیانتوانی بزووتنەوەی چەکداری لە ماوەی 40 ساڵی ڕابردوودا لەناو ببەن، بەمەش دەرفەتی دامەزراندنی پێکهاتەیەکی فیدراڵی لە سووریا هاتە ئاراوە. کورد، خۆشەویستیی ڕای گشتیی جیهانی ڕۆژئاوای بەدەستهێناوە، لە سووریا ڕاستەوخۆ پشتگیریی ئەمریکا و ڕووسیایان بەدەست هێناوە. دەمیرتاش لەدوای ئۆجەلانەوە بووەتە ئەو سەرکردەیە کە خۆشەویستیی هەمووانی بەدەستهێناوە، بۆیە لەلایەن ئەنقەرەوە وەکو هەڕەشەک دەبینرێ. ئەو هەڵمەتە بڕیار و ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگای توندوتیژی.

**ڕووداو: لە نووسینێکتدا دەڵێی چارەسەری کێشەی کورد لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە دوو ڕێگای هەیە: ڕێککەوتنی دیموکراتی و چارەسەری، لەناوبردن و دابەشبوون. دەوڵەت کامە ڕێگا دەگرێتەبەر؟**

**ئەرگون باباهان:** دەوڵەت سیاسەتی کوردکوشتن، دەرکردن لە شوێنی خۆیان و وێرانکردنی شارەکان و بەتاڵکردنەوەیان لە کورد دەگرێتەبەر. بەڵام ڕاستییەک هەیە دەبێت ببیبنین، کوردی ئەمڕۆ ئەرمەنی ساڵی 1915 نییە. بۆیە ئەو سیاسەتە تورکیا بەرەو قۆناغێکی زۆر خوێناوی دەبات.

**ڕووداو: لە پشت سیاسەتی بەتاڵکردنەوەی ناوچەکە لە کورد چ ئامانجێک خۆی حەشارداوە؟**

**ئەرگون باباهان:** دەتوانین بڵێین لەوانەیە لە پشت ئەو سیاسەتەوە وەکو کۆبانێ بڕیاری جێنشینکردنی عەرەبی سوننە هەبێت. بەمەش بەگوێرەی بارودۆخی ئەمڕۆ دەبینە شایەتی ئەو سیاسەتەی بەسەر ئەرمەنەکاندا جێبەجێ کراوە.



# سەرکردایەتیی یەکێتی دوای هەشت مانگ کۆدەبێتەوە



مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

## بڕوا ناکەم ئەو کۆبوونەوەیە هیچ سوودی هەبێ

ئەرکان عەلی
رووداو – سلێمانی

بڕیارە دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، وادەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەی دیاری بکات، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش دەڵێت کۆبوونەوەکە لەم هەفتەیەدا دەکرێت.

دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی لەمانگی هەشتی ساڵی رابردوو بوو کە لەشاری سلێمانی بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح لەبارەی چارەسەری کێشە سیاسییەکانی باشووری کوردستان کۆبوونەوە و بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەکەیان رەتکردەوە. کۆبوونەوەی ئەمجارەش سەرکردایەتی ئەو حیزبەی بەسەر دوو بۆچوونی دژ بەیەکدا دابەش کردووە.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند "بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە دەستەی کارگێڕی دوای کۆبوونەوەیان رۆژێک بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دیاری بکەن، بەڵام لەهەموو بارێکدا کۆبوونەوەکە لەم هەفتەیە تێپەڕ نابێت".

بەگوتەی پیرە، کۆبوونەوەی ئەوجارەی سەرکردایەتی حیزبەکەیان زیاتر لە پرسێک تاوتوێ دەکات، گرنگترینیان دۆزینەوەی دەلاقەیەکی نوێیە بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی کە هەم لەنێوخۆی یەکێتی و هەمیش لە بواری سیاسی و ئابووریی کوردستاندا کەڵەکە بوون.

بەڵام رایەک لەنێو ئەو حیزبەدا دروست بووە کە پێیوایە کۆبوونەوەیەکی بێ بەرنامە و ئامادەسازی هیچی لێ شین نابێت.

مستەفا چاوەڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەبارەی کۆبوونەوەکەیانەوە بە (رووداو)ی گوت "بەشبەحاڵی خۆم نە بەرنامەی کۆبوونەوە و نە وادەی کۆبوونەوەشم پێنەگوتراوە و تەنیا لە راگەیاندنەکانەوە بیستوومە".

چاوڕەش گەشبین نییە بە کۆبوونەوەی سەرکردایەتییان و لەو باوەڕەدایە کە هیچی ئەوتۆی لێ شین نابێت "کۆبوونەوەیەک کە زەمینەسازی بۆ نەکرابێت و لەپڕێکا بگوترێت وەرن بۆ کۆبوونەوە، پێموانییە سوودی هەبێت".

کۆبوونەوەی ئەوجارەی سەرکردایەتی یەکێتی لەساتەوەختێکدایە کە ئەو حیزبە دوو کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لەگەڵ پارتییدا کردووە و بڕیاریشە کۆبوونەوەی دیکەش بکەن، سەرکردەیەکی دیکەی یەکێتیش بۆچوونی وایە سەرکردایەتی حیزبەکەی پێویستە رۆڵی راستەقینەی خۆی لە ئاڕاستەکردنی چارەسەر بۆ کێشەکان هەبێت و پرس و راوێژی پێ بکرێت.

وەسفییە بەنی وەیس، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە بەگوتەی خۆی لەسەر هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە پارتی زۆری نەمابوو لە ریزەکانی حیزبەکەی دەربکرێت، بە (رووداو)ی گوت "ئەم بارودۆخە دژوارەی کە دووچاری خەڵکی کوردستان بووە نیگەرانییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. بەو پێیەی یەکێتیش حیزبێکی بنکەفراوانی جەماوەرییە، بۆیە لایەنگرەکانمان هەم بۆ نێوخۆی خۆمان و هەمیش بۆ قەیرانەکانی ئەمڕۆ ئەوەمان لێ دەخوازن کە رۆڵ بگێڕین، من وەکو خۆم بەو کۆبوونەوەیە گەشبینم و ئومێدیش دەکەم کلیلێک بێت بۆ چارەسەری تەواوی کێشەکان".

بەپێی پەیڕەوی نێوخۆی یەکێتی، سەرکردایەتی باڵاترین دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە لە نێوان دوو کۆنگرەدا و بڕیارەکانیشی لە نێوان دوو کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا دەبێت مەکتەبی سیاسی جێبەجێیان بکات. بەڵام لە هەشت مانگی رابردوودا، زۆربەی بڕیار و پرۆژەکان، سەرکردایەتی یەکێتی وەک پێویست رۆڵی تێدا نەبووە.

بەبڕوای سەعدی پیرە، کێشەکانی یەکێتی یەکجار بەو قەبارەیە نین کە راگەیاندنەکان باسی دەکەن، پیرە دەڵێت "ئەگەر راگەیاندنەکان سەرمان لێ نەشێوێنن ئێمە خۆمان رێکدەکەوین".

لەنێو یەکێتیدا بەئاشکرا دوو ئاڕاستەی کارکردن بەدی دەکرێت، یەکەمیان لای جێگرانی تاڵەبانییە، بەڵام چەند مانگێکە زیاتر بەرهەم ساڵح لێی دوورە و کۆسرەت رەسووڵ رابەرایەتی دەکات. دووەمیش بۆچوونی ئەوانەن کە گلەیی ئەوەیان لێدەکرێت، زۆربەی جومگە گرنگاکانی یەکێتییان لەدەستدایە و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا بەختیار وەک دووکەسی بەرجەستەکاری ئەو ئاڕاستەیە رۆڵ دەگێڕن.

بەبڕوای مستەفا چاوڕەش، کێشەکانی یەکێتی کاتێک چارەسەر دەبن کە پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوە دەست بۆ برینەکانی حیزب برابن و کرابن بە بەرنامەی کۆبوونەوە "بەڵام بەو جۆرەی ئێستا نەک چارەسەر نادۆزرێتەوە بەڵکو رەنگە لێکەوتەی خراپیشیان هەبێت".

بارزانی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی رای کادیرانی حیزبەکەی وەردەگرێت

پەرلەمانتارێکی پارتی:

## بارزانی پێیگوتین حوکمڕانی بەم شێوەیە ناکرێت



مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە چاکسازییەکەی راوبۆچوونی کادیرانی حیزبەکەی وەردەگرێت، ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش دەڵێت لە رێی لق و ناوچەکانەوە راپۆرت بۆ بارزانی بەرز دەکرێتەوە.

بارزانی رۆژی 2016/2/10 پرۆژەیەکی چاکسازی بۆ نێوخۆی حیزبەکەی راگەیاند، بەڵام بەهۆی سەفەری بۆ ئەڵمانیا، جێبەجێکردنی پرۆژەکە دواکەوت، دوای گەڕانەوەی لە ئەڵمانیا، بارزانی لە چەند بۆنەیەکدا رایگەیاند کە سوورە لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازی.

عەلی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند "لە رێگای کۆبوونەوەی لق و ناوچەکانەوە، کادیرانی پارتی رای خۆیان لەسەر پرۆژە چاکسازییەکە و سەرخستنی دەخەنەڕوو".

گوتیشی "هەموو هەوڵێکمان بۆ پشتگیری لە هەنگاوە چاکسازییەکان دەخەینە گەڕ، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیش هەموومان پشتگیریمان بۆ سەرخستنی دەربڕی".

بەپێی زانیارییەکان هەر لقێکی پارتی لە رێگای کۆنفرانسێکی داخراوەوە، راو سەرنج و تێبینی کادیرانی کۆدەکاتەوە، پاشان بە راپۆرتێک کە واژۆی ئەندامانی لقەکانی لەسەرە، راستەوخۆ بۆ نووسینگەی سەرۆکی پارتی بەرز دەکرێتەوە.

رۆژی 2016/3/2 ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی حیزبەکەیان کۆبوونەوە. بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا باسی دەوڵەمەندبوونی خێرای بەرپرسانی پارتی کردووە، ئاماژەی بەوە دابوو کە دەیەوێ چاکسازی ریشەیی لەنێو حیزبەکەی بکات، بارزانی بەڵێنی بە پەرلەمانتارانی پارتی داوە کە دەست بەسەر "پارەی حەرام و نایاسایی" بەرپرسانی پارتیدا بگرێ.

ڤەمان فەیسەڵ، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی گوتی لە کۆبوونەوەکەدا پرۆژەیەکیان لەبارەی چاکسازیی لە حکومەت داوەتە بارزانی.

ڤەمان فەیسەڵ گوتی "لە پرۆژەکەی فراکسیۆنی پارتیدا باسی گەندەڵی و زێدەڕۆیی لە وەرگرتنی زەوی موساتەحە بەناوی ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان کراوە. داوامان کردووە هەر زەوییەک بۆ مەبەستی پرۆژەی وەبەرهێنان یاخود بۆ مەبەستی پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری وەرگیراوە ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە بەکارنەهێنرابێ لێی وەربگیرێتەوە. جەنابی سەرۆکیش جگە لەوەی پشتگیری کردین، پێیگوتین حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە نابێت".

مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆژی 2016/3/10 لە کاتی بەشداریکردنی لە نۆزدەمین خولی پێگەیاندنی کادرانی پارتی رایگەیاند "ئەگەر چاکسازی نەکەین لەنێودەچین و سوپاسی هەرکەسێک دەکەم کە زانیاریمان پێبدات و هاوکاریمان بکات لە هەڵمەتی چاکسازیدا".

لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق:

## وەزارەتی بەرگری 130 ملیار دۆلاری بە گەندەڵی لە کڕینی چەکدا خەرج کردووە

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت لە ماوەی 13 ساڵی رابردوودا وەزارەتی بەرگریی عێراق 150 ملیار دۆلاری بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی خەرج کردووە، بەڵام تەنیا بایی 20 ملیار دۆلار چەک و تەقەمەنی کڕدراوە و پارەکەی دیکە دیار نییە.

عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، وەزارەتی بەرگری بە یەکێک لە وەزارەتە "زۆر گەندەڵ"ەکان ناوبرد و بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو وەزارەتە لەساڵی 2003ەوە تائێستا نزیکەی 150 ملیار دۆلاری بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی خەرج کردووە، ئەوە جگە لەو هاوکارییانەی کە لەلایەن ئەمەریکا و وڵاتانی دەرەوەش هاتوون، بەڵام ئێستا رەنگە بایی 20 ملیار دۆلار چەک و تەقەمەنی و پێداویستیی سەربازی هەبێت و 130 ملیارەکەی دیکە بە گەندەڵی خەرج کراوە، لەوانەش پێدانی بەرتیل بە بەرپرسانی ئەو وڵاتانەی گرێبەستیان لەگەڵدا کراوە یاخود نووسینی نرخی زیادە".

لیژنەی دەستپاکی لە مانگی رابردوودا و لەرێگەی ئەو زانیارییانەی بەدەستیان گەیشتووە، بەدواداچوونیان بۆ سێ گرێبەستی نوێی ئەو وەزارەتە کردووە و بەو هۆیەشەوە درکیان بە گەندەڵی کردووە، عادل نووری گوتی "لە ماوەی رابردوودا زانیاریمان لەسەر سێ گرێبەستی وەزارەت پێگەیشت کە بایی زیاتر لە 350 ملیۆن دۆلارن و تایبەتن بە کڕینی چەک و تەقەمەنی و پێداویستیی سەربازی و لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات بەستراون، دوای بەدواداچوون دەرکەوت گرێبەستەکان گەندەڵیی زۆریان تێدا کراوە لەڕووی جۆری چەک و نرخەکانیان".

لیژنەی دەستپاکی بۆ گەیاندنی ئەو گەندەڵییانە بە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق کە هاوکات فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانیشە، لەگەڵیدا کۆبوونەتەوە. وەک عادل نووری گوتی "لەگەڵ عەبادی کۆبووینەوە و بە نووسراوی فەرمیش ئاگادارمان کردەوە، ئەویش گرێبەستەکانی راگرتووە و ئێستا دۆسیەکان رەوانەی دەستەی دەستپاکی و ئەنجوومەنی دادوەری کراون".

گوتەبێژەکەی لیژنەی دەستپاکی جەختی کردەوە کە لەسەر ئەو سێ دۆسیەیە پێویستە خالید عوبێدی و بەرپرسانی دیکەی وەزارەت بەتایبەتیش بەشی گرێبەستەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام باسی لە گرفتێک کرد و گوتی "دەستوەردانی گەورە لەلایەن بەرپرسە باڵاکان و خودی عەبادیش هەیە بۆ جوڵاندنی ئەو کەیسانە بۆ دادگا، چونکە کاتێک فەرمانی دەستگیرکردن بۆ بەرپرسێک دەردەچێت، دەستی دەستی بە فەرمانەکە دەکرێت و درەنگیش دەستگیردەکرێ، دەتوانین بڵێین عەبادیش هەوڵی پەردەپۆشکردنی گەندەڵییەکان دەدات".

لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاگاداری ئەو سێ گرێبەستەن. هۆشیار عەبدوڵلا ئەندامی لیژنەکە بە (رووداو)ی گوت "بۆ ئەو سێ گرێبەستە داوای روونکردنەوەمان لە وەزارەتی بەرگری کردووە و چاوەڕوانی وەڵامین. ئەگەر گەندەڵییەکان راست بن ئەوا وەزیری بەرگری بانگهێشتی پەرلەمان دەکەین".

لیژنەی دەستپاکی لە هاوینی رابردووشدا 19 گرێبەستی دیکەی ئەو وەزارەتەیان هەڵوەشاندووەتەوە کە گەندەڵییان تێدا کراوە، عادل نووری گوتی "ئەو گرێبەستانەش بایی زیاتر لە سێ ملیار و 500 ملیۆن دۆلار بوون، زۆربەیان لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کرابوون، بەتایبەتیش چیک و هەنگاریا و بولغاریا و ئۆکراینا".

عادل نووری باسی چەند جۆرێک لە گەندەڵی لە بواری کڕینی چەک و پێداویستییە سەربازییەکان کرد و گوتی "بۆ نموونە پارچە چەکێک ئەگەر بایی 100 دۆلار بووبێت، لە گرێبەستەکەدا 400 دۆلار نووسراوە، لە کاتێکدا چەکەکانیش کۆن و خراپ و بەکارهاتوون و هی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوون".

گەندەڵییەکی دیکەش کە عادل نووری باسی کرد، کڕینی جۆرە کلاشینکۆفێک بووە لە کۆمپانیایەک کە نرخی یەکێکیان بایی نزیکەی 170 دۆلار بووە، بەڵام وەزارەتی بەرگری نرخەکەیان بە نزیکەی 380 دۆلار نووسیوە و گوتی "پەنجا هەزار پارچە چەکی لەو جۆرەشیان هێنا و دابەشیشیان کردووە".

بەپێی بەدواداچوونەکانی لیژنەی دەستپاکی گەندەڵییەکانی وەزارەتی بەرگری چووەتە بواری کڕینی زرێپۆشی گوللەنەبڕیش، عادل نووری گوتی "یەکێک لە گرێبەستەکانیش کڕینی ژمارەیەک زرێپۆش بووە کە بایی زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلار بوون و دەبووایە تۆکمە و گوللەنەبڕ بن، بەڵام هەندێکیان کە هاتوونەتە عێراق درزیان تێدا بووە، بۆیە دوای ئاشکرابوونیان نەمانهێشت زرێپۆشەکانی دیکە بێن، وەزیری بەرگریش لەبری ناردنەوەی زرێپۆشەکان بۆ وڵاتەکەیان، کەچی گەندەڵییەکەی پەردەپۆش کرد و رەوانەی بەرەکانی شەڕی کردن".



## عەلوەیەکی نوێ لە سلێمانی دروست دەکرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

فەرمان غەریب بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پارێزگای سلێمانی بڕیاریداوە لە بەشی ڕۆژئاوا لەسەر ڕێگەی تاسلوجە عەلوەیەکی نوێ دروست بکرێت و گوتی "ئەو عەلوەیە لەسەر ڕووبەری 100 دۆنمە و نزیکەی-15 20 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، ئامانجیش لێی ئەوەیە ئەو جوتیارانەی لە ناوچەی ڕۆژئاوا بەرووبومیان هەیە لەو عەلوەیە بەرهەمەکانیان ساغ بکەنەوە"، ناوبراو گوتیشی "پرۆژەکە لەنێوان چەند کۆمپانیایەکدا بۆ ڕۆژی نوێ دەرچووە و ئامادەیی خۆیان نیشانداوە خزمەتگوزارییەکان بۆ نێو پرۆژەکە بگەیەنن کە ئەرکی حکومەتە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ناتوانین بیکەین، جگە لەوەش دروستکردنی پردێک بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان".

# ئەم نەورۆزە تەنیا
# 75 هەزار گەشتیار دێنە کوردستان



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی ئەو ئاسانکاری و داشکاندنانەی لە هۆتێل و چێشتخانەکان بۆ گەشتیارانی گرووپ کراوە، پێشبینی دەکەن لە نەورۆزی ئەمساڵدا هاتنی گەشتیاران بەراورد بەساڵی ڕابردوو نزیکەی 20% زیاد بکات.

بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، لە هەفتەی یەکەمی نەورۆزی 2013دا 415 هەزار و 630 گەشتیار ڕوویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردبوو، بەڵام بەهۆی هێرشەکانی داعش بۆ سەر پارێزگاکانی عێراق و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە، لە نەورۆزی 2014 دا هاتنی گەشتیاران بە ڕێژەی 35% کەمی کرد و تەنیا 268 هەزار و 512 گەشتیار هاتنە هەرێمی کوردستان. ساڵی ڕابردووش کە وێڕای شەڕی داعش قەیرانی داراییشی هاتە سەر، هاتنی گەشتیاران بە ڕێژەی 60% کەمی کرد.

نادر ڕووستی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، دەڵێت "ساڵی 2013 هاتنی گەشتیاران گەیشتە ئەوپەڕی و ژمارەی گەشتیار لەو ساڵەدا گەیشتە نزیکەی 3 ملیۆن گەشیار، تەنیا لە هەفتەی یەکەمی نەورۆزدا 416 هەزار گەشتیارمان هەبوو".

ڕووستی بەدووری زانی لە نەورۆزی ئەمساڵدا ژمارەیەکی ئەوتۆی گەشتیاران ڕوو لە کوردستان بکەن، بەڵام بەهۆی ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵا گرووپ و کۆمپانیا گەشتیارییەکان کردوویانە، پێشبینی دەکەن هاتنی گەشتیار نزیکەی 20% زیاد بکات.

کەرتی گەشتیاری لە زۆربەی وڵاتان گرنگیی تایبەتی پێدەدرێ و بە یەکێک لە سەرچاوەکانی زیادکردنی داهات دادەنرێ، لە هەرێمی کوردستانیش هەندێ هەنگاو بۆ گرنگیدان بەو کەرتە نران، ژمارەی گەشتیاران بۆ کوردستان ڕووی لە هەڵکشان کرد، بەڵام هاتنی داعش و قەیرانی دارایی ئەو کەرتەی سست کرد.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013دا 77 ملیار دیناری بۆ پەرەپێدانی ئەو کەرتە تەرخان کرد و 45 پرۆژە کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر لەهەمان ساڵدا 15 هۆتێلی براندی جیهانی هاتنە هەرێمی کوردستان، هەروەها بڕی 20 ملیار دینار وەک قەرز درایە ئەو کەسانەی کە وەبەرهێنانیان لەو کەرتەدا دەکرد و بەمەش 100 پرۆژەی گەشتیاری جێبەجێ کران.

هەر بەهۆی ئەو ئاسانکاریانەوە 25%ی ئەو پرۆژانەی مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتبوو، لە بواری گەشتیاری بوون.

نادر ڕووستی بە ئاماژەدان بەو ژمارانەی سەرەوە، دەڵێت "حکومەت کەمتەرخەم نەبووە لە گرنگیدان بەو کەرتە، ئەگەر هاتنی داعش و قەیرانی دارایی نەبووایە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان قۆناغی زۆر باش لەڕووی گەشتیارییەوە دەچووە پێشەوە".

بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، لە 5 ساڵی ڕابردوودا ساڵ بەساڵ ژمارەی هاتنی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان لەزیادبووندا بوو، بەجۆرێک لە 791هەزار گەشتیارەوە بۆ 2 ملیۆن و 952 هەزار گەشتیار لە ساڵی 2013 بەرز بووەوە، بەڵام بەهۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاسی و دارایی عێراق و هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو بۆ ملیۆنێک و 117 گەشتیار دابەزی.

نادر ڕووستی دەڵێت لە ڕێی گرووپ و کۆمپانیا گەشتیارییەکانەوە لە هەوڵی زیادکردنی ژمارەی گەشتیاردان بۆ کوردستان و لەم پێناوەشدا لە 19ی ئەم مانگە کۆنفرانسێکی جیهانی بۆ گەشتیاری لە هەولێر ساز دەکەن.

نادر ڕووستی گوتیشی "بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیار و هاتنیان لە ڕێگەی گرووپ و کۆمپانیا گەشتیارییەکانەوە، لەگەڵ میوانخانەکان ڕێککەوتووین کە نرخی مانەوە بۆ ئەو گەشتیارانەی لە ڕێگەی گرووپەوە دێنە کوردستان، 50% دابشکێندرێت و لە بازگەکانیش ئاسانکارییان بۆ بکرێت".

ڕووستی باسی ئاسانکارییەکی دیکە بۆ کۆمپانیا گەشتیارییەکان دەکات و دەڵێت "هەر کۆمپانیایەک گەشتیار بهێنێتە هەرێمی کوردستان، بۆ نوێکردنەوەکەی مۆڵەتی ساڵانەی تەنیا 50 هەزار دیناری لێ وەردەگیرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە هەر کۆمپانیایەک گەشتیار بباتە دەرەوە، ڕسوماتی نوێکردنەوەی 4 ملیۆن دینارە".

بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەمساڵ هیچ فێستیڤاڵ و ئامادەکارییەک بۆ پێشوازی لە جەژنی نەورۆز ناکرێ، بەڵام خاوەن هۆتێل و ڕێستۆرانت و چێشتخانەکانی کەرتی تایبەت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیار سەرپشک کراون بۆ گێڕانی ئاهەنگ بۆ هونەرمەندان.

هێرش ئەحمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بازگەکانی کوردستان بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان وەک پێویست ڕێگە بەهاتنی گەشتیاری باشوور و ناوەڕاست نادەن تەنیا بە گرووپ نەبێ، خەڵکی شارەکانی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی دواکەوتن و پاشەکەوتکردنی مووچەکانیان پارەی باشیان بۆ گەشت و مانەوە لە هوتێلەکاندا نییە، گەشتیارانی ئێرانیش بەهۆی نەبوونی فێستیڤاڵ و ئاهەنگ بۆ هونەرمەندان لەوانەیە وەک پێویست گەشت بۆ کوردستان نەکەن، بۆیە پێشبینی ناکەین لە نەورۆزی ئەمساڵدا ژمارەیەکی بەرچاو گەشتیار ڕوو لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، ڕەنگە هەر 75 هەزار گەشتیارێک بێن".

هێرش ئەحمەد ئاماژەی بەو ئاسانکاریانە کرد کە کۆمەڵەکەیان کردوویانە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و گوتی "لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕێککەوتووین ئەگەر گەشتیار بهێننە هەرێمی کوردستان نرخی مانەوە لە هۆتێلی دوو ئەستێرەیی و سێ ئەستێرەیی بە ڕێژەی 50% دابشکێنین و لە ڕێستۆرانتەکانیش بۆفیەی خواردن کراوە دەبێت و نرخەکەشی لە 10 هەزار زیاتر نابێ.

لە هەرێمی کوردستاندا 608 هۆتێل، 355 مۆتێل، 1779 ڕێستورانت و کافتریای گەشتیاری و میللی و 89 گوندی گەشتیاری هەن، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی داراییەوە ژمارەیەکیان داخراون.

هێرش ئەحمەد دەڵێت "بەهۆی کەمیی گەشتیار و بێ بازاڕی لە دوو ساڵی ڕابردوودا 120 هۆتێل و مۆتێل و ڕێستورانت داخراون کە پێنج هۆتێل و ڕێستۆرانتی پێنج ئەستێرەییان تێدایە".

بەڵام کوردە ڕەئووف، سەرۆکی لقی سلێمانی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان پێیوایە بەهۆی ڕێکاری توندی بازگەکان، ژمارەیەکی زۆر کەم لە گەشتیارانی عەرەب ڕوو لە کوردستان دەکەن، بەهۆی قەیران و پاشەکەوتکردنی مووچەکانیشیان گەشتیاری ناوخۆ 10%ی جاران دەبێت ، ژمارەی گەشتیارانی ئێرانیش وەک ساڵانی پێشتر لە 5 تاوەکو 7 هەزار تێپەڕ ناکات، بۆیە ئەو دڵنیایە ژمارەی گەشتیار لە نەورۆزی ئەمساڵدا لە سلێمانی، لە ساڵی ڕابردوو کەمتر دەبێت".

سەبارەت بە کاریگەریی ئەو ئاسانکارییەی بۆ گەشتیاران لە ڕێی گرووپی گەشتیارییەوە کراوە، کوردە ڕەئووف دەڵێت "کۆمپانیا گەشتیارییەکان ناتوانن ببنە فریادڕەسی کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان، چونکە زۆربەی گەشتیارانی عەرەب و فارس حەز دەکەن بە ئۆتۆمبێلەکانیان گەشت بۆ هەرێمی کوردستان بکەن".

# سامانی ماسیی زێ لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە کورتی دەدات



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

هەموو ئێوارەیەک بە ئومێدێکی زۆرەوە تۆڕە دوور و درێژەکانیان هەڵدەدەنە نێو زێیەکەوە، بەڵام بەیانیان بە دڵێکی ساردەوە تۆڕەکە لەئاو ڕادەکێشنە دەرەوە، چونکە تاک و تەرا ماسی بە تۆڕەکانەوە دەبن. ماسیگرانی زێی بچووک لە دەڤەری بیتوێن دەڵێن ئەگەر کار وا بڕوات ئیدی ماسیگرێک لەسەر لێواری زێیەکە نابینیتەوە.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی قەدەغەکردنی ڕاوەماسی کە ساڵانی پێشتر لە ناوەڕاستی ئەم مانگە دەستی پێدەکرد و ئەمساڵ هێشتا کاتەکەی دیاری نەکراوە، ماسیگرانی دەڤەری پشدەر و بیتوێن دەڵێن ئەمساڵ کەمترین ماسییان لە زێی بچووک ڕاوکردووە و هۆکارەشی هەر بۆ خودی خۆیان دەگێڕنەوە.

پیرۆت ئەحمەد، ڕاوچییەکی کۆنە و 25 ساڵی ڕەبەقە لە دەریاچەی دوکاندا ڕاوی ماسی دەکات. پیرۆت تێبینی کردووە ماسی زێی بچووک لە کەمبوونەوەدایە، بە تایبەتی لەو چەند ساڵانەی دواییدا. بەبڕوای ئەو ڕاوچییە، هۆکارەکەی هەندێک لە ڕاوچییەکانن "بە تۆڕی ورد و تەقەمەنی و ژەهر و کارەبا ڕاو دەکەن، ئەوانەش دەبنە هۆی لەناوچوونی ماسیی ورد و تێکچوونی گەرای ماسییەکان".

بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە لە ڕاوە ماسیدا کە پیرۆت باسیان دەکات، بووەتە هۆی ئەوەی پیرۆت تەنیا فریای دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی بکەوێت. پیرۆت بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵانی ڕابردوو پاشەکەوتمان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو ماسیەی ڕاوی دەکەین داهاتەکەی تەنیا بەشی بژێوی ڕۆژانەی خێزانەکانمان دەکات".

بە گوتەی ماسیگرەکان، ڕاوە ماسی لە گۆترە نییە و ڕێنمایی تایبەت بە خۆی هەیە، دەبێت ڕووبەری کونی تۆڕەکان لە 8 سانتیمەتر زیاتر بێت، هەر ماسییەکیش لە 15 سانتیمەتر کورتتر بێت نابێت ڕاو بکرێ، بەڵام هەندێک لە ماسیگرەکان گوێ بەو ڕێنماییە نادەن.

قادر حوسێن، نزیکەی 15 ساڵە لە زێی بچووک ڕاوی ماسی دەکات، ئاماژە بە کەمبوونەوەی ماسیی زێیەکە دەکات و دەڵێت "ساڵی ڕابردوو لە وەرزی ڕاودا ڕۆژانە نزیکەی 80 کیلۆ ماسیم ڕاو دەکرد، بەڵام ئەمساڵ ڕۆژانە تەنیا 40 کیلۆ ڕاو دەکەم".

بە گوتەی قادر حوسێن دوو جۆرە ڕاوچی لەسەر زێی گەورە دەبینرێن، هەندێکیان ئەوانەن کە ڕاوی ماسی پیشەیانە، هەندێکیشیان ئەوانەن هەر بۆ خۆشی ڕاو دەکەن. حوسێن دەڵێت "ئەوانەی هەر بۆ خۆشی ڕاو دەکەن، بە نەزانی ڕاو دەکەن و پابەندی ڕێنماییەکانی ڕاوە ماسی نابن، تەنانەت لەکاتی قەدەغەکردنی ڕاوەماسیشدا ڕاوی خۆیان هەر دەکەن".

حوسێن پێیوایە بەشێک لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ماسی لە زێی بچووک پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە کە وەکو جاران ڕێکاری پێویست بەرامبەر بە ماسیگرەکان ناگرێتە بەر. حوسێن دەڵێت "ساڵانی ڕابردوو حکومەت ڕێوشوێنی باشی دەگرتەبەر، دەبووایە کونی تۆڕەکان لە 8 سانتیمەتر کەمتر نەبووایە، هەر ماسییەک ڕاوکرابا و لە 15سانتیمەتر بچووکتر بووایە، ماسیگرەکە غەرامە دەکرا، بەڵام ئێستا خەڵک وردە ماسی دەگرێت و لە قیمەی دەدات و کۆنترۆڵیش ناکرێن و کەس سزا نادرێت".

کەمبوونەوەی ماسی خۆماڵی بە بازاڕەکانیشەوە دیارە. عومەر ئەحمەد ئەمین کە دووکانی فرۆشتنی ماسی هەیە، دەڵێت ساڵی ڕابردوو ڕۆژی 150 کیلۆ ماسی لە ماسیگرەکان دەکڕییەوە، بەڵام ئەمساڵ ڕۆژانە تەنیا 40 کیلۆ ماسی لە ماسیگرەکان دەستکەوتووە.

بەبڕوای ئەندازیار ساڵح حوسێن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ڕانیە، هۆکاری سروشتی و مرۆیی وای کردووە ماسی کەم ببێتەوە، لەوانەش: کەمبوونەوەی ماسی بەهۆی وشکەساڵی و نەبوونی ژینگەی گونجاو بۆ ماسییەکە، خواستی مرۆڤ لەسەر گۆشتی ماسی، لاوازیی کۆنترۆڵی تۆڕەکانی پاراستنی ژینگە و حکومەت، ناهۆشیاریی خەڵک لە ڕاوکردندا.

سەبارەت بە ڕێکارەکانی کشتوکاڵی ناوچەکە بۆ پاراستنی سامانی ماسی لە زێی بچووک، ئەندازیار ساڵح حوسێن گوتی "بەنیازین ڕاوکردنی ماسی سنووردار بکەین و تەنیا مۆڵەتی ڕاو بدەینە چەند کەسێکی دیاریکراو".

گوتیشی "ئەگەر حکومەت فریا نەکەوێت ماسی لە زێدا نامێنێ و ئاوەکەش بە کەڵکی خواردنەوە نامێنێ".

پزیشکێکی ڤێترنەری هۆشداری دەدات و دەڵێت ئەگەر حکومەت فریا نەکەوێت، ماسی زێیەکە لەناودەچێت. دکتۆر ئاراس بابەکر پزیشکی ڤێترنەری دەڵێت "پێویستە حکومەت کاتی قەدەغەکردنی ڕاوەماسی پێشبخات، چونکە زۆربەی ماسیگرەکان هۆشیاری ڕاوکردنیان نییە و گەرای ماسییەکان تێکدەدەن". هەروەها هۆشداریش دەداتە هاووڵاتیان لە ڕاوکردنی ماسی بە ژەهر و دەڵێت "نابێت بەهیچ شێوەیەک ماسییەک بخورێ کە بە ژەهر ڕاوکرابێ".

ساڵانە وەزارەتی کشتوکاڵ وەرزی قەدەغەکردنی ماسی ڕادەگەیەنێ، بەڵام ئەمساڵ هێشتا کاتەکەی ڕانەگەیەنراوە. عەقیدی پۆلیس هێمن کەمەرخان ئەفەندی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان لە پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو) گوت "ساڵانی پێشتر لە 15ی ئادار ڕاوە ماسی قەدەغە دەکرا، بەڵام ئەمساڵ تا ئێستا هیچ ڕێنماییەکمان سەبارەت بە قەدەغەی ڕاوەماسی بۆ نەهاتووە".

ئەفەندی ئاماژەی بەوەدا کە هەر کەسێک لەدوای 15ی ئادار تاوەکو مانگی تەممووز ڕاوی ماسی بکات سزا دەدرێت، ساڵی ڕابردووش لە سنووری پارێزگای سلێمانی 150 کەسیان لەسەر ڕاوکردنی ماسی لە وەرزی قەدەغەکردنی ڕاودا دەستگیرکردووە و لە دادگا دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە:

# ڕەنگە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەردەوام بێت


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

ڕووداو- IEA

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) لە ڕاپۆرتی مانگانەی خۆیدا ڕایگەیاند کە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە چەند هەفتەی ڕابردوودا بەهۆی کێشەکانی بەرهەمهێنان لە عێراق، نایجیریا و ئیماراتی عەرەبی بووە، لە کاتێکدا نیشانەکان وا دەردەخەن بەرهەمهێنانی وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک خێراتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا، دابەزێت.

لە بەشێکی ئەو ڕاپۆرتەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەدا هاتووە "ڕەنگە نرخی نەوت گەیشتبێتە نزمترین ئاستی مومکین"، هەر بۆیە ئاساییە لەمەودوا چاوەڕێی ئەوە بکەین کە نرخەکان جارێکی دیکە بەرزببنەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو کە بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی دەرەوەی ئۆپێک دابەزیوە و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێرانیش هێشتا وەکوو چاوەڕوان دەکرا بەرز نەبووەتەوە.

لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی وزەدا، نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئەمریکی نزیکەی 39 دۆلار بوو، بەمەش بەرزبوونەوەیەک بەڕێژەی 50% لەچاو نزمترین نرخی نەوت لە مانگی پێشوودا ڕوویداوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە کە بارەگا سەرەکییەکەی لە پاریسە، لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت "هەندێک ئاماژەی ڕوون هەن کە هێزەکانی بازاڕ خەریکن سیحرەکانی خۆیان بەکاردەهێنن"، هاوکات هەندێک لە وڵاتانیش ئاستی بەرهەمهێنانیان دابەزاندووە، لەبەرئەوەی تێچوونی دەرهێنانی نەوت لەو وڵاتانە زۆر بەرزە. ئەمە دەشێت هەواڵێکی باش بێت بۆ ئۆپێک و بە تایبەتیش بۆ سعودیە کە هەتا ئێستا سیاسەتەکەی ئەوە بووە بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی، وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوت ناچار بە دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان بکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئاستی گەشەی ئابووریی جیهان لەچاو ساڵی ڕابردوو تووشی دابەزین بووە و ئەگەر بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت بەردەوام بێت، چاوەڕێ دەکرێت ئاستی گەشەکە خێراتر لە ئێستا دابەزێت.

لە یەکەم مانگی ئەمساڵدا، نرخی نەوت نزمترین ئاستی لە 13 ساڵی ڕابردوودا تۆمار کرد، کاتێک بەهای یەک بەرمیل نەوت بۆ ژێر 30 دۆلار دابەزی. بە بۆچوونی شارەزایان، ئەم شکانە بەرچاوەی نرخی نەوت دوو هۆکاری سەرەکیی لە پشتە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەمریکا ئاستێکی پێوانەیی لە بەرهەمهێنانی نەوت تۆمار کردووە، هۆکاری دووەمیش بۆ زلهێزەکانی ئۆپیک دەگەڕێتەوە کە بڕیاریان داوە بڕی دەرهێنانی نەوت هێندە بەرزبکەنەوە کە لە ئەنجامدا ئەو وڵاتانەی تێچوونی دەرهێنانی نەوتیان بەرزە، ناچارن بازاڕەکان جێبهێڵن.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە دەڵێت نرخی کەمی نەوت کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەو وڵاتانە داناوە کە خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی نەوتیان بەرزە، هەر بۆیە گومان دەکرێت وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بەرهەمهێنانی نەوتی خۆیان بە قەبارەی 750 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزێنن. لە ڕاپۆرتەکانی پێشتری ئاژانسەکەدا چاوەڕێ دەکرا ئەو ژمارەیە 600 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بێت. بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی وزە، ئەمریکا پشکی سەرەکی لەم دابەزاندنە بەردەکەوێت و بەبڕی 530 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا ئاستی بەرهەمهێنانی کەم دەکاتەوە.

سەبارەت بە ئێران و گەڕانەوەی بۆ ناو بازاڕەکانی نەوت، ڕاپۆرتی ئاژانسی وزە ڕایدەگەیەنێت: "گەڕانەوەی ئێران بۆ ناو بازاڕەکانی نەوت بەو ئاستە نەبوو کە ئێرانییەکان خۆیان باسیان دەکرد، بەپێی مەزندەکانی ئێمە ئاستی بەرهەمهێنانی ئێران لەمانگی شوباتدا 220 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە، هەر بۆیە پێدەچێت ئێران وردە وردە بگەڕێتەوە نێو بازاڕەکان."

پێشتر ئێران بەڵێنی دابوو لەگەڵ لاچوونی سزا ئەتۆمییەکان، دەرهێنانی نەوتی وڵاتەکەی بە بڕی یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبکاتەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە پێشبینی دەکات گەشەی خواست لەسەر نەوت بە نەگۆڕی لە 1.7 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بمێنێتەوە، هەڵبەت ئەگەر نرخی نەوت لە بەرزبوونەوە بەردەوام بێت، ئەوە پێشبینی دەکرێت ئاستی داوای سەر نەوتیش دابەزێت. ئەم ئاستە لە گەشە لەچاو نیوەی دووەمی ساڵی 2015 دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە کاتێکدا لە چارەکی سێیەمی 2015دا گەشەی داوای نەوت 2.3 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بوو.

چاوەڕێ دەکرێت خواستی کۆماری چین لەسەر وزە لە ئەمساڵدا 330 هەزار بەرمیل بێت لە ڕۆژێکدا، ئەمەش 110 هەزار بەرمیل لە تێکڕای گەشەی 10 ساڵی ڕابردووی چین کەمترە کە دووەم گەورەترین بەکاربەری نەوتە، ئاژانسی وزە چاوەڕێ دەکات هیندستان و وڵاتانی دیکەی ئاسیایی ببنە سەرچاوەیەکی سەرەکی گەشەی داوای سەر نەوت.

ئاژانسەکە گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی نرخی نەوت بە ڕووناکییەک دەشوبهێنێت کە لە دوای ماوەیەکی زۆر تاریکی، جارێکی دیکە ڕووی لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کردووە "ئەم گۆڕانکارییە لە نرخەکانی نەوت دەشێت وەکوو ڕووناکییەک بێت کە لە کۆتایی تونێلێکی دوور و درێژ و تاریکدا دەرکەوتووە، بەڵام ناتوانین بە دڵنیایی و بەوردی دیاری بکەین لە چ بەشێکی ساڵی 2017دا بازاڕی نەوت بەو باڵانسە دەگاتەوە کە لایەنەکان ئارەزووی دەکەن. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە ئەم ئاراستەیەی ئێستا ئاراستەیەکی دروستە، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر بێت کە ڕێگەیەکی دوور و درێژ لە پێش بازاڕی نەوتە".

# کەنداوی عەرەبی لەگەڵ نرخی نوێی نەوت چۆن مامەڵە دەکات؟


کێڵگەیەکی نەوت لە سعودیە

### چاوەڕێ ناکرێت هەتا 2040 نرخی نەوت جارێکی دیکە بگاتەوە 100 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک

### دابەزینی نرخی نەوت تەنیا ساڵی پار 360 ملیار دۆلاری لە داهاتی وڵاتانی کەنداو کەم کردووەتەوە

ڕووداو- Brookings Institution

لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت، وڵاتانی کەنداو ناچار بوونە بە خەرجیی حکومەتەکانیاندا بچنەوە. پاش نزیکەی یەک دەیە مشتومڕ، وڵاتانی کەنداو دواجار بڕیاریان دا لەساڵی 2018ەوە باجی زیادکراوی نرخ پەیڕەو بکەن. ئەمەش یەکەمجارە لەو وڵاتانەدا ڕوودەدات، لە کاتێکدا خەڵکی ئەم وڵاتانە ماوەیەکی زۆرە خوویان بە ژینگەیەکەوە گرتبوو کە باجێکی کەمی تێدا دەدرا. ئەم وڵاتە عەرەبیانە هەروەها هەوڵەکانی خۆیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی ئابوورییەکی فرەلایەن بهێننە ئاراوە و تەنیا پشت بە غاز و نەوت نەبەستن. زنجیرەیەکی دوورودرێژ لە کەمکردنەوەی خەرجیەکان لەم وڵاتانە دەستیان پێکردووە کە ئاستەکەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت.

## نەوتی 100 دۆلاری و دەستبڵاوی

لە دەیەی ڕابردوودا وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بەهۆی بەهای بەرزی نەوتەوە بە لێشاو داهاتیان دەستدەکەوت و هەر بە لێشاویش خەرجیان دەکرد. کاتێک لە 2011 خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی خەریک بوو بگاتە جەزائیر کە دووەم گەورە بەرهەمهێنەری نەوتی ئەفریقایە، حکومەتی ئەم وڵاتە پێداچوونەوەی بە بودجەی ساڵانەدا کرد و ڕێژەی خەرجییەکانی حکومەتی 25% بەرزکردەوە کە زۆربەی بۆ پشتیوانی دارایی سەر کاڵاکان، نیشتەجێکردن و بەرزکردنەوەی مووچەکانی کەرتی گشتی تەرخان کرا.

وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو، بەهۆی بەرزبوونی نرخی نەوتەوە توانییان بڕێکی زۆری پارە بۆ ژێرخانی ئابووری، هێزی بەرگری، پەروەردە، مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت و پشتیوانی دارایی سەر کاڵاکان تەرخان بکەن.

شا عەبدوڵڵا، پاشای کۆچکردووی سعودیە بڕیاری دروستکردنی شارۆچکەیەکی لەناو بیابان دەکرد کە بودجەیەکی 100 ملیار دۆلاریی بۆ تەرخان کرا و تەنیا تێچووی بورجی مەلیک لەناو شارۆچکەکەدا بە 1.2 ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت. لە کوێت زیاتر لە 90%ی هێزی کار لەناو کەرتی گشتیدا کاردەکەن. هەروەها بەهۆی ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ئەمنیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو لە ساڵی 2014دا زیاتر لە 113 ملیار دۆلاریان لە کەرتی سەربازی و کڕینی چەک و تەقەمەنیدا خەرج کرد، لەم بڕەش 81 ملیار دۆلاری لەلایەن سعودیەوە خەرج کراوە. لەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیش، وڵاتانی کەنداو 150 ملیار دۆلاریان لە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیدا خەرج کردووە، بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لەوەی پریشکی بەهاری عەرەبی بەر وڵاتەکانی کەنداو بکەوێ.

## ماڵئاوایی لە نەوتی 100 دۆلاری

لە ناوەڕاستی ساڵی 2014ەوە نرخی نەوت بە ڕێژەی نزیکەی 70% دابەزیوە، بەپێی پێشبینییەکانی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)، چاوەڕێ ناکرێت هەتا 2040 نرخی نەوت جارێکی دیکە بگاتەوە 100 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. دابەزینی نرخی نەوت تەنیا ساڵی پار 360 ملیار دۆلاری لە داهاتی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو کەم کردووەتەوە، ئەمەش وایکردووە وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنەکە بە سەرچاوەکانی داهات و ڕادەی خەرجییەکانی خۆیاندا بچنەوە. بەرپرسانی باڵای سعودیە ئاماژەیان بەوەداوە کە بەنیازن داهاتی وڵاتەکەیان بەرزتر بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو بژارەکان لەسەر مێزن، یەکێک لە بژارەکانیش فرۆشتنی بەشێک لە کۆمپانیای نەوتی سعودی ناسراو بە ئارامکۆ (Aramco) یە بە کەرتی تایبەت. ئارامکۆ بە گرانترین کۆمپانیای جیهان لەقەڵەم دەدرێت.

لە گوتاری ساڵانەی 2015دا، ئەمیری قەتەر دڵنیایی بە خەڵکی وڵاتەکەی دا کە دابەزینی نرخی نەوت نابێت تووشی شڵەژانیان بکات، لە هەمان کاتدا جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە "حکومەت چیدی ناتوانێت خەرجی هەموو شتێک بدات". هەر لە چوارچێوەی گوتەکانی ئەمیری قەتەردا، زۆربەی وڵاتانی کەنداو لە بواری پشتیوانەی داراییدا چاکسازییان کردووە، بۆ نموونە لە سعودیە نرخی گاز لە ساڵی 2015 بە ڕێژەی 50% بەرزبووەتەوە، هاوکات نرخی کارەبا و ئاویش بە ڕێژەی جیاواز بەرزکراونەتەوە.

جگە لە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت، وڵاتانی کەنداو بەتێکڕای دەنگ ڕایانگەیاندووە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا 5% باجی نرخ دادەنێن. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە باجی نرخەکان لە چاو وڵاتانی دیکەی جیهان زۆر کەمە.

سەرەڕای ئەم بڕیارانە، خەڵکی وڵاتانی کەنداو سوود لە بڕێکی زۆر لە خەرجییەکانی حکومەت دەبینن، لەوانەش دابەشکردنی زەوی، پشتیوانەی دارایی سەر نرخی کاڵاکان، پڕکردنەوەی کەموکورتی مووچەی هاووڵاتیان، پەروەردە و تەندروستی بەخۆڕایی، ئەمە جگە لەوەی باجی سەر داهات لە هیچکام لە وڵاتانی کەنداو پەیڕەو ناکرێت، هەر بۆیەش چاوەڕێ ناکرێت تەنیا ئەم 5% باجی نرخە گرژییەکی ئەوتۆ لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتەکان و جەماوەردا دروست بکات. بەڵام لە داهاتوودا ئەگەری بەرزبوونەوەی ئەم باجە لەئارادایە، ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ڕەنگە خەڵکیش چاوەڕوانییەکانیان لە حکومەت زیاتر بێت و تەنانەت داوای حکومەتی نوێنەرایەتی بکەن.

حاڵی حازر وڵاتانی کەنداو پێویستییەکی ئەوتۆیان بەو داهاتە نییە کە باجی سەر نرخەکان دەکرێت دابینی بکات، واتە بەشێوەیەکی کورتخایەن دەتوانن لەگەڵ ئەم ڕەوشەی نرخی نەوتدا هەڵبکەن، چونکە وڵاتانی کەنداو لە حاڵەتی زۆر پێویستدا دەتوانن بۆ سندووقی سامانی نیشتمانیی بگەڕێنەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئینستتیوتی سەر بە سندووقی سامانی نیشتمانی، وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو 2.6 تریلیۆن دۆلار یەدەگیان هەیە، ئەمەش 37% کۆی گشتی سندووقی سامانی نیشتمانی لە هەموو جیهان پێکدەهێنێ.

جگە لەمە، وڵاتانی کەنداو دەتوانن بە نرخێکی زۆر کەم نەوتەکەیان بفرۆشن، بۆ نموونە سعودیە دەتوانێت بە هەر بەرمیلێک نەوتی خۆی بە 10 دۆلار بفرۆشێت و لە کوێت ئەم نرخە هەتا 8.5 دۆلار بۆ بەرمیلێک دادەبەزێت.

جیا لەمە حکومەتەکانی ناو ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو کەمترین قەرزیان لەسەرە، هەر بۆیەش لە کاتی تەنگانەدا بەبێ کێشە دەتوانن قەرز لە لایەنە نێودەوڵەتییەکان بکەن.

ئەگەر فراوانتر سەیری بکەین، دەبینین ئەم ڕەوشە نوێیەی نرخی نەوت دەرفەتێکی بۆ وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو خوڵقاندووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک چاکسازیی بنەڕەتی لە ئابووریی خۆیاندا بکەن. بۆ نموونە چاکسازی لەو پشتیوانە داراییەی پێشکەش بە کەرتی وزە دەکرێت، لە ڕەوشێکی ئاوها خەڵک باشتر لە هۆکاری چاکسازییەکان تێدەگەن. کارێکی دیکەی حکومەت دەشێت ئەوە بێت کە ئەوەندەی بۆی دەکرێت هێزی کار لە کەرتی گشتی دووربخاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەرەو بە کەرتی تایبەت بدرێت.

ئەم پرۆسەیە بە تایبەتی بۆ سعودیە و ئیمارات پێویستە، لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتووانیان لە وڵاتانی دیکەی کەنداو زیاترە، لە سعودیە زیاتر لە 30%ی دانیشتوان بێگانەن کە قورساییەکی زۆریان لەسەر هێزی کاری ئەم وڵاتە دروستکردووە، هەروەها هەردوو وڵات هەوڵ دەدەن هێزی کاری خۆماڵی گەشە پێبدەن و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت زیاتر لە هاووڵاتیانی خۆیان پێکبێت.

بەپێی ئامارەکان 90%ی هێزی کاری خۆماڵی لە سعودیە لەسەر شانی حکومەتن و لە کەرتی تایبەتیشدا 90%ی فەرمانبەران و کرێکارەکان بیانین. ئینستتیوتی تەکنەلۆجیای سەر بە زانکۆی ماسۆچۆستس لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای دەکات، ئەگەرچی هەوڵەکانی سعودیە بۆ خۆماڵیکردنی هێزی کاری کەرتی تایبەت بەردەوامن، بەڵام بەهۆی ناشارەزایی هێزی کاری ناوخۆیی، ئەم هەنگاوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەرتی تایبەت داناوە، لە کاتێکدا ئەم سیاسەتە 11 هەزار کۆمپانیای ناچار کردووە سعودیە جێبهێڵن.

## ئاڵۆزیی ڕەوشی ناوچەکە:

لە پاڵ کێشە ناوخۆییەکان، ژمارەیەک شەڕ و کێشەی ناوچەییش وایان کردووە ڕەوشی دارایی وڵاتانی کەنداو سەقامگیر نەبێت. جگە لە بەشداریی لە جەنگی ناوخۆی یەمەن، هەم سعودیە و هەمیش ئیماراتی عەرەبی ئامادەییان پێشانداوە بۆ ئەوەی هێز ڕەوانەی سووریا بکەن. بێگومان چارەسەری سیاسی لە سووریا دەتوانێت گرژییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو کەم بکاتەوە، بەڵام جارێ زووە بۆ ئەوەی پێشبینی لەمجۆرە بکرێت. بە کورتی گەڕاندنەوەی ڕەوشێکی سەقامگیری دارایی بۆ ناوچەکە تەنیا بە چاکسازی ڕەوشی ئابووریی ناکرێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە گرژییە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کەم بکرێتەوە.

# دیداری سلێمانی سەرکردە باڵاکانی عێراق و جیهان کۆدەکاتەوە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

"گۆڕانکاری و هەژان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا" ناونیشانی ئەمساڵی دیداری زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق- سلێمانییە کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە باڵاکانی نێوخۆ و باڵیۆزانی وڵاتانی جیهان لە عێراق، بۆ گفتوگۆ لەسەر دوا گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەشت پانێلدا کۆدەکاتەوە و نوێنەری وڵاتانی ئێران، سعودیە، تورکیا و ڕووسیاش بەشداریی تێدا دەکەن.

دیدارەکە ڕۆژی 16ی ئەم مانگە لە زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق- سلێمانی، لە شاری سلێمانی دەستپێدەکات و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت. یەکێک لە هەشت پانێلەکەی دیدارەکە تایبەت دەبێت بە ڕەوشی هەرێمی کوردستان.

زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق- سلێمانی وەکو زانکۆیەکی قازانجنەویست ساڵی 2007 لە شاری سلێمانی دامەزراوە و بەرهەم ئەحمەد ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرۆکی دەستەی ئەمیندارانیەتی. ئەمە چوارەمین دیدارە کە لەلایەن ئەو زانکۆیە ڕێکدەخرێ.

بژار عەلی بۆسکانی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق- سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ بەشداریکردن لەدیدارەکە بانگهێشتنامە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە خاوەن بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەرەوە نێردراوە، بەڵام ئەو کەسایەتییانەی کە وەڵامیان داوەتەوە و ئامادە دەبن، بریتین لە ئەیاد عەللاوی، کەسایەتی سیاسیی عێراقی، عەممار حەکیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق، حوسێن شەهرستانی وەزیری خوێندنی باڵا، هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر. هەروەها بریت مەککگورک نوێنەری تایبەتی باراک ئۆباما بۆ هاوپەیمانێتی دژی داعش، رایان کرۆکەر باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق و عەمرو موسا، سەرۆکی پێشووی کۆمکاری عەرەبی. بەڵام سەلیم جبووری، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەهۆی سەفەرکردنی بۆ دەرەوە ناتوانێت بەشداریی دیدارەکە بکات.

بە گوتەی بۆسکانی، جگە لەو بەرپرسانە، باڵیۆزانی ئەمەریکا و بەریتانیا و تورکیا و وڵاتانی دیکەش ئامادە دەبن، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، بانگهێشتنامە بۆ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نێردراوە، بۆسکانی گوتی "سەرۆکی پەرلەمان ئامادە دەبێت، بەڵام مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی ڕۆژی 2016/3/15 ئاگادارمان دەکەنەوە کە ئامادە دەبن یان نا، بەڵام د.فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئامادە دەبێ".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

ساڵی 2014 کە دووەم دیداری سلێمانی بەڕێوەچوو، ئەحمەد داودئۆغڵو کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو، ئامادەی دیدارەکە بوو، سەبارەت بە ئامادەبوونی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دەرەوە لە دیداری ئەمساڵدا، بژار بۆسکانی لەم کاتەدا ئامادە نەبوو ناوی ئەو کەسایەتییانە ئاشکرا بکات کە ئامادە دەبن.

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دیدارەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، زۆربەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەورووپا و عەرەبی بانگهێشتکراون، لەوانەش فیلیپ هامۆند، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و بەرپرسانی باڵای وڵاتانی سعودیە و ڕووسیا و ئێران و تورکیا، بەڵام 24 کاژێر پێش دەستپێکردنی دیدارەکە دڵنیایی تەواو بۆ ئامادەبوونیان دەدەن. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئەگەر بەرپرسانی باڵای سعودیە و ڕووسیا و ئێران و تورکیاش ئامادە نەبن، بەدڵنیاییەوە نوێنەرەکانیان ئامادە دەبن".

ساڵ و نیوێکە چەکدارانی داعش بەشێکی خاکی عێراقیان داگیرکردووە و هەنووکەش پارێزگای مووسڵ و بەشێک لە پارێزگای ئەنباریان لەژێر دەستە، بۆیە بەشێکی زۆری پانێڵەکان تایبەتن بە گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ.

بژار بۆسکانی ڕوونیکردەوە، پانێڵەکان تایبەتن بەو کێشانەی بەهۆی شەڕی داعش لە عێراقدا دروستبوون و ئەو گۆڕانکارییانەشی بەو هۆیەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاتوونەتە ئاراوە و کاریگەرییەکانی لەڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازی، هەروەها کێشەکانی سوننە و شیعە لە عێراقدا و کاریگەرییەکانی وڵاتانی تورکیا و سعودیە و ڕووسیا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دیداری ئەمساڵی سلێمانی لە کاتێکدایە کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە، هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی ناجێگیری سیاسیدا تێدەپەڕێ بەهۆی ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

ئەو بارودۆخە وای لە زانکۆی ئەمەریکی کردووە کە لە دیدارەکەدا پانێڵێک تایبەت بکات بە باسکردنی ئەو کێشە نێوخۆییانە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، بۆسکانی گوتی "لەسەر ئاستی باڵا و مەکتەبی سیاسی حیزبەکان بەرپرسانیان بانگهێشتکراون بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین لەبری کۆبوونەوەکانیان و سازکردنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی، لە پانێلێکدا بەشداری بکەن تا بەڕوونی خەڵک بزانێت کێشەکان چین".

زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی ساڵانە و دوای دیدارەکان ئەو پێشنیازانەی لە دیدارەکاندا لەلایەن بەرپرسەکانەوە دەخرێنەڕوو، دەیانکاتە ڕاسپاردە و بۆ جێبەجێکردنیان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکات، بژار گوتی "هیوادارین ئەمساڵیش دیدارەکەمان ڕاسپاردەی باشی هەبێت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرنگی بە ڕاسپاردەکان بدات".

بەریتانیا دوو لەسەر سێی داواکارییەکانی ڤیزای ڕەتکردووەتەوە

# ڕەتکردنەوەی داوای ڤیزای خەڵکی کوردستان لە بەریتانیا مشتومڕ دەنێتەوە

گەری کێنت
ڕووداو- لەندەن

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست پەرلەمانی بەریتانیا کەوتوون، لە نێوان مانگی نیسان هەتا ئەیلوولی ساڵی ڕابردوو، لە کۆی 1790 داوای ڤیزا کە لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراون بۆئەوەی سەردانی بەریتانیا بکەن، 1165 داوا ڕەتکراونەتەوە، بەم پێیەش بەریتانیا دوو لەسەر سێی کۆی داواکارییەکانی ڤیزای ڕەتکردووەتەوە کە لە هەولێرەوە هاتوون.

جەیسن مەککارتی، سەرۆکی گرووپی پەرلەمانتارانی هەموو پارتەکان (APPG) ئاشکرای کرد کە لە نێوان نیسانی 2014 هەتا ئاداری 2015 ڕێژەی ڕەتکردنەوەی داوای ڤیزای خەڵکی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا 55% بووە. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست دانی کیناهان، پەرلەمانتاری ئێرلەندای باکوور کەوتووە، ئەم ڕێژەیە یەک لەسەر پێنج زیادی کردووە.

لە ساڵی 2008ەوە پرسی ڤیزای نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا بابەتێکی سەرەکی هەموو ئەو شاندە بەریتانیانە بووە کە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە. گرووپی پەرلەمانتارانی هەموو پارتەکان لەگەڵ سێ ڕێکخراوی بازرگانیی بەریتانی کاری کردووە بۆ ئەوەی ڕێژەی ڕەتکردنەوەی داواکانی ڤیزای هەرێمی کوردستان کەم بکرێتەوە.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئەرێنی لەم پەیوەندییەدا ڕوویانداوە، لەوانەش کردنەوەی سەنتەری داواکردنی ڤیزا لە هەولێر، ئەم سەنتەرە وایکرد چیدی کەسی داواکار پێویست نەکات سەردانی عەممان یان بەغدا بکات لەو کاتەدا کە فۆرمی داواکارییەکەی کاری لەسەری دەکرێت.

فۆرمی داواکارییەکان لەلایەن فەرمانبەرانی ئۆفیسی پاکانەی هاتنەناوەوە، ناسراو بە (ECOs) تەماشا دەکرێت، ئەم ئۆفیسە تەنیا پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت کە لەسەر فۆرمەکە نووسراون، لەبەر ئەوەی هیچ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەسی خاوەن داواکاری ناکرێت.

کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی لە پشت ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی ڤیزاوەن، بۆ نموونە دەشێت کەسەکە نەیتوانیبێ ئەو فۆرمە ئاڵۆزەی داوای ڤیزا بە تەواوەتی پڕبکاتەوە، یانیش نەیتوانیبێ بەڵگەی تەواو بخاتە بەردەست لەبارەی ئەو شتانەی لە فۆرمەکەدا هاتوون.

ECOs مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئاخۆ بەڵگەکان جێگەی متمانەن یان نا، لەناو ئەو ناوانەی داوایان ڕەتکراوەتەوە، هەندێک بەرپرسی حکومی و تەنانەت ئەو کەسانەش دەبینرێت کە بۆ کاروباری فەرمی بانگهێشتی بەریتانیا کراون. یەکێک لەو کەسانەی بۆ کۆنفرانسێک بانگهێشتی بەریتانیا کرابوو، پرسیاری لێکرابوو کە بۆچی دەیەوێت چەند ڕۆژێک زیاتر لە بەریتانیا بمێنێتەوە.

لە نووسراوێکدا کە سێ کۆمپانیا سەرەکییە بەریتانییەکە ئاراستەی پەرلەمانی بەریتانیایان کردووە، هاتووە "زۆر حاڵەت هەیە کە بەپێی هەموو پێوەرێک، دەکرا قازانجی سیاسی و بازرگانیی گەورەیان بۆ بەریتانیا هەبێت، بەڵام داواکەیان ڕەتکراوەتەوە".

بەبۆچوونی ئەم گرووپە کۆمپانیایە، ئەم هەنگاوەی ECOs "کێشە بۆ هەناردەکردنی کەلوپەل و خزمەتگوزارییە بەریتانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات و ئەو نیازپاکییەی نێوان بەریتانیا و هەرێمی کوردستان تێکدەدات".

ئەم گرووپە لە کۆمپانیاکانی "شارەزایی نێودەوڵەتیی بەریتانی"، "ئەنجوومەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" و "گرووپی بازرگانی و وەبەرهێنانی پاسفایندەر" پێکهاتووە.

گرووپە سێ لایەنەکە دان بەوەدا دەنێن کە حکومەتی بەریتانیا مافی خۆیەتی سنوورەکانی وڵات بپارێزێت و گەرەنتی ئەوەش بکات گەشتیارەکان بۆ وڵاتی خۆیان دەگەڕێنەوە، بەڵام دیپلۆمات و سیا سە تکا ر ە بەریتانییەکان دەبێت مافی ئەوەیان پێبدرێت لە هەندێک حاڵەتدا کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ECOs دابنێن. هاوکات داوا لە حکومەتیش دەکەن لێکۆڵینەوە بکات لەوەی هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی داواکاریی ڤیزای خەڵکی هەرێمی کوردستان تا چەند لەجێی خۆیدا بووە، بەڵام داواکارییەکە ڕەتکرایەوە.

بەبۆچوونی ئەم گرووپە، دانانی سیستەمی پشکنینی بەر لە بڕیاردان دەشێت ئاستی هەڵەکان کەم بکاتەوە، ئەم سیستەمەش دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا دابنرێت، هەروەها داوا لە حکومەتی بەریتانیاش دەکەن ستافێک بۆ بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتنەکان دابنێت و فۆرمەکانی داواکاری ئاسانتر بکرێنەوە. نووسراوەکەی ئەم سێ کۆمپانیا و ڕێکخراوە هاوشانی ڕاپۆرتی سەردانی گرووپی پەرلەمانتارانی هەموو پارتەکانی بەریتانیا بۆ کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر کۆنگرێسی ئەمریکا چاکسازی لە بەرنامەی هەڵگرتنی ڤیزا بۆ هەندێک وڵات کرد، بەپێی ئەم چاکسازییەش هەر کەسێک سەردانی عێراق، ئێران و سووریای کردبێت ناتوانێت بەبێ ڤیزا سەردانی ئەمریکا بکات، ئەم هەموارکردنەوەیە ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی بەریتانیاشی گرتووەتەوە کە بۆ مەبەستی جیاواز سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە. بە گوێرەی پرۆگرامی هەڵگرتنی ڤیزا، هاووڵاتیانی ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان کە زۆربەیان ئەندامی یەکێتیی ئەورووپان، دەیانتوانی بێ داواکردنی ڤیزا سەردانی ئەمریکا بکەن. ئەم هەنگاوەی کۆنگرێسی ئەمریکا دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە بزنسکارەکان دڵسارد بکاتەوە لەوەی لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، لەبەر ئەوەی ئەمە دەکرێت لەداهاتوودا گەشتکردن بۆ ئەمریکایان لێ سەختتر بکات.

هەڵبەت دەکرێت بەپێی حاڵەتەکان هەندێک کەس یان ڕێکخراو لەم هەموارە دەربهاویشترێن، بەڵام بەم حاڵەشەوە ئەندام پەرلەمانەکانی بەریتانیا ئەم پرسەیان لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە لەندەن باسکردووە، لەبەر ئەوەی ئەم هەنگاوە دەکرێت بەربەست بۆ ئەو کەسانە دروستبکات کە دەیانەوێت پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانە هاوبەشەکانی وەکوو هەرێمی کوردستاندا دروست بکەن.





## ناسنامەی سووری لە کەمپەکان دەدزرێ

**رووداو- هەولێر**

نەزمی شێخ کە کۆچبەرێکی کوردە و لەگەڵ سەتان کۆچبەری دیکە لە سنووری مەکدۆنیا گیری خواردووە دەڵێت "خواردن و خواردنەوە کەمە و دەبێت بچین لە گوند بیکڕین، لەوێش ئەوانە گرانن هەروەها لەوێ کێشەش دروستدەبێت پارە نادرن، بەڵکو دەفتەر عایلەی سووری و ناسنامەی سووری دەدزن و، وەکو بڵێی مافیا لەوێ دروستبوونە ناوێرین بچینە دەرەوە". هۆکاری دزینی ناسنامەی سوورییەکان بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان تورکیا. بەپێی ڕێککەوتنەکە تورکیا ئامادەیە تەواوی ئەو کۆچبەرانەی یەکێتی ئەورووپا دیپۆرتیان دەکاتەوە وەربگرێت، بەڵام دەشبێت ئەورووپا هێندەی ئەو ژمارەیە کۆچبەری سووری لە ڕێگەی تورکیاوە بەسەر وڵاتانی یەکێتی ئەورووپادا دابەشبکات.

## یاسای نوێی کۆچ مافی مانەوەی کاتی دەداتە کۆچبەران

# سوێد کۆچبەران نائومێد دەکات



رووداو – ستۆکهۆڵم

هەفتەی رابردوو ماوەی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی یاسای نوێی کۆچ لە سوێد کۆتایی هات، هەرچەندە یاساکە بە فەرمی رانەگەیەنراوە، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە ئێستا پەیڕەو دەکرێت. یاساکە ڕووبەڕووی ڕەخنەی چالاکڤانان بووەتەوە و کۆچبەرانیشی شۆک کردووە.

پاش پاراستنی مافەکانی ژنان و منداڵان، یەکێک لەو شتانەی سوێدی وەک پێشەنگی مافەکانی مرۆڤ ناساندووە، گوزەرانی باشی پەنابەران و سیاسەتی کۆچە، بەڵام وەک چالاکڤانانی ئەو وڵاتە دەڵێن، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی تازەی کۆچ، پێشەنگایەتی سوید لەبواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

### هێنانی کەسوکار سنووردار دەکرێت

یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی یاسای نوێی کۆچ ئەوەیە کە پەنابەر بەشێوەیەکی کاتی لەو وڵاتە دەمێنێتەوە و مافی هێنانی کەسوکاریش بۆ ناو وڵاتەکە زۆر سنووردار دەکات.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (amnesty international) تێبینی لەسەر یاسا نوێیەکەی سوێد لەبارەی کۆچبەران هەیە و پێیوایە "ئەم سیاسەتە تازەیە، خەڵک بۆ گرتنەبەری ڕێگەی نایاسایی هاندەدات".

ڕێکخراوە لۆکاڵییەکانی سوێد و لەنێویشیاندا سەندیکای کارمەندان کە لەسەر ئاستی ئەورووپا کار دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەم سیاسەتە نوێیەی کۆچ دژ بە بنەماکانی شیاندن و گونجاندنە کە ئەنجامەکەی بە سستبوونی پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت".

فەلاح ڕەمۆ کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و زیاتر لە ساڵێکە گەیشتووەتە سوێد و ئێستا مافی پەنابەرێتی کاتی وەرگرتووە، ڕەنگە مافی ئەوەی هەبێ سێ ساڵ لەو وڵاتە بمێنێتەوە، بەڵام ئەو بەوە هیچ خۆشحاڵ نییە و ئێستا بیر لەگەڕانەوە دەکاتەوە.

ڕەمۆ خێزانەکەی و دوو منداڵەکەی پێشتر لە ئیستانبوڵ بوون، بەڵام بەهۆی قورسیی ژیان لەو شارە، ناچار بوون پەنا بۆ یەکێک لە کەمپی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان ببەن. ڕەمۆ دەڵێت "یاسای تازەی کۆچ لە سوێد بە جۆرێکە مەحاڵە لێرە چاوم بە دوو منداڵەکەم بکەوێ، بۆیە تەنیا ڕێگە لەبەردەمم گەڕانەوەیە".

ئەگەرچی یاساکە لە مانگی مایسی ئەمساڵەوە کاری پێدەکرێ، بەڵام هەموو ئەو کۆچبەرانە دەگرێتەوە کە لە پاییزی ساڵی رابردووەوە گەیشتوونەتە سوێد.

ئۆرسولا بێری، بەڕێوەبەری سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە هاوپەیمانێتی ئاکادیمیستەکانی سوێد دەڵێت "ناوەڕۆکی یاساکە و پەیڕەوکردنی، تەواو دژ بە ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤە کە لە نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر دراوە".

### توندبوونەوەی ململانێ لەگەڵ ئەڵمانیا..

بە بۆچوونی لێکۆڵینڤانان لادانی ئەڵمانیا لە بەهۆی پابەندنەبوونی ئەڵمانیا بە ڕێککەوتنی دیبلن کە پەنابەرانی سنووربداشکراوی سوێد وەرناگرێتەوە، سوێد ڕەخنەی توند لەو وڵاتە دەگرێت. مۆرگان یۆهانسن، وەزیری کۆچی سوێد دەڵێت "ئەگەر ئەڵمانیا پابەندی ئەو ڕێککەوتنە نەبێت، کەیسەکە دەبەینە دادگای ئەورووپی".

گوتیشی کە ئەوان تێدەگەن لەوەی چ گوشارێک لەسەر ئەڵمانیا هەیە، بەڵام دەبێت پابەندی ئەو ڕێککەوتنە بن.

ئێستا 700 کۆچبەر کە چاوەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لە سوێد دەکەن، بەپێی ڕێککەوتننامەی دبلن دەبوایە سوێد بیاننێرێتەوە ئەڵمانیا چونکە پێشتر پەنجەمۆریان لەو وڵاتە وەرگیراوە، بەڵام ئەڵمانیا ئامادە نییە وەریانبگرێت.

ڕێککەوتننامەی دبلن لەژێر گوشاری کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە سوێد دەستپێشخەریی کرد و ئێستا دانیمارک بە ڕووی ئەڵمانیادا پەیڕەوی دەکات.

ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی دبلن ئاسانکاری بۆ ئەو ڕێککەوتنەی یەکێتی ئەورووپا و ئەنکەرە دەکات لە گەڕانەوەی بەکۆمەڵی پەنابەر، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمە بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و پەیڕەوکردنی ڕێگای ناشەرعی وەسف دەکات.

کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووکان زیاد بن رعد بۆ ئاژانسی کۆمپیسی سوێدی دەڵێت "ئەم پرۆسەیە سنووربداشکردنێکی بەکۆمەڵە کە ڕێگەیەکی نایاسایی و ناشەرعی دژ بە مافەکانی مرۆڤە".

بەپێی ڕاگەیاندنی فەرمی دامەزراوەی کۆچی سوێد، حکومەتی سوێد داواکاریی 80 هەزار کەسی بۆ پێدانی مافی پەنابەری قبووڵ کردووە کە بە گوتەی ستیفان لۆڤێن سەرەکوەزیرانی سوێد، گەورەترین ژمارەی کۆچبەرە لە مێژووی سوێددا.

سوێد مافی مانەوەی کاتی بەو پەنابەرانە دەدات، ئەمەش بەلای چالاکڤانانەوە پێشێلکاریی مافی مرۆڤە.

یۆران ئاندێرشۆن لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی سوێدی بە (رووداو)ی گوت "لە پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤدا شتێک نییە بەناوی مانەوەی کاتی، ئەوەی سوێد پەیڕەوی دەکات پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤە، بەتایبەتی دژ بە ژن و منداڵ".

ئەو چالاکڤانە هاوڕایە لەگەڵ بەیاننامەکەی ڕێکخراوی ئەمنستی بەوەی "هانی خێزانەکان دەدات، ژن و منداڵ بدەنە دەست قەدەری ڕێگای قاچاخ و کۆچی نایاسایی".

کارزان محەممەد بەو هیوایە چووەتە سوێد ژیانی داهاتووی منداڵەکانی دابین بکات کە لە ئاست ژیانێکی ئەورووپیدا بێت. ئەو لە باشووری کوردستانەوە چووەتە سوێد و ئێستا لە کەمپێکدا دەژی و دەڵێت "لە پێناوی داهاتووی منداڵەکانم دەیان هەزار دۆلارم خەرج کرد".

ئەو زانیارییەکی وای لەسەر یاساکە نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت "کارمەندی دەزگای کۆچ پێیانگوتم قەت بیر لە هێنانی منداڵەکانت نەکەیتەوە و ئەوە لە مێشکی خۆت دەربکە". بەپێی یاساکە کارزان مافی مانەوەی نییە و تەنانەت مۆڵەتی کاتیش نایگرێتەوە.

کارزان نازانێت بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو دوو کوڕ و کچەی کە لەگەڵ ژنەکەی لە سلێمانی جێیهێشتوون، یان وەک دەڵێت "خۆم بدەمە دەست قەدەر و ئەو چەند ساڵە چاوەڕێ بکەم".

ئاندیرشۆن لەبارەی کەیسی هاوشێوەی کارزان دەڵێت "هەموو کەسێک مافی سوودمەندبوونی لەو ڕێسایانە هەیە کە لە ئەورووپا هەن. بەگوێرەی ئەوە مافی خۆیەتی بیر لە هێنانی منداڵەکانی بکاتەوە، بەڵام ئەم یاسا تازەیەی سوێد ڕێگە بە کۆچبەر نادات تەنانەت خۆیشی بمێنێتەوە".

### لە خاڵە گرنگەکانی یاساکە

- هەموو کۆچبەرێک، یاسای مافی مانەوەی کاتی دەیگرێتەوە و نابنە پەنابەری هەمیشەیی، تەنیا ئەوانە نەبێت کە لەڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەهێنرێنە سوێد.
- کات و سنوور بۆ ئەو کۆچبەرانە دادەنرێت کە دەیانەوێت کەسوکاریان بهێننە سوێد. لە ئەگەری قبوڵکردن، پێداوستییەکانی ژیان و مانەوەی کاتی دەکەوێتە ئەستۆی کۆچبەر.
- تەمەن دەستنیشان دەکرێت بەتایبەت بۆ گەنجەکان و لەڕێگەی پشکنینی پزیشکی.
- پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی پەڕی فەرمی و شوناسنامە لە سنوورەکان و خاڵەکانی گواستنەوە و شەمەندەفەرەکان پەیڕەو دەکرێت.

# سێ ژنی کورد لە کتێبی 16 ژنەکەی سوێددان



نادیە حاتەم



بێریڤان ئۆنگرور



ئەڤین خەفاف

رووداو – ستۆکهۆڵم

ڕەنگە مایەی سەرسامی بێت ناوی ژنە پارێزەرێکی کورد لەنێو پەرتووکی 16 ژنە ناودارەکەی سوێددا بێت کە هەفتەی رابردوو بڵاوکرایەوە، چونکە سەرەڕای دژایەتیکردنی لەلایەن هەندێ لە سوێدییەکانەوە، ئەو کۆڵی نەدا و خوێندنی تەواوکرد. ئەو ژنە پەنابەرە کوردە ئێستا لە گرانبەهاترین شوێنی ستۆکهۆڵم ئۆفیسێکی پارێزەرایەتی پڕ کاری هەیە.

هەفتەی رابردوو لە سوێد، لە ڕۆژی 8ی مارسدا کتێبی "(o) Sverige- En besvarad kärlekshistoria" واتە "سوێد.. چیرۆکی خۆشەویستییەکی پاداشتنەکراو" بڵاوکرایەوە کە باس لە ئەزموونی 16 ژنی تاراوگەنشینی سوێد دەکات.

لەنێو ئەو پەرتووکەدا چیرۆکی سەرکەوتنی سێ ژنی کورد هەیە کە بریتین لە: ئەڤین خەفاف، سەرمایەدار و سیاسەتکاری پارتی مۆدیرات و لەدایکبووی شاری سلێمانی. بێریڤان ئۆنگرور چالاکڤان و سیاسەتکار و بەربژێری پێشووی پەرلەمانی ئەورووپا و سکرتێری دامەزراوەی (TCO)، لەدایکبووی مێردین. نادیە حاتەم، لەدایکبووی مۆسکۆ، بەڵام لە دایک و باوکێکی کورد کە زۆربەی ژیانیان لە پێشمەرگایەتی و لە چیاکانی کوردستان بەسەر بردووە.

ڕۆس لیشا، نووسەر و چالاکڤان لە بواری ژنان پێیوایە بوونی ناوی سێ ژنی کورد لەو پەرتووکەدا بەهێزیی پێگەی ژنانی کوردی تاراوگەنشین نیشان دەدات. دەشڵێت "سوێد ئەو زەمینە ڕەخساوەیە کە ژنان دەتوانن پێگەی خۆیانی تێدا بەهێز بکەن".

بێریڤان ئۆنگرور، لە پەرتووکەکەدا سەرەتای وشەکانی لە بەشی خۆیدا بە (سوپاس سوێد، سوپاس، سوپاس) دەست پێدەکات. بێریڤان خۆی بە بەشێک لە ئەزموونی سەرکەوتووی سوێدی دەزانێت و دەڵێت "بە ناسنامەیەکی کوردییەوە لە کۆمەڵگەی سوێدیدام". ئەو ژنە کوردە لە کۆمیتەی ئیکۆنۆمی/ سۆسیال وەک نوێنەری سوێد لە یەکێتی ئەورووپا کار دەکات و لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە، بۆیە ڕەخنە لە سیاسەتی ئابووری بەرامبەر ژنان دەگرێت و پێیوایە هاوتا نییە و هەلی یەکسان ناڕەخسێنێ.

ئەوەی شایستە بوو بەبێ هیچ سێ و دوویەک ناوی لە پەرتووکەکەدا هەبێت، نادیە حاتەم بوو، چونکە وەرگرتنی ئەو لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ئۆپسالا زۆرترین دەنگدانەوەی هەبوو، کاتێک لەنێو 300 کەس لەسەر ئاستی سوێد تەنیا ئەو بە شایستە زانرا بۆئەوەی وەربگیرێ، بەڵام قوتابیانی سوێد لە دژی ئەو ڕژانە سەر شەقام. نادیە دەڵێت "بەڵام من کۆڵم نەدا".

لە ڕاپۆرتی ڕادیۆی سوێد و ئاژانسی (TT) دا هاتووە "نادیە ئێستا ئۆفیسێکی گەورەی هەیە، کە پێکهاتەکانی گرانبەها و کۆنن و چەندین فەرمانبەری لەژێر دەستە و ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر بەڕێدەکات". ئۆفیسەکەی نادیە، لە گەڕەکی گاملیستان (شاری کۆن)ی ناوجەرگەی ستۆکهۆڵمی پایتەختە.

نێڤین یوسف لەدایکبووی سووریا کە خاوەنی بیرۆکەی کتێبەکەیە، دەڵێت "بیرۆکەی ئەم کتێبە لە تێڕوانینە نێگەتیڤەکەی کۆمەڵگەی سوێدییەوە بۆ ژنانی بیانی سەرچاوەی گرتووە". گوتیشی "لەنێو ژنانی بیانیدا خەڵکی سەرکەوتوو هەن و مەبەستمان بوو ئەوە نیشانی کۆمەڵگەی ئەورووپی بدەین".

وا پێشبینی دەکرێ کە پەرتووکەکە یەکێک بێت لە پەرتووکە پڕفرۆشەکانی ئەمساڵ. لیشا دەڵێت "پەرتووکەکە دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی و تۆماری کەسایەتییە بەهێزەکانی ئەم سەردەمەی سوێدە. هەر بڵاوبوونەوەی پەرتووکەکە بۆ خۆی کارێکی گرنگ بوو".

### سێ ژنی کورد لەنێو 100 ژنی سوێد

زۆر لە ناوەندە میدیایی و ڕۆشنبیرییەکان، لە سەرەتا یان ناوەڕاستی ساڵەوە کار لەسەر دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکانی ساڵ دەکەن و دواتر ئەنجامەکەی بڵاودەکەنەوە.

ڕۆژنامەی (expressen) کە یەکێکە لە ڕۆژنامە کۆن و پڕفرۆشەکانی سوێد و دامەزراوەیەکی کاریگەرە، دوای پرۆسەی کۆکردنەوەی دەنگەکان، ماوەکانی رابردوو 100 ژنی ساڵی ڕاگەیاند کە لەنێویاندا سێ ئافرەتی کورد هەبوون، ئەوانیش: زلێخا داغلی، 60 ساڵان، چالاکڤانی ژنان و لەدایکبووی باکووری کوردستان کە لە ریزبەندی 18هەمینی لیستەکەدا بوو، سارا محەممەد، 48 ساڵ، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ و لەدایکبووی هەرێمی کوردستان کە لە ریزبەندی 26 و هەروەها ئامینە کاکەباوە، 45 ساڵ، ئەندامی پارلەمانی سوێد و لەدایکبووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ریزبەندی 32ی لیستەکەدا بوو.

لە لیستەکەی ڕۆژنامەی (expressen)دا ناوی ئەو سێ ژنە کوردە لە ریزی ناوی سێ وەزیر و هەردوو سکرتێری ئێستا و پێشووی پارتی مۆدیرات و سۆسیال دیموکراتدا هاتبوو. لە لیستەکەدا ناوی ئێلیسا ڤیکاندەر، وەرگری خەڵاتی ئۆسکاری 2016 لە پلەی دووەم و شازادە سۆفیا لە پلەی پێنجەم و چەندین ژنی دیکەی کاریگەر لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگەی سوێدی هەبوون.

نووسەرێکی سوێدی ڕەخنە لە کۆمەڵگەی سوێدی دەگرێت و پێیاندەڵێت "ئەوە ئێوەن ئاگاتان لە پەنابەر نییە کە ئابووریی وڵاتەکەتان بونیاد دەنێن".

ئاندرێش یۆنسۆن، لە دوایین پەرتووکیدا بەنێوی "پەنابەران، ئەوانەی سوێدیان بونیادنا" باس لە گرنگی و ڕۆڵی پڕبایەخی پەنابەران دەکات و دامەزراندنی چەندین گەورە کۆمپانیا لەلایەن پەنابەرانەوە بە نموونە دێنێتەوە کە ڕۆڵیان لە پێشخستن و گەشەسەندنی ئابووریی سوێددا هەبووە.

یۆنسۆن لە کتێبەکەیدا لە سێ ڕوانگەوە باس لە گرنگی و ڕۆڵی پڕ بایەخی پەنابەران دەکات و دەڵێت "لەڕوانگەی کولتووری و توێژینەوە و داهێنانی زۆرەوە کە ئێمە نەمانبوو، ئەوان ئابووری و پرۆسەی گەشەسەندنی سوێدیان پێشخست".



## شاجوانی ئاسیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەولێرە

**دەریاز یونس / رووداو – هەولێر**

ئەسیل ئەلئەحمەر، شاجوانی ئاسیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ساڵی 2015، ئێستا لە هەولێرەو چەند پرۆژەیەک ئەنجامدەدات.
ئەسیل بە (رووداو)ی راگەیاند "ماوەیەک لە هەولێر دەمێنمەوە و چەند پرۆژەیەکم هەیە، زۆر حەز دەکەم هاوکاری ئەو ئاوارانە بکەم کە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە".
ئەسیل دەشڵێت "حەز دەکەم لە بۆنەکانی ئادار و جەژنی نەورزی کوردی بەشداری بکەم، باس لە گەشت و سەیرانی مانگی ئاداریش دەکرێت، خۆم بۆ ئەوەش ئامادە کردووەو حەز دەکەم جلوبەرگی کوردی بپۆشم".

### فۆتۆگرافەر رەمەزان ئۆزتورک:

# هەست و سۆزی خەڵک عومەری خاوەریان کردە سیمبول نەک من



## زۆر وێنەی وەکوو ئەوەی عومەری خاوەر لە هەڵەبجەدا هەبوون

### ئێستاش کە گوێم لە گۆرانییەکی خەمگینی کوردی دەبێت دەگریەم

**نەوزاد مەحموود و رەسەن رەمزی**
**رووداو- ئیستانبوڵ، سلێمانی**

لە یەکێک لە تەلەڤزیۆنە ئەورووپییەکاندا، هەواڵێکی کورت سەرنجی کامێرامانێکی خەڵکی باکووری کوردستان رادەکێشێ، کاتێک بە رستەیەکی کورت بڵاوی کردەوە کە "لە هەڵەبجەی باکووری عێراق" گازی کیمیایی بەکارهێنراوە.

رەمەزان ئۆزتورک، چیدی جێی بەخۆی نەگرت و کەوتە هەوڵ بۆئەوەی لە ئیستانبوڵەوە بگاتە هەڵەبجە، ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن سنووری ئێران ببڕێ، بەڵام دواتر پیاوێک و کۆرپەکەی باوەشی، سنووری دەیان وڵاتیان لەبەردەم نێوبانگیدا کردەوە.

رەمەزان ساڵێک پێش کیمیابارانی هەڵەبجە لە تورکیاوە دێتە کوردستان بۆ ئەوەی سۆراخی ئەندازیارێکی تورک بکات کە لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە دەستگیرکرابوو. ئەوکات تورکیا و عێراق لە بەهاری پەیوەندییەکانیاندا بوون "پەیوەندیم بە پێشمەرگەکانی تاڵەبانییەوە کرد و ئەوانیش هەواڵەکەیان پشتڕاست کردەوە، دواتر داوای بینینی تاڵەبانیم لێکردن و رەتیان نەکردەوە".

دوای 4 مانگ، ئۆزتورک گەیشتە نێو پێشمەرگە و تاڵەبانیشی بینی، ئەندازیارە تورکەکەش بەهۆی ئەوەوە ئازاد دەکرێت. چەند راپۆرتێکیش لەسەر شەڕی پێشمەرگە و سوپای عێراق ئامادە دەکات و بە دەستی پڕەوە دەگەڕێتەوە ئۆفیسی رۆژنامەی سەباحی تورکی.

ئەو کەمە شارەزاییە لەبارەی ناوچەکانی باشووری کوردستانەوە، 10 مانگ دواتر بۆ ئەو کامێرامانە کۆمەکبەخشێکی باش بوون، چونکە لە هەواڵێکی بەپەلەدا، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەبینێ "بە فڕۆکەیەک خۆم گەیاندە تاران و دواتر بە هەلیکۆپتەرێک من و چەند رۆژنامەنووسێکی دیکەیان هەڵگرت و سێ جار بەهۆی ئاماژەی مەترسیدارەوە فڕۆکەکان نیشتنەوە و دواجار لە نزیک هەڵەبجە دایانبەزاندین".

بە گەیشتنی بە سنوورەکانی باشووری کوردستان، دیمەنەکان تێیدەگەیێنن کە دۆخێکی نائاسایی چاوەڕێی دەکات "بۆمبی گەورە گەورە فڕێدرابوون کە چاڵی گەورەیان دروست کردبوو، زۆربەی ئاژەڵەکان مردبوون یان شێوابوون، لەسەر رێگاکانمان تەرم هەبوو.

پێش ئەوەی بچێتە نێو شار، بێدەنگی باڵی بەسەر هەڵەبجەدا کێشابوو، سەرەتای بەهار بوو، بەڵام نە باڵندەکان دەنگیان هەبوو نە مرۆڤ، هەموو شتێک مردبوو، بێدەنگییەکە ترسناک بوو. ئۆزتورک لە راست و چەپی خۆیدا تەنیا تەرمی دەبینی.

ئەو ساڵانێکی زۆرە کامێرامانە و پیشەکەی ناچاری کردووە سەر بەهەموو کون و کەلەبەرێکدا بکات، بەڵام هەڵەبجە تاکە شوێنە زۆرترین ئازار و مەینەتی تێدا بینیوە و هێشتا بەکوڵ و دڵ چیرۆکی نێو تەرمەکان دەگێڕێتەوە: "تەرمەکان زۆر سەرنجڕاکێش بوون، ئەو ماددە کیمیاییە وەک تۆز بە دەموچاویانەوە دیار بوو، لەسەر لاشەی مردووەکان سووتاوی هەبوو، مۆر هەڵگەڕابوون، ئەوەی زۆر دراماتیکی بوو منداڵەکان بوون کە باوەشیان بە دایکیاندا کردبوو، یان هەبوو لەسەر سفرەی نانخواردن مردبوو".

کوچە و کۆڵانە پڕ لەتەرمەکان، ناچاریان کردووە بەردەوام بێ لە وێنەگرتن، ئەگەرچی چەند سەربازێکی ئێرانی بەردەوام داوایان کردووە بڕۆن و ئەو ناوە جێبهێڵن نەوەک فڕۆکەکان بۆمبی دیکە بهاوێن. رەمەزان دەڵێت "بەردەوام دەگریام و وێنەم دەگرت، بیرم دەکردەوە ئەو وەحشیگەرییە گەورەیە چۆن لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە جێی دەبێتەوە".

لە ئۆفیسەکەی خۆیدا لە ئیستانبوڵ، هەمان ئەو وێنەیەی هەڵواسیوە کە خۆی گرتوویەتی و دەیان خەڵاتی و لەپایدا وەرگرت. ئەو وێنەیەی دواجار بەهۆی کامێراکەی ئەوەوە گەیشتە سەرانسەری دونیا. رەمەزان ئۆزتورک باسی ئەو کۆڵانە دەکات کە عومەری خاوەر و کۆرپەکەی تێدا بینیوە و دەڵێ "چووینە کۆڵانێک، پیاوێکمان بینی باوەشی بە منداڵەکەیدا کردووە، بە خۆی منداڵەکەی داپۆشیوە و لەسەر قادرمەی ماڵێک مردوون.

رەمەزان سەرەتا وایزانیوە عومەر باپیری منداڵەکەیە، ئەو دەڵێت "ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، باوکەکە بۆ ئەوەی قورسایی نەخاتە سەر منداڵەکە، خۆی لەسەر ئانیشکی راگرتبوو بۆ ئەوەی زیان بە منداڵەکە نەگات، دیمەنێکی زۆر مرۆڤانە و زۆر کاریگەر بوو، هەرچەندە سەربازەکان زۆریان بۆ هێنابووین کە بڕۆین، بەڵام من گوێم پێنەدان و بە دوو کامێرا وێنەم دەگرت".

کەمێک لەولاتری عومەری خاوەرەوە، سەربازە ئێرانییەکان بە تووڕەیی بە ئۆزتورک دەڵێن لەوە زیاتر ژیانی نەخاتە مەترسییەوە "یەکێک لە سەربازەکان پێیگوتم ئەگەر زۆر وێنەی ئەم دیمەنە بگریت یا نا، چی لە بابەتەکە دەگۆڕێت؟". هەرچەندە ئۆزتورک وەڵامی سەربازەکانی نەدایەوە، بەڵام چەند هەفتەیەک بەس بوون بۆ ئەوەی جیهان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کاتێک وێنە کاریگەرەکان هەست و سۆزی جیهانیان بزواند.

هەرچەندە عومەری خاوەر بووە ناسنامە و نوێنەری برین و ژانی هەڵەبجە، بەڵام بەبڕوای ئەو کامێرامانە، دیمەنی هاوشێوەی ئەو زۆر هەبوون کە مرۆڤیان شۆک دەکرد "لە یەکێک لە گەڕەکەکاندا دایکێکمان بینی لەسەر رێگاکە راکشابوو، منداڵەکەی لەسەر دەستی بوو، ئەگەر وێنەی عومەری خاوەر بە کاریگەرترین وێنە هەڵنەبژێردرایە، ئەو وێنەیە هەڵدەبژێردرا، چونکە هێندەی ئەو کاریگەر بوو. لە کۆڵانێکی دیکە منداڵێک هەبوو لەناو دەرگاکەدا کە نیوەی لەژوورە و نیوەکەی دیکەی لە دەرەوەی ماڵەکە بوو، یان دایکێک و 6 منداڵەکەی کە بە کۆمەڵ شەهید کرابوون، سەیری هەر کوێت بکردایە هەمووی کاریگەر بوون".

رەمەزان ئۆزتورک، دەڵێ ئەو جگە لە وێنەی عومەری خاوەر، 150 وێنەی دیکەی ناردووە بۆ رۆژنامە و گۆڤارە بەنێوبانگەکانی دنیا "من نەبووم کە وێنەی عومەری خاوەرم وەک کاریگەرترین وێنە هەڵبژارد، بەڵکو هەست و سۆزی خەڵکی جیهان هەڵیانبژارد و کردیانە سیمبول، نەک دەزگاو رێکخراوەکان".

تاوەکو ئێستا ئەو کامێرامانە زیاتر لە 30 خەڵاتی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە و نێوبانگی ئەو چیدی لە سنوورەکانی تورکیادا نەماونەتەوە. کاتێکیش عەلی حەسەن مەجید و هاوکارەکانی لەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دادگایی دەکران، ئۆزتورک یەک لەو شاهیدحاڵە کاریگەرانە بوو کە بەهەمان ئەو کامێرایەی وێنەکانی پێگرتبوو، رووبەڕوو پێیدەگوتن ئەوان چییان بەسەر خەڵکی شارێک هێناوە. دواتریش لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و کامێراکەی وەک دیارییەک بەخشییە هەڵەبجە.

بۆئەوەی لەو دیمەنانە کەمێک تێبگەی، دەبێ وەک رەمەزان جێگۆڕکێ بەشوێنی خۆت و قوربانییەکان بکەی "من منداڵەکەی خۆم خستە شوێنی کۆرپەکە و خۆم خستە شوێنی عومەری خاوەر، ئینجا تێگەیشتم باوکایەتی لە دۆخێکی وەهادا چەند سەختە، من ئێستاش کە گوێم لە گۆرانییەکی خەمگینی کوردی دەبێ دەگریەم".

### ژیوار شێخولئیسلامی بۆ (رووداو):

# فارس نابێت گۆرانیی کوردی بڵێن

ژیوار شێخولئیسلامی ژنە هونەرمەندی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە بنەماڵەیەکی ئاینیی شاری سنە لەدایک بووە. بەڵام لە تاران کۆلێژی وەرزشی خوێندووە و ئێستاش خاوەنی گرووپێکی هونەریی ژنانەیە بەنێوی ژیوار.
ژیوار لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) زانیاری زیاتر لەبارەی خۆی و کارەکانی باس دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو - سلێمانی



**رووداو: تۆ کۆلێژی وەرزشت تەواو کردووە، بەڵام لە وەرزش بەردەوام نەبوویت و هونەری میوزیک و گۆرانیت هەڵبژارد، ئەمە چۆن بوو؟**

**ژیوار:** راستە من کۆلێژی وەرزشم لە زانکۆی زەهرای تاران لە بواری تایکواندۆ و ئای کیدۆ تەواوکردووە. بەهۆی پەیدابوونی ئازار لە قاچمدا، پزیشک ئەو وەرزشەی لێ قەدەغە کردم، بەڵام جاروبار وەکو دادوەر بۆ پێشبڕکێکان بانگم دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا من لە تەمەنی 15 ساڵییەوە هاتمە تاران و چوومە لای چەند مامۆستایەکی بەناوبانگ کە دەزگای موزیکیان هەیە، هەوڵم دا بەشێوەیەکی دروست فێری دەنگ و تەکنیک و میوزیک بم.

**رووداو: باوکت دەروێش بووە، ئەو چ کاریگەریی لەسەرت هەبوو لە بواری هونەری؟**

**ژیوار:** بەدڵنیاییەوە کاریگەریی هەبوو، چونکە ئەو دەروێشی نەقشبەندی بوو، لەبەرئەوە هەمیشە دەف لە ماڵماندا هەبووە، بەڵام زۆر حەزی نەدەکرد بخوێنم، چونکە پێیوابوو خوێندن بۆ کوڕە نەک کچ. بۆ گۆرانیگوتنیش زۆری پێخۆش نەبوو، بەڵام دواتر توانیم قەناعەتی پێ بهێنم، باوکم دەیگوت گۆرانییەک بڵێ زیاتر خزمەتی ژنان بکات.

**رووداو: کە هێندە حەزت لە گۆرانیگوتن بوو بۆچی نەچوویتە کۆلێژی هونەر؟**

**ژیوار:** پێموابوو بڕوانامەی هونەر ناتوانێت بمژێنێ. دوای تەواوکردنی کۆلێژی وەرزش، لە بواری هونەریشدا خوێندم، بۆ ماوەی ساڵێک و چوار مانگ لە دوو دامەزراوەی فەرەنسی لە بواری دەنگ و میوزیک لە تاران وانەم خوێند و دوو بڕوانامەی دانانی ئاوازم وەرگرت.

**رووداو: رات چییە لەسەر ژنە گۆرانیبێژەکان؟**

**ژیوار:** دەتوانم لە چەند روویەکەوە باسیان بکەم، بۆ نموونە لە ژنەکاندا لەیلا فەریقی، فاتێ، شەهریبان کوردی و چۆپی فەتاح لەهەموو رووەکانەوە توانیویانە خزمەتێکی باشی هونەری کوردی و ژنانیش بکەن، پێمخۆشە لەیلا بێتەوە ناو دنیای هونەر، بەڵام بەشێکی دیکەیان بەداخەوە زۆرتر دەیانەوێت خۆیان نمایش بکەن کە لەو کاتەشدا تاموچێژ و هەست لەگۆرانییەکەیاندا نامێنێ.

**پێمخۆشە لەیلا فەریقی بێتەوە ناو دنیای هونەر**

**رووداو: کەی گرووپی ژیوارتان دامەزراند؟**

**ژیوار:** 16 ساڵە ئەو گرووپەم دامەزراندووە کە لە 10 ژنی فارس پێکدێن.

**رووداو: ئەی بۆچی ژنی کوردی تێدا نییە؟**

**ژیوار:** بەداخەوە لەبەرئەوەی لە تاران زۆر بە کەمی ژنی میوزیکژەنی کورد هەیە، بۆیە نەمانتوانیوە پێکەوە کار بکەین. ژنی کورد هاتوونەتە لام بۆ کارکردن، بەڵام هەندێکیان کەمێک غروریان هەبووە، هەندێکیشیان توانایەکی ئەوتۆیان نەبووە، ئەگینا لەسەدا سەد پێمخۆشە هەموو ژەنیارەکانم کورد بن.

**رووداو: بۆچی بەرهەمت نییە؟**

**ژیوار:** دوو هۆکاری هەیە، یەکەمیان لە ئێران گۆرانیی ژنان بەشێوەی دەنگ و رەنگ قەدەغەیە و ئەگەر ئەوە بکەم رەنگە رێگری لە کۆنسێرتەکانیشم بکرێت، ئەگەر بشمەوێت سیدییەک بەرهەم بێنم و رەوانەی دەرەوەی بکەم زۆری تێدەچێت، بۆیە ئێستا دەمەوێت هانی زیاتری ژنان بدەم بۆ ئامادەبوونیان لە کۆنسێرتەکانی ژنان.

**رووداو: ئەوەندە پارەت نەبووە بتوانی ئەلبووم یاخود گۆرانییەک بەرهەم بهێنیت و لە دەرەوە بڵاوی بکەیتەوە؟**

**ژیوار:** نەخێر، لەبەرئەوەی ئەگەر تەنیا بە خۆم و سازێک بێت دەتوانم، بەڵام دەمەوێت کارێکی ئۆرکێسترایی پرۆفیشناڵ بێت کە ئەوەش تێچوویەکی زۆری دەوێت.

**رووداو: گوتت لە ئێران ڤیدیۆ کلیپی ژنان قەدەغەیە، بەڵام خۆ ئێوە کۆنسێرتیش دەکەن، ئەوەیان قەدەغە نییە؟**

**ژیوار:** بۆ کۆنسێرتەکانیش دەبێت ژەنیار و ئامادەبووانیش ژن بن، بەهیچ شێوەیەک پیاو بۆی نییە لەو هۆڵەدا ئامادە بێت.

**رووداو: ئەوەی لە کۆنسێرتەکاندا پێشکەشی دەکەی بەرهەمی خۆتن؟**

**ژیوار:** بەڵێ زۆربەی گۆرانییەکان تایبەتن بە گرووپەکەمان و کاری خۆمن.

**رووداو: شارەزابییت لە چەند ئامێر هەیە؟**

**ژیوار:** سێتار و دەف.

**رووداو: بۆچی ئەو دوو ئامێرە؟**

**ژیوار:** دەف لەبەرئەوەی لە منداڵییەوە لەنێو خانەقاکان و دەروێشەکاندا پێی ئاشنا بووم، سێتاریش لەبەرئەوەی هەستێکی باشم بۆی هەبوو و لەئاستی دەنگیشمەوە نزیکە.

**رووداو: سەردانی هەرێمی کوردستانت کردووە؟**

**ژیوار:** بەڵێ لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و رانیەش کۆنسێرتم کردووە.

**رەنگە گۆرانییەکانم بۆ هەموو کەسێک نەبن**

**رووداو: بەڵام لەوێ زۆر ناسراو نیت، بۆچی؟**

**ژیوار:** رەنگە گۆرانییەکانم بۆ هەموو کەسێک نەبن، چونکە زۆربەی خەڵک گۆرانی شادیان پێخۆشە، لای من ئەو گۆرانییەی دەیڵێم ئەگەر 10 کەس بەدڵیان بێت بەلامەوە باشترە لەوەی هەموو کەس بەدڵیان بێت.

هەرچەندە زۆر سەرقاڵم بە ناساندنی هونەری کوردی و لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵات و ئێرانیشدا کۆنسێرتم کردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کلیپەوە زۆر کەس لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نامناسن، چونکە راگەیاندنەکان و ئەوانەی دۆستی هونەرن کەمتر کاریان بۆ کردووین. لە کاتێکدا گرووپە فارسەکان بانگهێشت دەکەن، بەڵام ئەوانە چ پەیوەندییان بە هونەری کوردییەوە هەیە؟ بەبۆچوونی من فارس نابێت گۆرانی کوردی بڵێت، بەڵکو کورد و فارس و تورک دەبێت بە زمانی خۆیان گۆرانی بڵێن. بە داخەوە ئێستا هەر گۆرانیبێژێک بیەوێ خۆی بناسێنێ، موزیکی کوردی بەکاردێنێ، بەڵام بە موزیک و هۆنراوەی هەڵە گۆرانی کوردی دەڵێن کە بەبۆچوونی من، ئەوە هەڵەی کەناڵەکانە.

**ئەو گۆرانییەی دەیڵێم ئەگەر 10 کەس بەدڵیان بێت بەلامەوە باشترە لەوەی هەموو کەس بەدڵیان بێت**

**رووداو: خۆت پێتخۆشە لەسەر چ شێوازێک کار بکەیت؟**

**ژیوار:** کلاسیکی کوردی یان کلاسیکی ئێرانی.

**رووداو: دەگوترێت هەندێک لە ژنانی هونەرمەندی رۆژهەڵات کە ئێستا دیارن لای تۆ پێگەیشتوون، وایە؟**

**ژیوار:** راستە، بەڵام پێمخۆش نییە ناویان بڵێم.

**رووداو: پەیوەندیت لەگەڵ ژنە گۆرانیبێژەکان چۆنە؟**

**ژیوار:** بەداخەوە پەیوەندیمان نییە

**رووداو: بۆچی؟**

**ژیوار:**، وەڵڵا نازانم، چەند ساڵێک پێش ئێستا سەردانی ئەڵمانیام کرد و هانیم بینی و لە هەرێمی کوردستانیش رۆژینم بینی.


**رووداو: خۆت پێتخۆش نییە پەیوەندیت لەگەڵیان هەبێت یاخود دەرفەت نەبووە؟**

**ژیوار:** دەرفەت نەبووە.


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆڵی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
رز محمود
ممتاز
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder



## لە داخی مێردەکەی، خۆی دەخنکێنێ

ڕووداو- ڕانیە

ڕۆژی 2014/2/28 ژنێکی تەمەن 28 ساڵ بە نێوی (ش.ە.) لە گەڕەکی ئازادی قەزای ڕانیە لە ماڵی باوکیدا بە پەت خۆی خنکاند. باوکی ژنەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سکاڵام لەسەر زاواکەم تۆمارکردووە، چونکە چەندین جار ئەشکەنجەی داوە، ئەو هۆکاری ئەوە بووە کچەکەم خۆی بخنکێنێ". لەو بارەیەوە ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەمەد باپیر گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین گوتی "مێردی ژنەکە لەسەر سکاڵای باوکی ژنەکە بەپێی ماددە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراوە، بە تۆمەتی ئەوەی هۆکاربووە بۆ خۆخنکاندنی ژنەکەی".



# لە 8ی مارسدا خۆی سووتاند

عومەر چاوشین
ڕووداو- قەڵادزێ

لە کاتێکدا ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان سەرگەرمی چالاکی و یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی ژنان بوون، هاژە بڕێک نەوتی بە جەستەی خۆیدا کرد و لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، دوای چوار کاژێر لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

هاژە حوسێن، تەمەن 20 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی بوو لە شارۆچکەی قەڵادزێ. ئێوارەی ڕۆژی 2016/3/8 کە هاوکات ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان بوو، ئاگری لەخۆی بەردا و خۆی سووتاند. تیمەکانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس فریانەکەوتن ئیفادە لە هاژە وەربگرن و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی دوای چوار کاژێر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی سپارد.

هاژە قوتابی پۆلی دوازدەی ئامادەیی بوو، لە کاتی ڕووداوەکەدا بە تەنیا لە ماڵ بووە و بڕیار بووە ئێوارە میوانیان بێت، هاژە لە ماڵەوە ماوەتەوە بۆ ئەوەی خواردن بۆ میوانەکان ئامادە بکات، بەڵام میوانەکانی بەسەر جەستەی سووتاوی هاژەدا هاتن.

لێدوانی کەسوکاری هاژە و پۆلیس یەک ناگرێتەوە. کەسوکارەکەی دەڵێن لەو باوەڕەدا نین کچەکەیان خۆی سووتاندبێ، بەڵام پۆلیس دەڵێت ئەو کچە خۆی سووتاندووە.

هیوا حوسێن کە برا گەورەی هاژەیە، لە دووەم ڕۆژی پرسەی خوشکەکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ئەو ڕۆژە بڕیار بوو ماڵی باوکم میوانیان بێت، هاژە لە ماڵەوە سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن بووە بۆ میوانەکان، بەڵام لە پڕ خەبەریان پێداین کە هاژە سووتاوە".

ئەوەی گومانی پۆلیسی تۆختر کردووەتەوە کە هاژە خۆی سووتاندبێ، دۆزینەوەی دەبەیەکی نەوتە لە نزیک شوێنی ڕووداوەکە. بەڵام هیوا ڕەتیکردەوە خوشکەکەی خۆی سووتاندبێ و لەبارەی دەبە نەوتەکە گوتی "ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، دیارە خوشکەکەمان لە کاتی ئامادەکردنی خواردن ئاگر لە جەستەی بەربووە، دەبە نەوتێک لەوێ بووە، ئەویش وایزانیوە ئاوە، یەکسەر نەوتەکەی بەخۆیدا کردووە بۆ ئەوەی خۆی پێ بکوژێنێتەوە، هەر بەهۆی ئەو نەوتەشەوە ڕێژەی سووتانەکەی گەیشتبووە 95%، ئەمە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی هاژە تەنیا چەند کاژێرێکی کەم دوای ڕووداوەکە بژی".

هیوا زۆر پەسنی خوشکەکەی دا و گوتی "هاژە کچێکی زۆر ژیر بوو، هەموو خۆزگەی ئەوە بوو بگاتە زانکۆ بۆ ئەوەی بە هاوڕێکانی بگاتەوە، چونکە ساڵێک لە خوێندن دواکەوتبوو. ئەو بەردەوام سەرزەنشتی ئەو کەسانەی دەکرد کە خۆیان لەناودەبەن، بۆیە لەو باوەڕەدا نین هاژە خۆی سووتاندبێ".

لەیلا محەممەد ڕەسوڵ، دراوسێی ماڵی باوکی هاژە دەڵێت "لەبەر دەرگا بووم گڕی ئاگرم بینی لە ماڵی کاک حوسێن بەرز بووەوە، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبووم کە ئاگرەکە لە جەستەی هاژە بەرز دەبێتەوە، پاشان لەناکاو ئاگرەکە زیادی کرد و دەنگی هاوار و قیژەی هاژە هات".

لەیلا کە ئەوکاتە بە تەنیا لە دەرەوە بووە، هەروەها دەڵێت "هەر هێندەم زانی کەسێک بە ئاگرەوە لە ماڵی کاک حوسێن هاتە دەرەوە و بە هاوار و قیژەوە بۆ لای من هات". لەیلا هیچی لەدەست نەهاتووە بۆ ڕزگارکردنی هاژە، ئەویش تەنیا لە هاوار و قیژەی داوە بۆ ئەوەی دراوسێکان بێنە دەرەوە و هاژە ڕزگار بکەن، بەڵام هەتا خەڵک هاتنە دەرەوە ئاگر زەفەری بە هاژە برد و لە جووڵەی خست.

لەیلا سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکەش هێشتا شۆک بەری نەداوە و دەڵێت "بەردەوام وێنەی هاژەم دێتە بەرچاو، خۆم بە شەرمەزار دەزانم کە ئەو هانای بۆ من هێنا و بەجەستەی بە ئاگرەوە بەدوای مندا ڕایدەکرد، بەڵام من نەمتوانی فریای بکەوم".

دوای ئەوەی ئاگرەکەی سەر جەستەی هاژە دەکوژێندرێتەوە، دراوسێکانیان دەیگەیەننە نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی بەڕێدەکرێ بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی.

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی نەخۆشخانەی قەڵادزێ گوتی "لەبەر ئەوەی بۆنی نەوت لە برینەکانی دەهات و ڕێژەی سووتانەکەی بەرز بوو، بۆیە پێمانوایە خۆی سووتاندووە".

هەر سەبارەت بەو ڕووداوە، ڕائید محەممەد سەلیم، لێپرسراوی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە قەڵادزێ گوتی "بەپێی زانیاریی سەرەتاییەکان ئەو ڕووداوە خۆسووتاندنە، بەڵام لەبەر ئەوەی دۆسیەکە تازەیە و قوربانیەکەش لەبەر سەختیی سووتانەکەی گوتەی لێ وەرنەگیرا، ڕاستی و هۆکاری ڕووداوەکە ڕوون نییە و گوماناوییە".

# گومان لە خۆخنکاندنی کچە ئاوارەیەک دەکرێت



پشتیوان جەمال
ڕووداو- کەرکووک

پۆلیس گومانی لە خۆخنکاندنی کچە ئاوارەیەکی شاری کەرکووک هەیە و بۆ دڵنیابوون لە چۆنێتی ڕووداوەکەش چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکین، برایەکی قوربانیەکە دەڵێت "دڵنیاین خۆی خنکاندووە".

حوسنیە عەلی، 16 ساڵ، لە بنەڕەتدا خەڵکی شارۆچکەی تەلعەفەرن و بەهۆی داگیرکردنی ناوچەکەیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ماوەی ساڵ و نیوێکە لە کەمپی یەحیاوا لە ناحیەی لەیلانی سەر بە شاری کەرکووک نیشتەجێن، ئەو کچە پاشنیوەڕۆی 2016/3/4 لەنێو گەرماوێکی بەردەم خێمەکەیاندا بە مردوویی دۆزرایەوە.

بنکەی پۆلیسی لەیلان لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکات و بۆ زانینی ئەوەی کە ئەو کچە خۆی خنکاندووە یان خنکێنراوە، چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادن.

سەرچاوەیەک لەو بنکەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس گومانێک هەیە خنکێنرابێت. سەرچاوەکە گوتی "تیمەکانی پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکە هیچ پێداویستییەکیان بەرچاو نەکەوتووە کە لەژێر قاچی کچەکەدا بوو بێت بۆ ئەوەی بۆ خۆخنکاندنی خۆی پێ بەرز کردبێتەوە و لە کاتی مردنیشیدا قاچی لە بۆشایی بووە، چونکە ئەگەر مرۆڤێک خۆی بخنکێنێ شتێک دەخاتە ژێر پێی".

بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە، ماڵی باوکی کچەکە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا گوتوویانە کچەکەیان خۆی خنکاندووە، سەرچاوەکە گوتی "ئەگەر قسەی ماڵی باوکی ڕاست بێت، بۆ دڵنیابوون لە باری تەندروستی و جەستەیی کچەکە هەر چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکین، چونکە هەندێجار ڕوویداوە کچان بەهۆی بوونی پەیوەندی ناشەرعییان پەردەی کچێنییان لەدەستداوە و دواتر پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە".

ماڵی حوسنیە وەکو زۆربەی ئاوارەکانی دیکە لەنێو خێمەیەکدا ژیان بەسەر دەبەن و ئەو شوێنەی ڕووداوەکەشی تێدا ڕوویداوە گەرماوێکە لە بەردەم خێمەکەیاندا. حوسێن عەلی برای حوسنیە کە هێشتا خەمی لەدەستدانی خوشکەکەی بەڕوخسارییەوە دیار بوو، گومانەکەی پۆلیسی ڕەتکردەوە و گوتی "لەوە دڵنیاین حوسنیە خۆی خنکاندووە، چونکە هیچ کێشە و هەڵەیەکی نەبووە تا ئێمە بیخنکێنین".

بەگوتەی ئەو برایەی، پێش ڕووداوەکە خوشکەکەی بەپێکەنینەوە بە ئەندامانی خێزانەکەی گوتووە دەچێت خۆی دەشوات، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە حەمام ماوەتەوە، بۆیە باوکی لە دەرگای حەمامەکەی داوە، کەچی کچەکە هیچ وەڵامی نەبووە، کاتێکیش دەرگاکەیان کردووەتەوە، وەک براکەی دەڵێت بە لەچکەکەی "خۆی خنکاندووە".

حوسێن هۆکاری "خۆخنکاندن"ی خوشکەکەی بۆ سەیرکردنی فیلمە ترسناکەکان گەڕاندەوە و گوتی "خوشکەکەم بەردەوام سەیری فیلمی دەکرد و مانگێک لەمەوبەریش هەندێک شەو لە نزیکەی کاژێر دوانزەی شەو هەڵدەستا و دەیگوت شەوانە خەون بە شتی ترسناکەوە دەبینم".

سەبارەت بەوەی بۆچی نەیانبردووەتە لای پزیشکی دەروونی، ئەو گوتی "نەریتی ئێمە وایە نایبەینە لای پزیشکی دەروونی، ماوەیەک لەمەوبەر گوتی گورچیلەم دێشێت و بردمانە لای پزیشک، بەڵام نەمانگوت شەوانە هەڵدەستێت".

ئەگەر ڕووداوەکەی حوسنیە خۆخنکاندن بێت، ئەوا دەبێتە دووەمین حاڵەت کە لەماوەی ئەم دوو مانگەدا لە سنووری پارێزگای کەرکووک ڕوویانداوە. شەوی 2016/2/21یش کچێکی دیکەی هاوتەمەنی حوسنیە بەهەمانشێوە لە گەرماوی ماڵی خۆیاندا و بە لەچکەکەی خۆی، خۆی خنکاند.

هەر لەنێو ئەو کەمپەدا و ساڵی ڕابردووش پیاوێکی بە تەمەن خۆی خنکاندووە و بە گوتەی شوعەیب محەممەد بەڕێوەبەری کەمپەکە، بەهۆی ناڕەحەتی ژیانیانەوە ئاوارەکان پەنا بۆ خۆخنکاندن دەبەن و گوتی "ڕەنگە حوسنیەش هەر بەهۆی بێزاربوونی لەم ژیانە خۆی خنکاندبێت، چونکە ئەوان شوێنی خۆیان داگیرکراوە و ئێستاش لەم بارودۆخە ناهەموارەدا ژیان بەسەر دەبەن".

# زاخۆ.. گێچەڵکردن بە قوتابیانی کچ پەرە دەستێنێ



غەریب مەجید
ڕووداو- زاخۆ

لەماوەی ئەمساڵدا لە شارۆچکەی زاخۆ، چەندین قوتابیی کچ لەلایەن شوفێری ئەو پاسانەی قوتابیان دەگوازنەوە، بەرەوڕووی دەستدرێژی و گێچەڵ بوونەتەوە و دۆسیەی هەندێک لەو کچانەش لە دادگایە، هەندێکیشیان بەبێ ئەوەی کەسوکاریان پێی بزانن، کێشەکانیان چارەسەر کراون.

بەپێی زانیاری لێژنەی کاروباری قوتابیانی سەر بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە قوتابخانەکانی زاخۆ، لە سەرەتای وەرزی خوێندنی ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا 22 حاڵەتی دەستدرێژی لەلایەن شوفێری ئەو پاسانەی قوتابی دەگوازنەوە، تۆمارکراون. پێنج لەو کچانە لە دادگا سکاڵایان لەسەر ئەو شوفێرانە تۆمار کردووە، هەندێکیشیان لە ڕێگەی لێژنەی کاروباری قوتابیانەوە چارەسەر کراون، بەبێ ئەوەی کەسوکاری قوتابییەکان ئاگادار بکرێنەوە.

هەر بەپێی زانیارییەکانی ئەو لێژنانە، سەرجەم ئەو قوتابیانەی بەرەوڕووی دەستدرێژی و گێچەڵ بوونەتەوە، لە ڕەگەزی مێن و لە پۆلەکانی نۆی بنەڕەتی تاوەکو 12ی ئامادەیی تێدایە.

هەرچەندە بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە زاخۆ، هاڤین سدیق، بێ ئاگایی خۆی لەو حاڵەتانە نیشاندا، بەڵام داوای کرد ئەگەر ئەو حاڵەتانە ڕاست بن، دەبێ بکەرەکانیان بە توندترین شێوە سزا بدرێن.

سەبارەت بەو دەستدرێژییانە (ڕووداو) پەیوەندی بە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانەوە کرد لە زاخۆ، بەڵام شوان نێری، بەرپرسی نووسینگەکە گوتی "لەلای ئێمە تەنیا یەک سکاڵا تۆمار کراوە، ئەویش سکاڵای کچێکی پۆلی 12ی ئامادەیی بوو کە لەلایەن دوو شوفێری پاسەوە بەرەوڕووی دەستدرێژی ببووەوە، ئێستا هەردوو شوفێرەکە گیراون و دۆسیەکەش لە دادگایە".

لە زاخۆ پاسی گواستنەوەی قوتابیان بە هەماهەنگی لە نێوان یەکێتی قوتابیانی کوردستان و سەندیکای گواستنەوە و گەیاندن دابین دەکرێت. سەگڤان سندی، بەرپرسی لقی زاخۆی سەندیکای گواستنەوە وگەیاندن سەبارەت بە حاڵەتی دەستدرێژیی شوفێران بۆ سەر قوتابیان بە (ڕووداو)ی گوت "بەڵێ ئەو حاڵەتانە هەبووە و تاوەکو ئێستاش دوو شوفێرمان لەسەر ئەو کارە سزاداوە و چیدی ڕێگەیان پێنادرێ قوتابی بگوازنەوە".

ژمارە (400) دووشەممە 2016/3/14



## لەنێو ئۆتۆمبیلەکەیدا کوشتیان

**ڕووداو- سلێمانی**

لە شاری سلێمانی گەنجێک بە کوژراویی لە نێو ئوتومبیلەکەیدا دۆزراوەتەوە و پۆلیسیش سەرقاڵی دۆزینەوەی بکوژەکەن. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2016/3/12 گەنجێکی کاسبکاری تەمەن سەروو بیست ساڵ لە گەڕەکی برایم پاشا لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا بە کوژراویی دۆزراوەتەوە و دوای ئەنجامدانی پشکنین بۆی، دەرکەوتووە بە پێنج گوللە کوژراوە. گوتیشی "پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە بۆ دۆزینەوەی بکوژانی. کەسوکاریشی لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا گوتویانە کێشە و دوژمنایەتییان لەگەڵ کەسدا نییە".

# پیاوێک لەلایەن ژنبراکەیەوە دەکوژرێت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**

پیاوێک لە بەردەم ماڵی خۆیاندا دەکوژرێ و هەر لەو ڕووداوەدا خوشک و خوشکەزایەکیشی بریندار دەبن. لەسەر سکاڵای ماڵی باوکی قوربانییەکە، خەزوور و ژنبرایەکی گیراون و فەرمانی گرتن بۆ ژنبرایەکی دیکەشی دەرچووە.

شەوی 2016/3/3 گەنجێکی تەمەن 23 ساڵ بەنێوی هەڵکەوت قادر، لە بەردەم ماڵی باوکیدا لە قەزای چەمچەماڵ دەستڕێژی گوللەی لێکرا و 13 گوللەی بەرکەوت. پۆلیس ژنبرایەکی ئەو گەنجەی دەستگیر کردووە، بەڵام ئەو کەسە حاشا لە تاوانەکە دەکات و دەڵێت برایەکی دیکەی تەقەی لێکردووە.

بە گوتەی کەسوکاری قوربانییەکە، هەڵکەوت کاژێر سێی پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە دەوام گەڕاوەتەوە، ئێوارەکەی چووە بەدوای خوشکەکەی و منداڵەکەیدا کە لە ماڵی خەزووری بوون و هێناونی بۆ ماڵی خۆیان، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ماڵەوە، لەبەر دەرگا تەقەیان لێکراوە.

هێرۆ قادر، خوشکی هەڵکەوت کە لە ڕووداوەکەدا بریندار بووە بە (ڕووداو)ی گوت "هەر کە گەیشتینە بەر دەرگا، لەنێو ئۆتۆمبێلێکی سپییەوە تەقەمان لێکرا، دوای تەقەکان بانگی هەڵکەوتم کرد وەڵامی نەدامەوە، منداڵەکەشم لە هۆش خۆی چووبوو، دەستم بۆ هەڵکەوت برد وەڵامی نەدامەوە و منداڵەکەشم دەمی نەمابوو، خۆشم سینگ و دەستم بریندار ببوو".

پشتیوان قادر، ناسنامەی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە تەقیان لە براکەی کردووە و بە (ڕووداو)ی گوت "ئۆتۆمبێلێکی پیکاب لە جۆری نیسان بووە، ژمارەشی پێوە نەبوو، دوو ژنبرای هەڵکەوتی تێدا بوون، (س) بکوژی سەرەکییە کە بە کلاشینکۆف 13 فیشەکی لە براکەم داوە و خوشک و خوشکەزاکەشم بریندار بوون". ئەو دەڵێت "باوکیان پلاندانەری کارەکە بووە، چونکە ئۆتۆمبیل و چەکەکە هی باوکیان بووە". هەڵکەوت و ژنەکەی پوورزای یەکدین. هەڵکەوت ساڵی ڕابردوو ژنی هێناوە، بەڵام تەنیا شەش مانگ لەگەڵ ژنەکەی پێکەوە بوون و ماوەی چوار مانگە لە یەکدی جیابوونەتەوە. بەگوتەی پشتیوان، هۆکاری سەرەکیی ڕووداوەکە پەیوەندی بە کێشەی نێوان هەڵکەوت و ژنەکەیەوە هەیە "ژنەکەی دەیگوت جیادەبمەوە و دایک و باوکیشی پشتگیرییان دەکرد. هەڵکەوت و ئێمەش زۆر هەوڵمان دا جیانەبنەوە، بەڵام بێسوود بوو، ئیدی ئێوارەیەک بووە دەنگە دەنگیان و بۆ شەوەکەی بوو نزیکەی 12ی شەو دایکم هات و گوتی ژنەکەی ڕۆیشتووە، پەیوەندیم بە باوکییەوە کرد گوتی (س)ی کوڕم هاتووە بە شوێنیدا و ئیدی لەوە بە دواوە نەیانهێشت بگەڕێتەوە، ناشزانین بۆچی گوتیان دەبێت جیاببنەوە".

بە قسەی ئەو برایەی، هەڵکەوت و ژنەکەی بۆ مەسەلەی جیابوونەوە سەردانی لێژنەی فتوایان کردووە، لەوێ هەڵکەوت پێداگیریی کردووە کە لە ژنەکەی جیانابێتەوە "باوکی ژنەکە بە زۆر پێی تەڵاقدا و هەڕەشەی کوشتنیشی لێکرد".

بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە ماڵی خەزووری هەڵکەوت بە (ڕووداو)ی گوت "زانیاریمان نییە ژنەکەی داوای جیابوونەوەی لە هەڵکەوت کردبێت و باوکی بەزۆر گوتبێتی دەبێت جیاببنەوە". ئەو سەرچاوەیە ڕەتیشیکردەوە خەزووری هەڕەشەی کوشتنی لە هەڵکەوت کردبێت و گوتی "خەزووری پەیوەندی بە کوشتنی ئەوەوە نییە، ڕووداوەکە بەڕێکەوت بووە".


دەگوترێت هۆکاری کوشتنەکە ئەوە بوو کە هەڵکەوت لە دوای جیابوونەوەیان لەنێو خەڵکدا قسەی بە ژنەکەی گوتووە، بەڵام پشتیوان ئەو زانیارییەی ڕەتکردەوە و گوتی "ئەو قسەیە ڕاست نییە، ئەسڵەن هەڵکەوت زۆر بێدەنگ بوو".

پشتیوان سوورە لەسەر ئەوەی کوشتنی براکەی پەیوەندی بە کێشەی لەگەڵ ژنەکەی هەبووە و گوتی "ژنەکە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، لێمان دەپرسی بۆچی جیادەبیتەوە، دەیگوت بە دەست خۆم نییە. تەنانەت باوکی دەیگوت یان کچەکەم دەکوژم یان دەبێت جیاببنەوە".

کەسوکاری هەڵکەوت بە تۆمەتی کوشتنی کوڕەکەیان سکاڵایان لە دژی خەزووری هەڵکەوت و دوو لە ژنبراکانی تۆمار کردووە، خەزوور و ژنبرایەکی هەڵکەوت بەنێوی (س) دەستگیرکراون، هەرچەندە پشتیوان (س) بە بکوژی براکەی دەزانێت، بەڵام (س) لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا ڕەتیکردووەتەوە هەڵکەوتی کوشتبێت.

نەقیب جەلال محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی گوت "(س) دانی بەوەدا ناوە کە لە کاتی ڕووداوەکەدا لەنێو ئۆتۆمبێلەکە بووە، بەڵام دەڵێت براکەی تەقەی کردووە، باوکیشی بێئاگایی خۆی لە ڕووداوەکە دەربڕیوە و هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر ئەوە نییە کە پلانی بۆ تاوانەکە داڕشتبێت".

سەبارەت بە قسەکانی ماڵی هەڵکەوتیش کە هۆکاری کێشەکە بۆ بەزۆر تەڵاقدانی ژنەکەی دەگێڕنەوە، نەقیب جەلال گوتی "لە کاتی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا خەزوور و ژنبراکەی باسی وردەکاری کێشەکەیان نەکردووە".



# گەنجێک بە چەقۆ و بلۆک دەکوژرێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**

گەنجێکی دانیشتووی شارۆچکەی چەمچەماڵ بە چەقۆ و بەرد و بلۆک دەکوژرێ و کەسوکاریشی دەڵێن تا ئێستا بکوژەکەی دیار نییە.

شەوی 2016/3/7 تەرمی گەنجێکی تەمەن 22 ساڵ بە نێوی کاوان کەمال، لە ناوچەی شیوە سووری دەرەوەی چەمچەماڵ دۆزرایەوە کە بە چەقۆ و بەرد و بلۆک کوژرابوو.

لەبارەی وردەکاریی تاوانەکە دراوسێیەکی ماڵی ئەو گەنجە بە (ڕووداو)ی گوت، وەکو دەڵێن لەلایەن هاوڕێکانییەوە کە هەشت کەس بوون، پەیوەندیی پێوەکراوە و ئەویش ڕۆیشتووە بۆ باخێک بۆ لایان و پێش ڕۆیشتنیشی پەیوەندی بە دوو هاوڕێی دیکەیەوە کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بڕۆن، بەڵام ئەوان نەڕۆیشتوون. دراوسێکەیان گوتی "دەڵێن بە کەتەر و بلۆک کوشتوویانە".

کوێخا ئیبراهیم ئامۆزای کاوان کە یەکەمین کەس بووە لەلایەن پۆلیسەوە لە ڕووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە، گوتی کاوان لە نزیکەی کاژێر سێی پاشنیوەڕۆ لە ماڵەوە بە باوکی گوتووە کە دەڕوات بۆ دەشت بۆ لای هاوڕێکانی و دەڕۆن بۆ نێرگز، بەڵام دوای کاژێر شەشی ئێوارە پۆلیس لە کوشتنەکەی ئاگاداری کردوونەتەوە. کوێخا و خزمەکانی دیکەی کاوان تاوەکو ئێستا نازانن کاوان بۆچی و لەلایەن کێوە کوژراوە.

سەبارەت بەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە کاوانەوە کردووە، کوێخا ئیبراهیم گوتی "هاوڕێکانی دەناسین، چونکە هەر خەڵکی چەمچەماڵن، بەڵام نازانین چووە بۆ لای چ هاوڕێیەکی و دوای ڕووداوەکەش تەلەفۆنەکەی لای پۆلیسە بۆ لێکۆڵینەوە". خزمەکەی ئەو زانیارییەی ڕەتکردەوە کە دەگوترێت هەشت کەس چاوەڕێیان کردووە و گوتی "ئەو قسانە لەڕاستییەوە دوورن و نازانین چەند کەس بوون".

کاوان هیچ ئیشێکی نەبووە و زۆربەی کات هەر لەگەڵ هاوڕێکانیدا بووە. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەنێو خەڵکی چەمچەماڵەوە دەستکەوتوون، ئەو گەنجە خۆیشی زۆر جار کێشە و شەڕی لەگەڵ خەڵکدا هەبووە، هاوسێیەکیان گوتی "ئەو گەنجە کێشەی لەگەڵ خەڵکی دیکە هەبوو، بۆیە گومان دەکرێت هەر لەسەر ئەو کێشانە کوژرابێت".

کوێخا ئیبراهیم نەیشاردەوە کە ئامۆزاکەی کێشەی هەبووە و گوتی "ڕەنگە خۆیشی سەر بەکێشە بووبێت، ڕەنگە هاوڕێی خراپیشی هەبووبێت و زۆرجاریش کێشەی لەگەڵ خەڵکدا هەبووە، لەگەڵ هاوڕێکانیشی تووشی دەنگە دەنگ بووە و ئەو کەسانەش هاتوونەتە لای خۆم و چەند جارێکیش هەر لەسەر کێشە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە، بەڵام کێشەکان ئەوەندە گەورە نەبوون کە بگاتە ئەو جۆرە کوشتنە دڕندانەیە".

سەبارەت بەوەی کە دەگوترێت بە بەرد و بلۆک کوژراوە، کوێخا ئیبراهیم کە خۆی لە پەیمانگەی پزیشکی داد تەرمەکەی بینیوە، گوتی "ئەوەندەی بینیم هەر بە چەقۆ سەر و دەموچاوی شێوێندرابوو، بەڵام جەستەی هیچ ئاسەوارێکی پێوە نەبووە و شوێنی بلۆکم نەبینی".

خێزانی کاوان چاوەڕێی پۆلیسن تاوەکو بکوژانی کوڕەکەیان بۆ بدۆزێتەوە، وەکو ئامۆزاکەشی دەڵێت "لەبەرئەوەی شێوازی کوشتنەکەی زۆر دڕندانەیە، لە بکوژەکەی خۆش نابین و دەبێت هۆکاری کوشتنەکەمان بۆ ڕوونبکاتەوە".

نەقیب جەلال محەممەد کە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە گوتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ بوو، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو گەنجە لەناوچەی شیوە سووری سەر بە ناحیەی شۆڕش بە بەرد و بلۆک کوژراوە و تائێستاش بکوژانی نادیارن، کەسوکاریشی بەهۆی نادیاریی بکوژانییەوە سکاڵایان تۆمار نەکردووە و چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیسن.

جەلال محەممەد پێیوایە کوشتنەکە بە پلان بووە و گوتی "لەبەرئەوەی شوێنی ڕووداوەکە لە دەرەوەی چەمچەماڵ بووە و بەشێوەیەکی نامرۆڤانەش کوژراوە، پێدەچێت بە پلان بووبێت".



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## حاشای لە کچەکەی کرد

ئافرەتێک سکاڵای لە پیاوەکەی هەبوو گوایە لەگەڵی خراپە و لێیدەدات و لەماڵ دەریدەکات، دەیگوت خەرجیشی ناکێشێ. کاتێک هاتە سەر گێڕانەوەی کێشەکەی، گوتی "سێ ساڵە شووم کردووە، مێردەکەم خزمی دایکمە، پێشتر پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبوو. من دەمزانی ئەو ژنی هەیە و حەوت منداڵیشی هەیە و 25 ساڵیش لە من گەورەترە، بەڵام خۆشمدەویست، بۆیە داوام لێکرد بێتە خوازبێنیم، کەچی ئەو ڕەتیدەکردەوە و دەیگوت باوکت ڕازی نابێت، چونکە من ژن و منداڵم هەیە. هەردووکمان بڕیارمان دا سەری خۆمان هەڵبگرین و بە کوردییەکەی پیاوەکە منی هەڵگرت".

باوکی ئەو ئافرەتە سکاڵا لەسەر پیاوەکە و کچەکەی تۆمار دەکات و هەردووکیان دەدۆزرێنەوە و دەستگیر دەکرێن. کاتێک دۆسیەکەیان دەبرێتە بەردەم دادوەر، ژنەکە ڕەتیدەکاتەوە ڕفێنرابێ و دەڵێت: من دەمەوێ شوو بەو پیاوە بکەم، پیاوەکەش دەڵێت: منیش دەمەوێ ئەو ژنە بخوازم، بۆیە دادوەر بەبێ ڕەزامەندی باوکی کچەکە، ئەو ژن و پیاوە لەیەکدی مارە دەکات.

ژن و مێردەکە دەچنە گوندێکی دەوروبەری هەولێر نیشتەجێ دەبن و ژیانێکی ئاسایی بەڕێدەکەن، بەڵام ئەو خۆشەویستییەی سەرەتا بۆ یەکدییان هەبوو، وردە وردە کاڵ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەوەی کێشە بکەوێتە نێوانیان. ئافرەتەکە گوتی "مێردەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پشتگوێم دەخات، ماڵی باوکیشم حاشایان لێکردووم، بەڵام هەڕەشە نین بۆ سەر ژیانم. چەند جارێک داوام لە مێردەکەم کردووە کە سوڵح لەگەڵ ماڵی باوکم بکات، بەڵام ئەو کە دەزانێت ماڵی باوکم هیچ هەڕەشەیەک ناکەن، بێمنەتە و نایەوێ ئاشت ببێتەوە. مێردەکەم نەک هەر لە ماڵی باوکم، بەڵکو لە منیش بێمنەتە، چەند جارێک پێیگوتووم ئەگەر ناڕازیت بڕۆ لە دادگا داوای تەڵاق بکە و چەند جارێکیش لێیداوم، بەڵام من ناتوانم ئەوە بکەم، چونکە ماڵی باوکم حاشایان لێکردووم، نازانم لە کوێ بمێنمەوە. ئێستا تەنیا هاموشۆی خوشکێکم دەکەم".

دوای وەرگرتنی قسەی ژنەکە، بەدوای مێردەکەیدا نێردرا، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە کە ژنەکەی پشتگوێ خستبێ یان لێی دابێت و گوتی من دوو ژنم هەیە، هەر ئەوەندە فریادەکەوم و ناتوانم بەردەوام لەلای ئەو بمێنمەوە.

سەبارەت بە سوڵحیش لەگەڵ ماڵی باوکی ژنەکە، پیاوەکە گوتی من دووجار هەواڵم بۆ ناردن کە سوڵح بکەین، بەڵام ئەوان گوتیان سوڵح ناکەین.

پیاوەکە بەپێی مادە حەوت لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ خرایە زیندان و دواتر بە کەفالەت ئازادکرا و ڕەوانەی لێژنەی ئاشتەوایی کرا. ئافرەتەکە لەبەردەم لێژنەی ئاشتەوایی تەنیا داوای ئاشتبوونەوەی دەکرد لەگەڵ ماڵی باوکی، پیاوەکە گوتی من ژنی خۆم دەوێ و خەرجی دەکێشم و بابێتەوە لای من، بەڵام ژنەکە قەناعەتی بە قسەی مێردەکەی نەبوو، پێداگیریی لەسەر سوڵح لەگەڵ ماڵی باوکی دەکرد، بۆیە بە پێویست زانرا باوکی کچەکە بانگی لێژنەی ئاشتەوایی بکرێ و بزانرێ ئامادەیە سوڵح بکات، بەڵام باوکی کچەکە گوتی: "سوڵح ناکەم، حاشام لە کچەکەم کردووە و با باجی هەڵەکەی بدات". لە قسەکانی باوکی کچەکەدا دەردەکەوت کە حەز دەکات سوڵح بکات و لەگەڵ کچەکەی ئاشت ببێتەوە، بەڵام دابونەریت و قسە و قسەڵۆکی خەڵک ڕێگربوون لەوەی بە سوڵح ڕازی بێت.

لە کۆتاییدا بە ئافرەتەکە ڕاگەیەندرا ئەگەر پێویستت بە شوێنە دەتوانی داوای داڵدەدان بکەی، بۆ ئەوەی لە شەڵتەری ژنان شوێنی بۆ بکرێتەوە، بەڵام ئەو حەزی کرد بچێتە لای خوشکەکەی تا ئەو کاتەی کێشەکەی چارەسەر دەکرێ.

***** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# ئێران حیزبوڵڵایەکی دیکە لە سووریا دەچێنێ؟

ڕووداو– The Washington Institute

لە ئایاری 2014دا، ژەنەراڵ حوسێن هەمەدانی، یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئێران ڕایگەیاند ئێران "حیزبوڵڵای دووەم لە سووریا دروست دەکات". ئەگەرچی هەمەدانی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی 2015 لە شەڕ و پێکدادانەکانی حەلەبدا کوژرا، تەنیا مەبەستی میلیشیاکانی هێزی بەرگریی نیشتمانیی سووریا بوو، بەڵام دەشێت ئاماژەیەکیش بێت بە پێکهێنانی هێزێک کە تێیدا شیعەکان لە چەقی دەسەڵاتدا بن.



## قۆناغەکانی پێکهێنانی ئەو هێزە

ناوەڕاستی 2012 هەتا ناوەڕاستەکانی 2013 ئێران یارمەتی حکومەتی بەشار ئەسەدی دا بۆ ئەوەی بتوانێت ژمارەیەک هێزی میلیشیایی ناوچەیی پێکبهێنێ، یەکێک لەو هێزانەش تۆڕی لیواکانی ئەبوو فەزڵ ئەلعەبباس بوو کە زۆربەی فەرماندەکانی یان فەرماندەی میلیشیا عێراقییەکان بوون، یانیش ئەو فەرماندە شیعانە بوون کە هاوکاریی سوپای سووریایان کردبوو. ئەم هێزانە زۆربەی جاران وەکوو لقێک لە هێزی بەرگریی نیشتمانی بۆ ئامانجی دیاریکراو کاریان دەکرد.

دواتر لە ناوەڕاستی 2013دا ئێران دەستیکرد بەوەی ئەم گرووپانە بۆ هێزی چەکداریی جووڵاو بگۆڕێت کە توانای وەڵامدانەوەی خێرای هێرشەکانیان هەبێت. ئەم هێزانە دواتر دەستیان بە کۆکردنەوەی چەکداری بیانی کرد کە زۆربەیان لە عێراقەوە دەهاتن.

لە کۆتایی 2013 هەتا 2014ش، لیوای زولفەقار و لیوای ئیمام حوسێن کە هەردووکیان بەشێک لە تۆڕی لیواکانی ئەبوو فەزڵ ئەلعەبباس بوون، ڕەوانەی دەوروبەری دەرعا لە باشووری سووریا و هەروەها باکووری دیمەشق کران. کۆتایی 2014 گرووپە چەکدارە شیعەکان، لەوانەش هێزەکانی ئیمام ڕەزا، هێزیان ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی غووتە لە دەرەوەی دیمەشق و قەلەمون کرد. لە سەرەتاکانی 2015ش، لەگەڵ جموجۆڵی هێزەکانی دژی ئەسەد بەرەو ناوچە کەنارییەکان، لیوای ئیمام حوسێن و لیوا ئەسەدوڵڵا ئەلغالیب هێزیان لە لازقیە جێگیرکرد.

## جوگرافیای بە حیزبوڵڵاکردن

سەرەتای 2014 چەندین میلیشیای شیعەی سووری خۆیان بە "حیزبوڵڵا لە سووریا" ناوزەد دەکرد، هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکە و ئامادەیی گرووپە جڤاکییە شیعە دوازدە ئیمامییەکە لەو ناوچەیە دۆخەکەی بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو بیرۆکەیە خۆشتر کرد. شیعەی دوازدە ئیمامی لقێکی مەزهەبی شیعەیە کە لە ئێران، عێراق و لوبنان پەیڕەوی لێدەکرێت. لە سووریا پەیڕەوانی شیعەی دوازدە ئیمامی تەنیا نزیکەی 2%ی کۆی دانیشتووانی سووریا پێکدێنن، بەڵام لە کۆمەڵێک زۆنی ستراتیژی لە سووریا نیشتەجێن و وەکوو هێڵی پەیوەندی و پێکبەستنەوەی هێزە چەکدارەکان لە نزیک حەلەب و لەسەر سنووری لوبنان و سووریا و هەروەها لەسەر سنووری نێوان ئوردن و سووریا بەکارهێنراون.

شاری حومس، لە نزیک سنووری سووریا و لوبنان یەکێک بووە لە سەرەکیترین ناوچەکان بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە ئیسلامییە شیعەکان. زۆربەی چەکدارانی هێزی ئیمام ڕەزا کە یەکێک لە چالاکترین گرووپە چەکدارییە شیعەکانە، خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی حومسن. ناوچەی حومس ژمارەیەکی زۆر شیعەی تێدایە، بەشێک لە شیعەکان لە شاری حومسن و بەشێکی دیکەشیان لە گوندەکانی دەوروبەری شارەکە نیشتەجێن، پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییە شیعەکانی سەر بە حیزبوڵڵای لوبنان هەیە. شارەدێی ئەلقوسەیر (هەر لە پارێزگای حومس) مەیدانی یەکەم جەنگی سەرەکیی سوپای سووریا بوو لە 2013 کە حیزبوڵڵای لوبنانی بەشداریی تێدا بکات.

## کۆپیکردنی حیزبوڵڵای لوبنان

سەرکەوتنی بیرۆکەی دامەزراندنی حیزبوڵڵای لوبنان، هانی شیعەکانی سووریاشی دا بیر لە دامەزراندنی گرووپێکی هاوشێوە بکەنەوە. تاران بە نیازبوو هەمان مۆدێلی دروستکردنی میلیشیا شیعەکانی عێراق لە سووریاش بەکاربهێنێ، بۆ ئەوەی دواتر وەکوو نموونە لوبنانی و عێراقییەکە ئەوانیش بتوانن لە کاروبارە سیاسی و ئابووری و ئیدارییەکانی سووریاشدا بەشدار بن.

تۆڕی لیواکانی ئەبوو فەزڵ ئەلعەبباس هەموو کات لە پاڵ ئاڵای سووریادا ئاڵای حیزبوڵڵای لوبنانیش دادەنێ، تەنانەت لەسەر کێلی گۆڕی برای فەرماندەی گشتیی ئەو هێزە ئاڵایەکی حیزبوڵڵا لەپاڵ ئاڵای سووریا دانراوە. لە نووسینگەی زۆربەی فەرماندەکانی میلیشیا شیعەکانی سووریا وێنەکانی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئێران و خومەینی، ڕابەری پێشووی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرچاو دەکەوێت.

کاتێک ئەندامانی میلیشیا شیعەکان دەکوژرێن، لە مەراسیمی یادکردنەوەیاندا هێندەی باس لە پاراستنی مەزارگەی زەینەب دەکرێت، هێندە باس لە هەوڵەکان بۆ پاراستنی حکومەتی بەشار ئەسەد ناکرێت. هەر ئەم گوتارەش شەرعیەتی داوە پێیان بۆ ئەوەی بتوانن ژمارەیەکی زۆر چەکداری بیانیی شیعە لە وڵاتانی دیکەوە ڕابکێشن.

## پانتایی چالاکییەکان

گرووپی "حیزبوڵڵا لە سووریا" زۆربەی چالاکییەکانی لە سووریایە، بەڵام چاوێکیشیان لەسەر فراوانکردنەوەی پانتایی چالاکییەکانیانە. یەکەم قۆناغی ئەم بیرۆکەیەش کۆکردنەوەی هەموو هێزە شیعەکانی عێراق و سووریایە لەژێر چەتری یەک ڕێکخراوی بەرفراوانتردا. لە ماوەی دواییدا تەنانەت بیر لەوەش کراوەتەوە ناوی گرووپەکان بە جۆرێک بگۆڕدرێت کە گوزارشت لە یەکبوونەی هەوڵەکانی شیعە لە سووریا و عێراق بکات.

دوای ئەوەی داعش لە حوزەیرانی 2014 مووسڵی کۆنتڕۆڵ کرد و ژمارەیەک لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعەکانی وێران کرد، لیوای زولفەقار بۆ سەلماندنی ڕەهەندی پان-نەتەوەیی خۆی، زیادەیەکی خستە سەر ناوی لیواکە کە بریتی بوو لە "پارێزەرانی شوێنە پیرۆزەکان لە عێراق و شام". لیوای زولفەقار پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەکانی حکومەتی سووریا پاراست و لە نێوان ئەوان و سوپای سووریاشدا حەیدەر ئەلجبووری، فەرماندەی سوپای سووریا، وەکوو نێوانگیر کاری دەکرد. ئەم لیوایە هەروەها بەشێکە لە کۆمەڵە گرووپێکی دیکە بە ناوی "هێزەکانی زرێی نیشتمان"، کە وەکوو چەترێک بۆ کۆکردنەوەی ژمارەیەک لە هێزە تایفی و میلیشیاییەکانی سووریا پێکهێنراوە.

"لیوای ئەسەدوڵڵا ئەلغالیب"یش بە هەمان شێوەی زولفەقار پاشگری "لە عێراق و شام"ی بۆ خۆی زیاد کرد، بەڵام ئەم گرووپەیان پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ میلیشیا عێراقییەکان بەهێزتر کرد. لیوای ئەلغالب هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەساڵی 2013 ڕاوێژی سەربازیی لە عەسایب ئەهلولحەق وەرگرتووە کە گرووپێکی میلیشیای شیعەی عێراق و لایەنگری ئێرانە. لەسەرەتای 2014دا تۆڕێکی وەرگرتنی چەکداری شیعەی عێراقی پێکهێنا. دوای ئەوەی داعش توانی مووسڵ کۆنترۆڵ بکات، گرووپی ئەلغالب لقێکی گرووپەکەی لە عێراق کردەوە. لە کانوونی دووەمی 2016دا ئەم گرووپە ڕایگەیاند "پاش دانوستاندنێکی دوورودرێژ بڕیاریان داوە ببنە بەشێک لە بزووتنەوەی الابدال" کە گرووپێکی شیعەیە لە باشووری عێراق و پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ ئێراندا هەیە. ئەم بزووتنەوەیە کە پاش هێرشەکانی داعش بۆ سەر مووسڵ دامەزرا، بڕوای تەواوی بە بنەمای دەسەڵاتی ڕەهای ویلایەتی فەقیە هەیە و پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ " کتایب سید الشهدا"ی عێراق و ڕێکخراوی بەدر هەیە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکە ئەوەیە کۆمەڵێک گرووپ و میلیشیای شیعەی پان-نەتەوەیی لە سووریا دابمەزرێنن کە بنکەی سەرەکی و فەرماندەییەکەیان لە سووریا بێت.

## کاریگەریی گرووپەکان لەسەر داهاتووی سووریا

جەنگی ناوخۆی سووریا بەردەوامە و پێناچێ میلیشیا شیعەکانی سووریا دوای تەواوبوونی جەنگەکەش، نیازی چەکدانان و واز هێنانیان هەبێت. ئەم میلیشیایانە ڕێگە بۆ ئێران خۆش دەکەن شوێن پێی خۆی لە شام و لەنێو دانیشتووە شیعەکانی سووریادا بەهێز بکات.

بادانەوەی گرووپە چەکدارە شیعەکانی لایەنگری بەشار ئەسەد بۆ لای ئێران لەڕووی مێژووییشەوە ئاماژە بە گۆڕانکارییەکی گرنگ دەکات. سووریا هەموو کات شوێنی فۆرمە ئایدیۆلۆژییە دژبەرەکانی شیعیزم بووە.

لە مانگی ئاداری 2013 پەنابەرێکی شیعەی سووری کە لە لوبنان میلیشیایە، گوتی "من لایەنگری حیزبوڵڵام، بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا نیم". بەڵام پاش سێ ساڵ ڕەوشەکە تەواو گۆڕاوە، تاران بە نیازە هەموو گرووپە میلیشیا شیعەکانی سووریا لەسەر مۆدێلی حزبوڵڵا دابڕێژێتەوە، واتە لەڕووی ناو، پێکهاتە و بنەما و لایەنگرییە ئایدیۆلۆژییەکان، ئەگەر ئێران لەمەدا سەرکەوتوو بێت، دەتوانێت کاریگەریی خۆی لە سووریا بپارێزێت و لە دابەشبوونی دەسەڵات لە سووریای داهاتوودا دەستی باڵای هەبێت.

---



پۆڵ ئیدن

# فیدراڵیزمی هەولێر و دیمەشق

فیدراڵیزم جارێکی دیکە وەکوو چارەسەری ڕەوشی سووریا پێشنیاز کرایەوە، لە کاتێکدا داهاتووی سووریا، وەکوو وڵاتێکی نوقمی جەنگ و دەوڵەت نەتەوەیەکی پارچەپارچەبوو، بووە بە باسی گەرمی ڕۆژ و ئاگربەستە یەک هەفتەییە لەرزۆکەکەش هەتا ئێستا درێژەی کێشاوە. وەکوو چۆن فیدراڵیزم بۆ عێراق لە جێی خۆی بوو، بەهەمانشێوە بۆ سووریاش دەستدەدات، لەبەر ئەوەی سووریاش وڵاتێکە لەنێو زلکاوی ناکۆکییە ناوخۆییەکاندا نوقم بووە و پێکدادانە قەومی و تایفییەکانیش ئەوەندە قووڵ بوونەتەوە کە خەریکە بگەنە خاڵێک دەرچوون لێی مومکین نەبێت.

فیدراڵیزم و حکومەتێکی ناوەندی بە دەسەڵاتێکی ئیداریی کەمتر، دەکرێت باشترین ڕێگەبێت بۆ ڕزگاربوونی سووریا، بێ ئەوەی ئەم وڵاتە بەسەر کۆمەڵێک پێکهاتەی بێدەوڵەتدا دابەش ببێت، یانیش لەناو شەڕ و ناسەقامگیرییەکی هەتاهەتاییدا گیربخوات.

فیدراڵیزم بڕێکی زۆر لە ئۆتۆنۆمی و مافی خۆبەڕێوەبەری بە کوردی سووریا دەدات، وەکوو چۆن لە عێراقی پاش 2003ش ئەو مافانەی بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر کرد. پارتی باڵادەستی کوردستانی سووریا، واتە پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە)، هەر لە زووەوە باسی ئەوەی کردووە کە ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ دیمەشقدا بە یەکگرتوویی بمێننەوە ئەگەر هەوڵ نەدرێت سیستەمە هەرێمییەکەی خۆبەڕێوەبەرییان لێ بستێنرێتەوە. جیا لەمە ئەوان کاتێکی زۆریان بۆ ئەوە لەبەردەست نییە بیر لە حکومەتی بەشار ئەسەد بکەنەوە و بێگومان پێشوازی لە گواستنەوەی سیاسی لە سووریا دەکەن. وەکوو خۆیشیان باسیان کردووە، هەست بەوە دەکەن ئەگەر ئەسەد بڕووخێت، یەکەم لایەن کە سوودی لێ دەبینێ گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانن.

تەنانەت پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) وازی لە بانگەشەی پێشتری خۆی هێناوە کە دامەزراندنی کوردستانی گەورە بوو. پەکەکە لەبری ئەمە پشتگیری لە بیرۆکەی بەدیموکراتیکردن و فیدراڵیزم بۆ ئەو وڵاتانە دەکات کە کورد تێیاندا بەشێک لە دانیشتووانی وڵاتەکە پێکدەهێنن، بە بۆچوونی پەکەکە لەناو سیستەمێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد، وەکوو هاووڵاتییەکی یەکسان دەپارێزرێت و دەبێتە هۆی هاوکاریی زیاتر و دژایەتی ناهێڵێ، ئەمەش لەبەر زۆر هۆکار لە بەرژەوەندیی هەردوو لایەن دەبێت.

کوردی عێراق لەزووەوە لەبری سەربەخۆیی هەوڵ بۆ ئۆتۆنۆمی دەدەن. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، زۆرجار جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەو بۆ کورد هەمان ئەو مافانەی دەوێت کە بۆ سکۆتلاندییەکان لە بەریتانیا هەیە، واتە ئۆتۆنۆمی و هەموو ئەو مافانەی ئۆتۆنۆمی لەخۆی دەگرێ. تەنانەت لەو کاتەشدا کە عێراق لەڕووی سەربازییەوە لە لاوازترین ئاستی خۆیدا بوو (واتە ساڵانی 2003 بۆ 2004)، کوردی عێراق چەکیان دەست نەدایە بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی سیاسیی سەربەخۆ دابمەزرێنن، بەڵکو هەوڵی ئەوەیان دا ئۆتۆنۆمییەکەی خۆیان جێگیرتر بکەن و چاوەڕێ بکەن بزانن ئاخۆ عێراقێکی فیدراڵ وەڵامدەرەوەی داواکانیان دەبێت یان نا. کوردی عێراق دەرفەتی ئەوەیان بە عێراق دا، بەڵام دواجار گەیشتنە ئەوەی عێراق هیچ داهاتوویەکی بۆ خۆی وەکوو چوارچێوەیەکی سیاسی نییە و بۆ کوردیش داهاتوویەکی پرشنگداری پێ نییە. ئێستا هەولێر بەنیازە بەر لە کۆتایی ئەمساڵ گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی بەڕێوەبەرێت. ئەگەر بەپێی ئەزموونی مێژوویی سەیری بکەین، ئەم هەنگاوەی هەولێر ناکرێت وەکوو کورتبینی، هەڵچوونێکی کاتی یانیش هەلپەرستی سەیر بکرێ.

هەولێر لە کاتێکدا بە نیازی گشتپرسییە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ کوردی سووریا فیدراڵیزم باشترین بژارەیە و هانیان دەدا بە شوێن فیدراڵیزمەوە بن. ئەم پشتگیرییە کراوەیەی هەولێر لە سووریایەکی فیدراڵ پێچەوانەی هەندێک "پلان بی"یە کە دواجار تەنیا دەشێت پارچە پارچەبوونی سووریا و دروستبوونی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردیی لێبکەوێتەوە، ئەم پشتگیرییەی هەولێر لە فیدراڵیزم بۆ سووریا دڵنیاکردنەوەی دراوسێکانی هەرێمی کوردستانیشە کە دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەو ناوچەیەی هەرێمی کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە، مەترسیی نییە بۆ سەر سنووری وڵاتانی دراوسێ.

بە پشتگیری لە بژارەی فیدراڵیزم بۆ سووریا، هەولێر بۆ دراوسێکانی خۆی دەسەلمێنێ کە هەرێمی کوردستان هەست و سۆزی جیاخوازیی لەناو کوردی وڵاتانی دراوسێدا گەرم ناکات. ئەمە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی ئێران و تورکیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، لە کاتێکدا ڕەزامەندیی ئەم دوو وڵاتە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد لەم پارچەیەدا دەستەبەر ببێ.

بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر هەولێر دوای گشتپرسییەکە هەوڵی گەیشتن بە سەربەخۆییش بدات، ئەوە بەشێکی کوردستان بە سەربەخۆیی دەگات، بەڵام ئەوان هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی گەورە نادەن. پشتگیری لە فیدراڵیزم و دابینکردنی مافێکی زیاتر بۆ براکانیان لە وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان، پشکی خۆیان لە ماف بە کوردی ئەو وڵاتانە دەدات و ئارەزووی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی چوار پارچە کەم دەکاتەوە. ئەمەش شتێکە لە بەرژەوەندیی وڵاتەکانی دراوسێی هەرێمی کوردستانە.

ئەمە هەروەها ڕێگەیەکی زۆر زیرەکانەیە کە هەرێمی کوردستان گرتوویەتیە بەر بۆ ئەوەی بە زلهێزەکانی جیهانی بسەلمێنێ ئەو گشتپرسییەی بڕیارە بکرێت تەنیا پەیوەندی بە وەرگرتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردی ئەو بەشە هەیە و ئەمەش هەنگاوێک نییە بۆ ئەوەی سەقامگیری و نەزمی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکبدات، ئەگەرچی ئەم نەزمە خۆی لەڕاستیدا هەموو شتێک بووە، جگە لە نەزمێکی سەقامگیر و داڕێژراو.

# هۆکارەکانی هەڵکشانی جەماوەری ترامپ چین؟

جۆرج لەیکۆف*

دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکاندا سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن تۆمار دەکات، وەها بڕوات ڕەنگە ببێتە پاڵێوراوی سەرەکیی کۆمارییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا و دوور نییە ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکاش. دیموکراتەکان لە هۆکاری سەرکەوتنەکانی ترامپ تێناگەن و بەشێکی زۆری کۆمارییەکانیش کە دژی ترامپن، نازانن چۆن بیوەستێنن. لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ سەرکەوتنەکانی ترامپ دەکرێت، لەوانەش "خەڵک تووڕەن و ئەو پەنجە لەسەر تووڕەییەکانیان دادەنێ".. "خەڵک زۆر بیری لای کۆنگرێس نییە و کەسێکیان دەوێت سیاسەتکار نەبێت". ئەم دوو لێکدانەوەیە دەکرێت دروست بن، بەڵام خەڵک بۆچی وابیردەکاتەوە؟ وردەکاری ئەم بیرکردنەوەیە چییە؟ هەروەها بۆچی ترامپ؟

خەڵکانێکی زۆر سەریان لێشێواوە، چونکە وا دەردەکەوێت ترامپ لە کونی دیوارەوە هاتبێت. هەڵوێستەکانی لەسەر پرسەکان لەگەڵ چوارچێوە باوەکەدا ناگونجێن.

ترامپ پشتگیری لە خێزانی بەپلان (ڕێکخستنی ژمارەی ئەندامانی خێزان)، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و چاودێریی پزیشکی دەکات، هیچکام لەمانەش لەناو هەڵوێستی ستانداردی کۆمارییەکاندا جێیان نابێتەوە. کۆمارییەکان ڕقیان لە دەسەڵاتی ڕەهای کەرتی گشتییە و حەزیان لە ڕێککەوتننامەی وەکوو ڕێککەوتنی ترانس پاسیفیکە، بەڵام ترامپ دژی هەردووکیان دەوەستێتەوە. ئەو بڕوادار نییە و سووکایەتی بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکان دەکات، بەڵام مەسیحییە کڵێساییەکان پڕ بە دڵ خۆشیان دەوێت. ترامپ پێیوایە کۆمپانیاکانی بیمە و دەرمانسازی و بەڵێندەرە سەربازییەکان قازانجێکی زۆر دەکەن و دەبێت بەربەستێکیان بۆ دابنرێت، هەروەها سووکایەتی بە گرووپە سەرەکییەکانی دەنگدان دەکات، بۆ نموونە لاتینەکان، لە کاتێکدا زۆربەی کۆمارییەکان هەوڵ دەدەن دڵیان ڕابگرن. ترامپ بە نیازە 11 ملیۆن کۆچبەری بێ وەرەقە دیپۆرت بکاتەوە و باوەڕیشی وایە کە ئەمە سەردەگرێ.

مەسەلە چییە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە هەندێک پێشزەمینە هەیە کە هەتا ئێستا لە میدیاکاندا باس نەکراون.

## پێشزەمینە

من لە بەشی زانستی مێشک و دەروونناسیی مەعریفی کاردەکەم، لە ساڵانی نەوەتەکاندا هەوڵم دا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە هەڵوێستە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی کۆنزەرڤاتیڤەکان و پێشکەوتنخوازەکان لەچیدا یەکانگیرن؟ بۆ نموونە با کۆنزەرڤاتیزم وەربگرین: چ پەیوەندییەک لە نێوان دژایەتی لەباربردنی منداڵ و پشتگیری لە هەڵگرتنی چەک هەیە؟ پشتگیری لە هەڵگرتنی چەک چ پەیوەندییەکی بە ڕەتکردنەوەی ڕاستیی گەرمبوونی گۆی زەوییەوە هەیە؟ دژە-حکومەتبوون چۆن لەگەڵ خواستی بەهێزکردنی سوپادا یەکدەگرێتەوە؟ چۆن دەکرێت کەسێک لە یەک کاتدا پشتیوانی ژیان بێت و لایەنگری سزای لەسێدارەدانیش بێت؟ پێشکەوتنخوازەکان لەم پرسانەدا تێڕوانینێکی پێچەوانەیان هەیە، بەڵام بۆچوونەکانی ئەوانیش چۆن لەناو چوارچێوەیەکی یەکانگیردا یەکدەگرن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەمان کاتێک دەستدەکەوێت کە تێبگەین لەوەی ئێمە بەردەوام مەیلمان هەیە بە خوازە یان میتافۆری خێزان لە نەتەوە تێبگەین: ئێمە باوکێکی دامەزرێنەرمان هەیە، کوڕ و کچمان هەیە کە دەیاننێرین بۆ جەنگ، ئاسایشی ماڵ/ ولاتمان هەیە. جیهانبینی کۆنزەرڤاتیڤ و پێشکەوتنخوازەکان دەکرێت لە ناو دوو جیهانبینی جیاواز بۆ خانەوادە کورت بکرێتەوە کە بریتین لە "خانەوادەی دایک و باوکی خەمخۆر" لای پێشکەوتنخوازەکان و "خانەوادەی باوکی سەختگیر" لای کۆنزەرڤاتیڤەکان.

لە خانەوادەی باوکی سەختگیردا باوک زاناترین کەسە. ئەو دەزانێت ڕاست و هەڵە کامەن و دەسەڵاتی تەواویشی هەیە بۆ ئەوەی وەها لە منداڵ و هاوژینەکەی بکات ئەوە بکەن کە ئەو دەیڵێت و بەڕاستی دەزانێت. کاتێک منداڵەکانی ملکەچی نەبوون، ئەرکی ئەخلاقیی باوکە هێندە بە سەختی سزایان بدات کە جاری داهاتوو لەترسی سزاکەش بێت نەوێرن لە فەرمانەکانی لابدەن. لە ڕێگەی ئەم دیسیپلینە فیزیکییەوە منداڵەکان لە ناوەوە بەهێز دەبن و لە جیهانی دەرەوەش پێشدەکەون. ئەگەر پێشکەوتنیشیان بەدەستنەهێنا، ئەوە نیشانەی ئەوەیە دیسیپلینیان وەرنەگرتووە، هەر بۆیەش خاوەن ڕەوشت نین و شایستەی ئەو هەژارییەن کە تێیدان. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە بە تەواوەتی لە سیاسەتی کۆنزەرڤاتیڤیدا ڕەنگیداوەتەوە، کە تێیدا هەژار وەکوو تەمبەڵ و ناکارامە و دەوڵەمەند وەکوو شایستەی سامان وێنادەکرێت، کەوابێت بەرپرسیارێتیش بەرپرسیارێتی تاکەکەسییە و کۆمەڵایەتی نییە. هەرکەسێک خۆی بەرپرسە لەوەی دەبێت بەچی و هیچکەس بەرامبەر بەوانی دیکە بەرپرس نییە.

## سەرکەوتن و سووکایەتی

لە جیهانی بەرپرسیارێتی و دیسیپلینی تاکەکەسیدا ئەوانەی سەردەکەون شایستەی بردنەوەکەن، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە دۆناڵد ترامپ دوای هەر سەرکەوتنێکی خۆی، بەربژێرەکانی دیکە دەشواتەوە. لە چاوی کۆنزەرڤاتیڤێکەوە ترامپ شایستەی ئەو سەرکەوتنەیە، چونکە ڕکابەرییەکانی هەڵبژاردن وەکوو جەنگێک دەبینرێن، لەم جەنگەشدا سووکایەتی وەکوو سەرکەوتن دەبینرێ.

## پلەبەندیی ئەخلاقی

لۆژیکی باوکی سەختگیر هەر بەمە ناوەستێ و فراوانتر دەبێتەوە، بەپێی ئەم لۆژیکە، لە جیهانێکی ڕێکخراودا ئەوانەی وەکوو نەریتێکی مێژوویی باڵادەست بوون، دەبووایە و دەبێت باڵادەست بن. ئەمە پلەبەندییەکی ئەخلاقییە کە تێیدا خوا لەسەرووی مرۆڤە، مرۆڤ لەسەرووی سرووشتە، کەسی خاوەن دیسیپلین (بەهێزەکان) لەسەرووی کەسی بێ دیسیپلین (لاوازەکان)ن، هەروەها زەنگین لەسەرووی هەژارە، خاوەنکار لەسەرووی فەرمانبەرەوەیە، کولتووری ڕۆژئاوایی لەسەرووی کولتوورەکانی دیکەیە، پیاو لەسەرووی ئافرەتە، سپیپێست لەسەرووی ڕەشپێستە، مەسیحی لەسەرووی نامەسیحییە و هتد.

دیارە لە جیهانبینی باوکە سەختگیرەکەدا دەرفەتی گۆڕانکاری و یاریکردنیش هەیە، بەم پێیەش سێ جۆری جیهانبینیی باوکی سەختگیری کۆنزەرڤاتیڤەکان لە یەکدی جودا دەبنەوە:-1 پرۆتێستانتە سپی پێستە کڵێساییەکان، -2 هەوادارانی بازاڕی ئازاد، -3 کۆنزەرڤاتیڤە پراگماتیکەکان کە پابەند نین بە بیروباوەڕەکانی مەسیحییە سپی پێستەکانەوە.

## پرۆتێستانتە سپی پێستەکان:

ئەمانە بڕوای تەواویان بە باوکە سەختگیرەکە هەیە، لەبەر ئەوەی لە بیروباوەڕی ئەواندا خوا باڵاترین باوکی سەختگیرە: ئەوانەی بەگوێی فەرمانەکانی دەکەن دەچنە بەهەشت، ئەوانەشی لە فەرمانەکانی لادەدەن بۆ هەتا هەتایە لەناو ئاگری دۆزەخدا دەسووتێنرێن.

خانەوادە لە چەقی بیروباوەڕی مەسیحیەتی کڵێساییدایە، هەر بۆیە ڕێکخراوی وەکوو "جەخت لەسەر خێزان" (Focus on Family) هەن و بەردەوام ئاماژە بە "بەها خێزانییەکان" دەدرێت کە بەهای پرۆتێستانتی کڵێساییە. لە ئەخلاقی باوکی سەختگیردا باوک کۆنترۆڵی هەموو شتەکان دەکات، لەوانەش سێکسوالیتە و زاوزێیی ئەندامانی خانەوادە.

پرۆتێستانتە کڵێساییەکان لەڕووی سیاسییەوە زۆر ڕێکخراون و دەسەڵاتیان بەسەر زۆر ڕەگەزی ناوخۆیی سیاسییەوە هەیە. هەر بۆیە هەموو کاندیدێکی کۆمارییەکان، بۆ ئەوەی لە پاڵاوتنەکان سەرکەوێت، دەبێت ئاگای لە دڵی پرۆتێستانتە کڵێساییەکان بێت.

## کۆنزەرڤاتیڤە پراگماتیکەکان:

ئەم گرووپە دەشێت هیچ لایەنگری و ئاراستەیەکی دیاریکراوی ئاینییان نەبێت، بەڵکو زیاتر خەم لە دەسەڵاتی تاکەکەسی خۆیان بخۆن، نەک دەسەڵاتی کڵێسا، مەسیح و خوا. ئەوان دەیانەوێت لەناو پانتایی ژیانی تاکەکەسی خۆیاندا ڕۆڵی باوکە سەختگیرەکە بگێڕن. لاوە کۆنزەرڤاتیڤەکان ڕەنگە بیانەوێت سێکسیان هەبێت بەبێ ئەوەی خەم لە پێکەوەنانی خێزان بخۆن، یانیش پێویستیان بەوە بێت بتوانن ڕێگە لە منداڵبوون بگرن، یانیش زانیارییان لەبارەی ئەو نەخۆشیانە هەبێت کە لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە، ئافرەتەکانیش دەشێت مافی لەباربردنی منداڵ بە پێویست بزانن، کاتێک دووگیان بوونە و کەچی هیچ مەیلێکیان بۆ هاوسەرگیری نییە.

ترامپ کۆنزەرڤاتیڤێکی پراگماتیکە بە مانای تەواوی وشە. ئەو دەزانێت ژمارەیەکی زۆری دەنگدەرە کۆمارییەکان بەهۆی پراگماتیستبوونی خۆیانەوە خۆشەویستییان بۆ ترامپیش هەیە. ئەو هەر لە خۆیەوە حەزی لە بیرۆکەی کۆنترۆڵکردنی ژمارەی ئەندامانی خێزان نییە، بەڵکو دەزانێت ژمارەیەکی زۆر لە هاوسەرەکان و تەنانەت کوڕ و کچە سەڵتە کۆنزەرڤاتیڤەکان حەزیان لەو دەرفەتانەیە کە بیرۆکەی کۆنترۆڵکردنی ژمارەی ئەندامانی خێزان پێشکەشیان دەکات.

بە هەمانشێوە ژمارەیەکی زۆر لە کۆنزەرڤاتیڤە گەنج و میانساڵەکان دەیانەوێت سامانی خۆیان زیادبکەن. ئەوان چیدی نایانەوێت باری قورسی چاودێریی دایک و باوکیان هەڵگرن، پرۆگرامەکانی "ئاسایشی کۆمەڵایەتی" و "چاودێریی پزیشکی" لەم ئەرکە قورسانە دەربازیان دەکات. هەر بۆیەشە ترامپ دەیەوێت ئەم دوو پرۆگرامە بهێڵێتەوە.

## هەوادارانی بازاڕ و بازرگانیی ئازاد:

سیاسەتە دامەزراوەییەکانی کۆنزەرڤاتیڤەکان تەنیا لە ڕێگەی پرۆتێستانتە کڵێساییە سپی پێستەکانەوە دیاری ناکرێت، بەڵکو لایەنگرانی بازاڕ و بازرگانیی ئازادیش دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە لە دیاریکردنی سیاسەتی کۆنزەرڤاتیڤەکاندا، واتە ئەو بزنسکارانەی دەیانەوێت ئاستی قازانجی خۆیان بەرزبکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت دەستی حکومەت و ڕێنماییە حکومییەکان لە بازاڕدا کورت بکەنەوە. ئەوان سیستەمی باج وەکوو بەشدارییەک لە گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتیدا نابینن، بەڵکو پێیانوایە لەم ڕێگەیەوە پارە و ئاکامی هەوڵەکانی ئەوان دەچێتە گیرفانی ئەو خەڵکە هەژارەی کە شایانی پارەکە نین. ئەم لقە لە بیرکردنەوەی کۆنزەرڤاتیڤی، هیچ کێشەی نییە لەگەڵ ئەوەی کارگە و لقەکانی بەرهەمهێنانی خۆیان بۆ وڵاتانی دیکە بگوازنەوە کە تێیدا بازاڕی کار هەرزان دەکەوێت لەسەریان و دواتریش بە هەرزان هاوردەی بکەنەوە، بۆیە نرخدانانی حکومەت لەسەر کاڵاکانیان بە کێشەیەکی گەورە دەبینن.

ژمارەیەکی زۆر لە بزنسکارەکان کۆنزەرڤاتیڤی پراگماتیستن، کە پشتگیری لە دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر موڵکی گشتیدا دەکەن، لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی ئەم بیرۆکەیەوە حکومەت دەست بەسەر بزنس و موڵکە بچووکەکاندا دەگرێت و دەیدات بە کەسانی وەکوو ترامپ بۆ ئەوەی پرۆژە زەبەلاحەکانی خۆیانی تێدا دروستبکەن.

بزنسکاری وەکوو ترامپ دەیەوێت ئەوەندەی مومکینە تێچوونی دڵنیایی تەندروستیی فەرمانبەر و کرێکارەکانی کەم ببێتەوە، هەر بۆیەش پشتگیریی لە کەمکردنەوەی داواکاری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەکات.

## کاردانەوەی ڕاستەوخۆ و سیستەماتیک

لایەنگرانی کاردانەوەی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە کێشەکان پێیانوایە دەبێت ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکرێت، بەڵام لایەنگرانی کاردانەوەی سیستەماتیک پێیانوایە هەموو کێشەیەک لە هەناوی سیستەمەوە دێتەدەر، هەر بۆیەش دەبێت لەناو سیستەمدا چارەسەر بکرێت. توێژینەوەکان دەریانخستووە زۆربەی کۆنزەرڤاتیڤەکان، وەکوو ترامپ، بڕوایان بە کاردانەوەی ڕاستەوخۆ هەیە، ئەمەش هەر پەیوەندیی بە بیرۆکەی باوکە سەختگیرەکەوە هەیە، چونکە ئەو باوکە دەیەوێت فەرمانەکانی دەمودەست جێبەجێ بکرێن و سەرپێچیکەرەکانیش دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ سزای خۆیان وەربگرن.

دۆناڵد ترامپ نموونەی ئەم کاردانەوە ڕاستەوخۆیانەی زۆرە: کۆچبەران بە لێشاو لە مەکسیکەوە دەڕژێنە ناو ئەمریکا، کاردانەوەی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بەمە دروستکردنی دیوارە، 11 ملیۆن کۆچبەری نایاسایی لە ئەمریکادا دەژین، کاردانەوەی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بەمە دیپۆرتکردنەوەی هەموویانە. کاردانەوەی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە تەقەکردن لە هاووڵاتیان ئەوەیە هەر کام لە هاووڵاتیان تفەنگێکیان پێبێت بۆ ئەوەی کە تەقەکەرەکە ویستی تەقە بکات هاووڵاتییەکە توانای بەرگریکردن لە خۆی هەبێت. بۆ ڕێگری لە بردنی هەلی کاری ئەمریکییەکان بۆ وڵاتانی ئاسیایی، حکومەت دەبێت نرخێکی زۆر لەسەر ئەو کاڵایانە دابنێت کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێت بۆ ئەوەی پشتگیریی لەو بەرهەمانە بکرێت کە لە ناوخۆی ئەمریکادا بەرهەمدێن و هتد.

## ئەدەبی سیاسی:

لە ئەمریکا دەیان ملیۆن کۆنزەرڤاتیڤ هەن کە بڕوایان بە بیرۆکەی باوکی سەختگیر و پلەبەندیی خووڕەوشت هەیە. ژمارەیەکی یەکجاری زۆری ئەم گرووپە سەر بە چینی ناوەڕاست یانیش هەژارن کە خۆیان لە کۆچبەران، ناسپی پێستەکان، ئافرەتان، نامەسیحییەکان و هاوڕەگەزبازەکان... هتد بە گەورەتر دەزانن. لیبراڵەکان بەم گرووپە دەڵێن "دەمارگیری کەللەڕەق". لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی کۆچبەران، بەرزبوونەوەی ژمارەی ئافرەتە خوێندەوارەکان و بەشدارییان لە هێزی کاری ئەمریکا، فراوانبوونەوەی مەودای مافەکانی هاوڕەگەزبازەکان و فراوانبوونەوەی گوتاری دژی "دەمارگیرەکان"، ئەم گرووپە هەستیان بە چەوسانەوە و دەمکوتکردنی زیاتر کردووە. ئەم گرووپە کۆنزەرڤاتیڤە هەست دەکەن لە ڕێگەی بیرۆکەی "ئەدەبی سیاسی" لە "ئازادی ڕادەبڕین" بێبەشکراون.

ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر و دواتریش هاتنە سەرکاری ئۆباما گڕوتینێکی زیاتری بەم گرووپە دا. ئەوان هیچکات ئۆباما وەکوو سەرۆکێکی شەرعیی ئەمریکا نابینن و زۆربەی بۆچوونەکانی ئۆباماش بەپێچەوانەی دروشمەکانی خۆیان دەزانن.

دۆناڵد ترامپ بەشێوازێکی بەهێز، بە تووڕەیی و بەبێ شەرم گوزارشت لە هەست و سۆزی ئەم گرووپە دەکات. ترامپ کاری ئەم دەیان ملیۆن کەسەی ئاسان کردووە، ئەوان تەنیا پێویستە دەنگ بە ترامپ بدەن و بەس، تەنانەت پێویست ناکات بۆچوونەکانی خۆیشیان دەربڕن، ئەوەی لەسەریانە تەنیا ئەوەیە دەنگ بە ترامپ بدەن بۆ ئەوەی بەبێ ڕەچاوکردنی "ئەدەبی سیاسی" گوزارشت لە هەست و سۆزی ئەوان بکات.

## جیهانبینی دووسەرە

لە سیاسەتی ئەمریکادا هیچ ناوەڕاستێک نییە. ڕاستە خەڵکانی میانڕەو هەن، بەڵام هیچ چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو نییە بۆ ئەوەی هەموویان کۆبکاتەوە. کۆنزەرڤاتیڤێکی میانڕەو لەسەر کۆمەڵێک پرس هەڵوێستێکی تەواو پێشکەوتنخوازانەی هەیە، پێشکەوتنخوازێکی میانڕەویش لەسەر هەندێک پرس ڕوانگەیەکی کۆنزەرڤاتیڤانەی هەیە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دوو جیهانبینی دژبەیەک دەتوانن لەسەر هەندێک پرس یەکبگرنەوە؟

ئەم دوو جیهانبینییە لەناو مێشکی کەسەکاندا بە هۆی خولگەی دەماریی تایبەت بە خۆیان دیاریکراون، هەروەها بەهۆی کۆمەڵێک خولگەی هاوبەش بە یەکدییەوە دەبەسترێنەوە. کاتێک یەکێک لەم دوو جیهانبینییە لە ناو کەسەکەدا دادەگیرسێت (یانیش چالاک دەبێت) ئەوەی دیکەیان دەکوژێتەوە، واتە سست دەبێت. زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم چالاکبوون و سستبوونەی جیهانبینییەکان لەناو مێشکی کەسەکاندا. هەرچی زیاتر لەناو دەزگاکانی میدیادا باسی بۆچوونەکانی ترامپ بکرێت، ئەو جیهانبینییە لەناو زەینی پێشکەوتنخوازە میانڕەو و کۆنزەرڤاتیڤە توندڕەوەکاندا چالاکتر دەبێت.

گرنگ نییە لە میدیادا هێرش بکرێتە سەر ترامپ یان پشتگیری لێبکرێت، لەهەردوو حاڵەتدا یارمەتی ترامپ دەدرێت، لەبەر ئەوەی ڕەتکردنەوەی جیهانبینییەک دەشێت یارمەتی جیهانبینییەکە بدات لەناو زەینی کەسەکاندا چالاک ببێت. نموونەیەکی باش بۆ ئەمە لە ناو فەرمانبەر و کرێکارە پێشکەوتنخوازە میانڕەوەکانی دەرەوەی سەندیکاکانی کاردا دەبینرێت: ئەگەرچی ئەم گرووپە لە ڕووی جیهانبینییەوە لە دیموکراتەکان نزیکن، بەڵام زۆربەیان باوەڕیان بە بیرۆکەی باوکی سەختگیر لە ماڵەوە و لە سیاسەتیشدا هەیە، هەر بۆیە خۆیان لەناو بەشێک لە جیهانبینی و دروشمەکانی ترامپدا دەبیننەوە.


## ئەنجامگیرییەکی پوخت

ئەگەر بمانەوێت لە هۆکاری سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی ترامپ تێبگەین، دەبێت سەیرێکی هەموو ئەو گرووپ و جڤاکانە بکەین کە ترامپ ڕووی قسە و دروشمەکانی لێیانە. دیموکراتەکان هەتا ئێستا ئەم پرسەیان بە جیدی وەرنەگرتووە و میدیاش هەتا ئەم ساتەوەختە هۆکارە ڕیشەییەکانی پشتگیریی جەماوەری لە ترامپ نەکردووەتە بابەتێکی جیدی بۆ قسەوباس. ئەگەر بمانەوێت لە ترامپ و جەماوەرەکەی تێبگەین دەبێت ئەم هەڵوێستە بگۆڕین!




*** ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی نووسەر (www.georgelakoff.com) بڵاوکراوەتەوە.**

# ساڵانە زیاتر لە هەزار حاڵەتی سیل لە کوردستان تۆمار دەکرێن



سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

نەخۆشیی سیل کە لە کوردستان دەردەباریکەشی پێدەڵێن، دوای مێژوویەکی هەزاران ساڵە، ئێستا کوردستانی کردووەتە یەکێک لە ناوچە دڵخوازەکانی خۆی و ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی تووشی ئەو نەۆخشییە دەبن. نەبوونی هۆشیاری لەبارەی نەخۆشییەکەوە و تەماشاکردنی وەکو بابەتێکی شەرمهێن، لەمپەرێکی گەورەی بەردەم لەناوبردنی ئەم نەخۆشییەیە لە کوردستان.

هەندێ سەرچاوە دەڵێن ڕەنگە بەر لە پەیدابوونی مرۆڤ، سیل هەبووبێ، لێکۆڵەرانی پزیشکیش لە بڕبڕەی پشتی هەندێک لە فیرعەونەکانی میسردا دۆزیویانەتەوە. ئەم نەخۆشییە بەڵایەکی گەورە بووە بۆ مرۆڤایەتی، بەجۆرێک لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە بەریتانیا هۆکاری چواریەکی حاڵەتەکانی مردن بووە.

جاران مرۆڤ تێگەیشتنێکی ئەوتۆی بۆ سیل نەبووە و نەیزانیوە بە چ ڕێوشوێنێک مرۆڤ نەخۆش دەخات، تاوەکوو لە ساڵی 1882 زانای گەورە ڕۆبەرت کوخ میکرۆبی تووشکەری سیلی دۆزییەوە. دۆزینەوەکەی کوخ هێندە گرنگ بوو بۆ مرۆڤایەتی کە ساڵی 1906 لەسەر ئەم دۆزینەوەیە خەڵاتی نۆبڵی پێدرا، ئێستاش 24ی ئادار کە هەمان ئەو ڕۆژەیە کوخ میکرۆبی سیلی تێدا دۆزییەوە، کراوەتە ڕۆژی جیهانیی نەخۆشیی سیل.

## دەردەباریکە.. ناوێک پڕ بە پێستی خۆی

پزیشکێک دەڵێت ئەگەر تەماشای زمان و کولتووری کورد بکەین، بە ئاسانی شوێنەواری سیلی تێدا دەبینینەوە.

دکتۆر زانیار نووری، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی دەڵێ وشەی دەردەباریکە کە کورد بۆ سیل بەکاریانهێناوە، تەواو ناوێکی گونجاوە "چونکە لەدەستدانی کێشی لەش لە نیشانە دیارەکانی ئەم نەخۆشییەیە".

تەنانەت لە ناهۆشیاریدا، لەنێو کوردەواریدا وشەی سیل وەک تانە و تەشەر بەکارهاتووە "وەک تانە لێدان بە کەسی لاواز و بێڕەنگ دەگوترا سیلاوی".

ئەو پزیشکە پسپۆڕە کە هەمانکات پزیشکی بڕواپێکراوی ڕێکخراوی UNDPیە دەربارەی سیل، باسی نیشانەکانی دیکەی نەخۆشییەکە بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت "بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، ئارەقەکردنەوەی شەوان، کۆکە و بەڵغەم کە هەندێکجار خوێنیشی پێوەیە، لە نیشانەکانی نەخۆشییەکەن".

وەک ئەو پزیشکە دەڵێت، سیل لە 90%ی تووشبوواندا سییەکانیان دەگرێتەوە، 15-20%ی تووشبووانیش لە دەرەوەی سییەکان تووشی سیل دەبن، وەک سیلی ئێسک و جومگە و مێشک و میزو کۆئەندامی زاوزێ.

بەگشتی ئەوانەی بەرگرییان لاوازە، زۆرتر ئەگەری تووشبوونیان بە سیل لە دەرەوەی سنگ و لە سیستەمەکانی دیکەی جەستەدا هەیە.

## نەخۆشییەکی بەربڵاو و خۆمەڵاسدەر

بەپێی ئامارە جیهانییەکان، سێیەکی خەڵکی ئێستا تووشی بەکتریای تووشکەری سیل هاتوون، جەستەی زۆربەیان گەمارۆی بەکتریاکەیان داوە و ناهێڵن زەفەر بە تەندروستی ببات، بەڵام 10%یان لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا تووشی نەخۆشیی سیل دەبن.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێ ساڵی 2014 لە سەرتاسەری جیهاندا 9.6 ملیۆن کەس تووشی سیل بوون و 1.5 ملیۆن کەس بە هەمان هۆ مردوون. ئێستا سیل بڵاوترین هۆکاری مردنە بە نەخۆشییە گوزراوەکان لەسەرتاسەری جیهاندا.

وەزارەتی تەندروستی نایشارێتەوە کە هەموو ساڵێک چەندین تووشبووی سیل لە کوردستان تۆمار دەکرێن.

د.خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "پێنج ساڵی تەواوە ساڵانە 200-1200 حاڵەتی سیل تۆمار دەکەین، ساڵی ڕابردوو ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکان گەیشتە 1150 کەس".

دکتۆر زانیار لەبارەی ئەو ئامارەی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت "ڕەنگە ژمارەکە لەوە زیاتر بێت، چونکە مەرج نییە هەموو تووشبووان دەستنیشان کرابن، تەنانەت مەرجیش نییە هەموو دەستنیشانکراوان تۆمار کرابن".

د.عەبدولفەتاح هەورامی کە دکتۆرای لە پزیشکیی کۆمەڵ هەیە، دەڵێت لەسەر نەخشەی جیهان، کوردستان وەک ناوچەیەکی تووشبوو بە سیل پێناسە دەکرێت "پێی دەگوترێ ئێندیمیک، واتە هەمیشە حاڵەتی سیلی تێدایە".

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ڕاگەیێندراوێکدا تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی سیل دەڵێ کە پلانیان هەیە تاوەکو ساڵی 2035 ڕێژەی مردن بە سیل 95% کەم بکەنەوە و ژمارەی تووشبووانیش بە ڕێژەی 90% دابەزێنن، بەڵام ساڵانە پێویستیان بە 1.4 ملیار دۆلار هەیە بۆ دابینکردنی ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی پلانی دژی سیل.

## هۆشیاری نییە

د.عەبدولفەتاح هەورامی ئەوە بە گرفتێکی گەورە دەبینێت کە خەڵکی تا ئێستاش وەک بابەتێکی شەرمهێن تەماشای نەخۆشییەکە دەکەن "ڕەنگە هەندێک کەس هەستیش بکەن نیشانەی نەخۆشییەکەیان تێدایە، بەڵام سەردانی پزیشک نەکەن، تاوەکوو ڕووبەڕووی تانە و جیاکاریی کۆمەڵایەتی نەبنەوە لە حاڵەتی ئاشکرابوونی حاڵەتەکەیاندا".

د.زانیار نووری دەڵێ تەنانەت هەندێک پزیشکیش وەک پێویست هۆشیار نین دەربارەی نەخۆشییەکە "کاتێک کەسێک سکاڵا لە دەست کۆکە دەکات، کەم پزیشکێک هەن بیر لە سیل بکەنەوە وەک هۆکاری کۆکە، بۆماوەی پێویستیش دەرمانی دژە سیل نادەن، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆری سەرسەختی میکرۆبەکە کە بە دەرمانە کلاسیکییەکان لەنێوناچن".

## چارەسەر و ڤاکسین

ئەو پێکوتەیەی تاوەکو ئێستا لە کوردستان بۆ ڕێگریی لە تووشبوون بە سیل بەکاردێ، بە BCG ناسراوە کە لەساڵی 1921ەوە بەرهەمهێنراوە. ڤاکسینەکە تاوەکو ئێستا تاکە پێکوتەیە دژی سیل لە جیهاندا و کاراییەکەی وەکوو پێویست نەماوە، بۆیە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی داوای توێژینەوەی زانستی و هەوڵی بەرفراوان دەکات بۆ دروستکردنی ڤاکسینێکی نوێ و کاریگەرتر.

چارەسەرەکە بە یەکگرتنی چوار دەرمان دەبێت و ماوەی کۆرسی دژە سیل بە گشتی 6 مانگ دەخایەنێت.

لە کوردستان چارەسەری سیل لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی عێراقەوە دابین دەکرێت و ترس هەیە لە هەر کاتێکدا لەمپەر بۆ گەیشتنی بە کوردستان دروست ببێت، بەڵام دکتۆر خاڵس قادر جەخت دەکاتەوە کە تاوەکو ئێستاش چارەسەرەکانی سیل لە کوردستان بەردەستن و دەدرێنە تووشبووان.

## دەردەباریکەی سەرسەخت

ئێستا گرفتە گەورەکە سەرهەڵدانی حاڵەتگەلێکی سیلە کە بە دەرمانەکانی ئێستا کۆنترۆڵ ناکرێن. لە ماڵپەڕی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیدا هاتووە کە بەپێی ئاماری ساڵی 2014 لەسەر ئاستی جیهان 480 هەزار کەس تووشی سیلی سەرسەخت هاتوون، ئەوەش دەبێتە تەحەددایەکی گەورە لەبەردەم پلانە جیهانییەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیل، ئەگەر دەرمانی کارا بۆ سیلە سەرسەختەکان دروست نەکرێ.

# سەما بۆ ڕێگریی لە جەڵتەی دڵ

ڕووداو- ڕۆیتەرز

توێژەرێک لە بواری کاریگەرییەکانی سەما لەسەر تەندروستیی دڵ دەڵێت سەما کاریگەرییەکی زۆر ئەرێنی لەسەر پاراستنی دڵ لە جەڵتە هەیە.

داڤنا میرۆم کە پێشتر لەوبارەیەوە توێژینەوەی کردووە، لە زانکۆی سیدنی ئوسترالیاوە دەڵێ "سەیر نییە کە دەڵێین سەما بۆ دڵ باشە، چونکە وەرزشە مامناوەندەکان بەگشتی ئەگەری مردن بە نەخۆشییەکانی دڵ کەم دەکەنەوە و سەماش جۆرێکە لە وەرزش".

میرۆم و تیمێکی تەندروستی لەساڵانی 1995-2007 لە بەریتانیا لە 11 گرووپ لە دانیشتووانی بەریتانیایان کۆڵییەوە کە زیاتر لە 84 هەزار کەس دەبوون، ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر کرا، تەمەنیان لەسەرووی 40 ساڵان بوو، بەڵام هیچ لەوانە تووشی نەخۆشیی دڵ نەبووبوون.

فۆرمی زانیاری دەدرایە ئەو کەسانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرا و زانیارییەکانی نێو فۆرمەکەیان پڕدەکردەوە لەبارەی بڕ و توندیی سەماکردن و بەپێ ڕۆیشتنیان.

لەماوەی توێژینەوەکەدا 1714 کەس لە بەشداربووانی توێژینەوەکە مردن. توێژەران بۆیان دەرکەوت ئەوانەی سەما دەکەن یان بەپێ هاتوچۆ دەکەن، کەمتر بەهۆی نەخۆشی و ئاڵۆزکارییەکانی دڵەوە دەمرن.

میرۆم دەڵێ بەپێی توێژینەوەکەی ئەوان، بۆ ئەوەی کەسێک ئەگەری مردنی بە جەڵتەی دڵ کەم ببێتەوە، دەبێ هەفتانە 150 خولەک وەرزشی مامناوەند بکات لەشێوەی سەماکردن یان بەپێ ڕێکردن.

ئەو دەڵێ بۆ بەشێکی بەرچاوی خەڵکی، بەپێ ڕۆیشتن و ڕاکردن بێزارکەرە و ئارەزووی ناکەن، چارەی ئەو کەسانە ئەوەیە ڕووبکەنە سەما، چونکە هەم وەرزشە و هەم چێژبەخشە.

نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن هۆکاری یەکەمی مردنن لە جیهاندا و ڕێگەخۆشکەرێکی سەرەکی تووشبوونن بەو نەخۆشییانەی بەهۆی کەمیی چالاکیی جەستەیی و بەسەربردنی ژیانێکی تەمبەڵانەوە ڕوودەدەن.



# 10 هەڵە ڕێجیمەکەت لەکاردەخەن



ڕووداو- DW

ڕێجیمی خۆراک بۆ زۆربەی خەڵک بڕیارێکی قورسە و توانایەکی زۆری خۆکۆنترۆڵکردنی دەوێ، جگە لەوەش دوورکەوتنەوە لە هەندێک نەریتی دەوێ کە کەسەکە لەسەریان ڕاهاتووە. لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێ هۆکار هەن کە وادەکەن ڕێجیمەکەت وەک ئەوەی چاوەڕوانیت، کاریگەریی نەبێ، بۆنموونە:

## 1 - کەمخەوی:

خەوتن پەیوەندییەکی بەهێزی بە سیستمی خۆراکییەوە هەیە. ئەوانەی کەمتر لە شەش کاژێر دەنوون، جەستەیان هۆرمۆنی گرێلین دەردەدات کە هەستی برسێتی دروستدەکات، هەروەها کەمخەوی چالاکی جەستەیی کەم دەکاتەوە کە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆکی کەمیی سووتاندنی کالۆری.

## 2 – بەکارهێنانی مۆبایل لە نێو جێگەدا:

ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی کاتێک دەچنە نێو جێگە مۆبایلەکەیان بەدەستەوە دەگرن، بەو نیازەی تاوەکو خەویان لێدەکەوێ تەماشای ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بە تایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، بەڵام ڕەنگە نەزانن ئەو تیشکە شینەی لە شاشەکانیان دەردەچێت دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی میلاتۆنین لە جەستەدا کە ئەوەش خەو پچڕ پچڕ دەکات و برسێتی زیاد دەکات.

## 3 - خواردن لە بەرامبەر شاشەی تەلەڤزیۆن:

ئەگەر کاتی خواردن تەماشای تەلەڤزیۆن بکەی، ئەوە ئاگات لە کاتی تێربوونت نابێ و بێئەوەی ئاگات لێبێ زیاد لە پێویست دەخۆی، چونکە مێشک ناتوانێ لە یەک کاتدا بە وردی سەرنجی لەسەر ڕووداوەکانی نێو زنجیرە تەلەڤزیۆنییە دڵخوازەکەت و ڕاددەی خواردنەکەت بێ.

## 4 - کەم بەرکەوتنی هەتاو:

هەتاوی تازە هەڵاتووی بەیانیان بۆ جەستەت زۆر بەسوودە، جگە لە دروستکردنی ڤیتامین D، دەشبێتە هۆی تاودانی کردەی زیندەپاڵی وزە لە جەستەدا، ئەمەش هانی سووتاندنی چەوریی زیاتر دەدات لەلایەن جەستەوە.

## 5 - گرنگی بە نانی بەیانی نادەی:

لە سەرەتای ڕۆژدا جەستە پێویستی بە وزەیە، بۆیە دەبێت خواردنی سرووشتیی بەسوود و وزەبەخشی وەکوو هێلکەی پێبدەی کە لە هەمانکاتدا هەستی تێربوونیش زیاد دەکات و وادەکات تاوەکو ژەمی داهاتوو بیر لە خواردنی شتی دیکە نەکەیتەوە.

## 6 - پەلەپڕوزەی بەیانیان:

لەنێو جێگە تەمبەڵی دەکەیت و هەڵناستی تاوەکو کاتی دەوامەکەت زۆر نزیک دەبێتەوە، بەوەش دەکەویتە شڵەژان و پەلەپەل. ئەو شڵەژانە وادەکات جەستەت هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ بڕێژێ کە دەبێتە هۆی لەمپەردانان لە بەردەم بونیاتنانی شانە پرۆتینییەکانی وەک ماسولکە و بە پێچەوانەوە شەکر لە خوێندا کۆدەکاتەوە و هانی نیشتنی چەوری لە دەوری کەمەرت دەدات.

## 7 - واز لە ژەمێک دەهێنی:

کاتێک واز لە ژەمێک دەهێنی، جەستەت لە سووتاندنی چەوری و گۆڕینی بۆ وزە پاشەکشە دەکات و زیندەپاڵ سست و هێواش دەکاتەوە، ئەوەش پێچەوانەی خواستی تۆیە.

## 8 - بە خێرایی دەخۆی:

مێشک ماوەیەکی دەوێ تاوەکو لە گەدەوە پەیامی تێربوونی پێدەگات، بۆیە ئەوانەی بەپەلە دەخۆن، بڕێکی زۆر خۆراک وەردەگرن بەر لەوەی مێشکیان پەیامەکەی پێبگات. هەروەها ئەوانەی بە خێرایی دەخۆن، بەباشی خۆراک ناجوون و هەرسیان ئاسایی نابێ، هەردوو حاڵەتەکەش دەبنە هۆی قەڵەوی.


## 9 - نازانی مۆسیقای گونجاوی وەرزش هەڵبژێری:

بۆ کاتە ئاساییەکان هانت دەدەین مۆسیقای ئارام هەڵبژێری تاکو دەروون و جەستەت ئارام بکاتەوە و لە گوشار دووری بخاتەوە. بەڵام کاتی وەرزشکردن پێچەوانەی ئەمەیە، دەبێ مۆسیقای خێرا هەڵبژێری تاوەکو هانت بدا بە هێز و چێژێکی زیاترەوە بجوڵێی.

## 10 - بە هەڵە خۆت خەڵات دەکەی:

دەروونناسان پشتیوانی ئەوەن خۆت خەڵات بکەی کاتێک ئامانجێک بەدیدەهێنی. کاتێکیش کۆتایی هەفتە بیردەکەیتەوە کە بە باشی ڕێجیمەکەت جێبەجێ کردووە، ئاساییە بیر لە خەڵاتکردنی خۆت بکەیتەوە، بەڵام بە شیرینی نا، بەڵکو شتێکی دیکە هەڵبژێرە، بۆ نموونە ڕۆیشتن بۆ سینەما و تەماشاکردنی فیلمێکی نوێ یان کڕینی پارچە جلێک.

# 7 فیلمی کوردی لە بەسرەن



**دەریاز یونس / ڕووداو- هەولێر**

وا بڕیارە ڕۆژی 17ی ئەم مانگە چالاکییەکانی 12مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە بەسرەی باشووری عێراق دەستپێبکات و حەوت فیلمی کوردیش لە فێستیڤاڵەکەدا نمایش دەکرێن. دەرهێنەر سامی کاکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە فێستیڤاڵەکەدا حەوت فیلمی کوردی لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی بەشداری دەکەن و فێستیڤاڵەکەش لە 17ی ئەم مانگە دەستپێدەکات و تاوەکو 21ی مانگ بەردەوام دەبێت.

گوتیشـی "لە فێسـتیڤاڵەکەدا دوو فیلمی من لە پێشبڕکێی سەرەکی هەن، فیلمی دۆکیومێنتاری هەولێر مای لۆڤ، لە کۆتایی فێستیڤاڵەکە لە ڕێوڕەسمی کۆتاییهێنان پیشان دەدرێت، چاوەڕێش دەکرێت فیلمە کوردییەکان خەڵات بکرێن".

# هەڤاڵ بە پێنج شێوەزار گۆرانی دەڵێت



**ڕووداو- خانەقین**

گۆرانیبێژ هەڤاڵ خانەقینی نوێترین بەرهەمی خـۆی کلیپ دەکات و دەیەوێ لە پێش جەژنی نەورۆزدا بڵاوی بکاتەوە و دواتریش دەسـت بە تۆمارکردنی بەرهەمێکی دیکە بکات.

هەڤـاڵ بــە (ڕووداو)ی گـوت، بەرهەمێکی نوێی بەنێوی گەشـتێک تۆمار کـردووە کە لە شـێوەزارەکانی لوڕ، کەلهوڕ، لەک، سـۆرانی و هەورامی تێکەڵە.

خانەقینـی لـەم هەفتەیـەدا کلیپێـک بۆ گۆرانییەکـە وێنە دەگرێـت و دەیەوێ فریای بڵاوکردنـەوەی کلیپەکـەی لـە نـەورۆزی ئەمساڵدا بکەوێت.

هەڤـاڵ گوتـی کـە هـەر دوای بڵاوکردنـەوەی ئـەو بەرهەمـە، کار لە بەرهەمێکـی نوێـدا دەکات "هۆنـراوە و ئاوازی دوو گۆرانی دیکەم لەبەردەسـتە و تاوەکو ئێستا خۆم بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان یەکلایی نەکردووەتەوە".

# ئۆرکێستراى سلێمانی کۆنسێرتی هەیە



**ڕووداو- سلێمانی**

ئۆرکێسـترای سـلێمانی دەسـتی بە پرۆڤە کردووە بۆ سازکردنی یەکەمین کۆنسێرتی ئەمساڵیان کە بڕیارە لە کۆتایی مانگی داهاتوودا ساز بکرێ.

نیاز نووری، موزیسـیان و ئەندامی تیپی ئۆرکێسـترای سـلێمانی بــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ماوەی سـێ هەفتەیە دەسـتیان بە پرۆڤە کردووە بۆ سـازکردنی یەکەمین کۆنسـێرتی ئەمساڵیان و گوتی "بۆ ئەمساڵ نزیکەی 50 ژەنیار لە ئامێرە جیاوازەکان بەشداری دەکەین و پارچە موزیکی 45ی موزیسیانی ئەڵمانی جۆزێف هایدینگ و سێ پارچە موزیکی کوردیی نوێ پێشـکەش دەکەین، کۆنسێرتەکەش بەڕابەرایەتی موزیسیان مستەفا عەباسە".

تیپی ئۆرکێسـترای سـلێمانی 13 سـاڵە دامەزراوە و بەپێی بەرنامەی تیپەکە ساڵانە دوو کۆنسێرت ساز دەکەن.

# هەولێر گۆرانی بۆ پێشمەرگە دەڵێت



**ڕووداو- هەولێر**

هەولێر، کچە گۆرانیبێژی ڕۆژئاوای کوردستان، نوێترین گۆرانی لەسەر پێشمەرگە تۆمار کردووە و بەنیازە لە نەورۆزدا بڵاوی بکاتەوە.

هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە لە نەورۆزدا کلیپی پێشـمەرگە بڵاوبکەمەوە کە لە ئاواز و تێکسـتی مامۆسـتا بورهان زێبارییە. ناوەڕۆکی گۆرانییەکـە باس لـە قارەمانێتی هێزی پێشـمەرگە لەشـەڕی دژی داعش دەکات".

هەولێـر ئامـاژەی بۆ ئەوەش کرد کە هەر بەبۆنـەی جەژنی نەورۆزەوە لەگەڵ هونەرمەند شـڤان پەروەر کۆنسـێرتێکی گەورە لە ئەڵمانیا سـاز دەکەن، هەروەها بەرنامەشی هەیە بۆ کلیپکردنی چەند گۆرانییەک بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان.




# تارا جاف پارە بۆ کچانی ئێزدی کۆدەکاتەوە

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

تـارا جـاف، ژەنیـاری کـورد لەڕێی کۆنسـێرتێکەوە پـارە بـۆ کچـە کوردە ئێزدییەکانی ڕزگاربووی دەسـتی داعش کۆدەکاتەوە.

تارا جاف و سـونا ئـالان گۆرانیبێژی باکـووری کوردسـتان، بڕیـارە ڕۆژی 2 نیسـان لە لەندەن کۆنسێرتێکی گۆرانی پێشـکەش بکـەن و بـە داهاتەکـەی لـە ئامـەد بنکەیەکـی چارەسـەرکردنی دەروونی بۆ کچە ڕزگاربووەکانی دەستی داعش بکەنەوە.

تـارا جاف لەلاپـەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووک نووسـیویەتی "دوای ئـەوەی هەزاران کچ و ژنی کوردی ئێزدی کەوتنە دەست چەکدارانی داعش، بەشـێکیان توانییـان لەدەسـتی داعش ڕزگار بـن، بەڵام لـە ڕووی دەروونییەوە لە بارێکی سـەختدان، بۆیـە کردنەوەی ئـەم بنکەیـە جارێکـی دیکـە ژیانیـان پێدەبەخشـێتەوە، ئامادەبوونـت لـەم کۆنسـێرتە خێرخوازییـە ژیانـی کچێک ڕزگار دەکات".



# سەوسەن دکتۆرا دەبەخشێتەوە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

سەوسەن سەید، میدیاکار و شاجوانی ساڵی 1989ی لوبنان ئێستا لە هەرێمی کوردستانە و وەک باڵیۆزی زانکۆی شارستانیی جیهانی لە لەندەن بڕوانامەی دکتۆرای فەخری دەبەخشێتە چەند کەسایەتییەکی کورد. سەوسەن سەید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هاتووم تاوەکو خزمەتی کوردستان بکەم و بە وڵاتان بڵێم کوردستان ئارامە و هیچ کێشەیەکی نییە، لە چوارچێوەی پڕۆژەکانیشم بڕوانامەی فەخری وەک زانکۆی شارستانیی جیهانی لە لەندەن دەبەخشمە چەند کەسایەتییەکی کورد".

گوتیشی "لە چوارچێوەی سەردانەکەمدا بۆ هەرێمی کوردستان سەردانی چەند شوێنێک دەکەم و چەند دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیش لەگەڵ چەند کەسایەتییەک دەکەم، دەمەوێت ئەزموونی سەرکەوتووی خەڵکی کوردستان بە وڵاتانی عەرەبی بگەیەنم".

سەوسەن سەید، لە شاری تەرابلوسی لوبنان لەدایک بووە، کۆلێژی ڕاگەیاندنی لە ئەمەریکا خوێندووە و پێشکەشاری تەلەڤزیۆنییە.



# ژیان لەگەڵ بۆمب

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

زەردەشـت هەڵەبجەیـی، فۆتۆگرافەری گەنـج لە پڕۆژەیەکی فۆتۆسـتۆریدا بەناونیشـانی "ژیـان لەگـەڵ بۆمبەکان" مەترسـیی بۆمب لەسـەر مرۆڤی کورد دەخاتەڕوو.

زەردەشت عوسمان هەڵەبجەیی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە کوردستاندا بۆمب نامۆ نییە بەژیانی ئینسان، زۆربەمان یادەوەرییەکی تاڵمان لەگەڵ بۆمب هەیە، ئەم بۆمبانە نزیکەی چارەکە سەدەیەک ژیان دەگوزەرێنن لەگەڵ هەریەک لەم خێزانانە، کە هەر خودی ئەم بۆمبانە بوونەتە هۆی شـەهیدبوونی چەندین کەس لەم خێزانانە".

زەردەشت گوتیشی "لەم پڕۆژەیەدا پەیوەندیی ئەو خێزانانەم وێنا کردووە کە بەر بۆردومان کەوتوون، لەهەمانکاتدا لە کۆمپۆزشنی فۆتۆکاندا وێنەی کەسە شەهید کراوەکانم جارێکی دیکە داناوەتەوە". پڕۆژەکەی زەردەشت لە ئیمارات، بەریتانیا، ئەڵمانیا و چەند شـوێنێکی دیکە نمایشکراوە، هەروەها بڕیارە لە چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا نمایش بکرێت.

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ
هەلی باش و گونجاوت بۆ دەرەخسـێ، بەڵام دڵنیابە لە هەنگاوەکانت، دەتوانـی گۆڕانـکاری بکەیت. هەسـت بە گوشـارێکی زۆر دەکەی بەهۆی پەیوەندیی خۆشەویستی و ئەو هەستەی کە دەیبەخشی، وەرینەگرتەوە.

### گا
پاش ئەوەی دەتوانن هەنگاو بەسەر بەربەستەکاندا بنێن، سەرکەوتن تۆمار دەکەن. گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی بدەن و فەرامۆشی مەکەن. لەگەڵ کەسێکی گرنگ پەیوەندی دەبەستن یان ئاواتێکتان بەدی دێت.

### دووانە
بەبێ هۆکار هەسـت بە ڕەشـبینی دەکەیت، بەڵام کارەکانت بەئاسانی بەڕێـوە دەچـن. خەیاڵـت دەڕوات بـەرەو جێگـە دوورەکان. پەیوەندیـی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکی گرنگ بەرەوپێش دەچێت.

### قرژاڵ
لـەو کارەدا بەخـت یاوەرت دەبێت کە ئاواتی بۆ دەخوازیت و هەسـت بە خۆشـحاڵی دەکەیت. سەرەتای هەفتە دەسـکەوتێکی مادیتان دەبێت. پەیوەندیی سۆزدارانە لەگەڵ کەسێک لە شوێنێکی دوور ڕێکدەکەوێت.

### شێر
بڕوابەخۆبوون کارەکەت پێش دەخات. کەسە نزیکەکانت هەست بە دڵسۆزیت دەکەن. خۆت لە ڕووداوەکان بە دوور مەگرە و دەتوانی ڕۆڵی کاریگەرت تێیاندا هەبێت. گرفتی خێزان چارەسەر دەکەن.

### فەریک
زۆرتریـن هـاوڕێ و هاوکارتان دەبینـن و کاتێکی خۆش بەسـەردەبەن و ئەوانەتـان کە گرفتـی خێزانییان هەیە دەتوانن چارەسـەری بکەن، ئەوانەش کە پەیوەندییان لەگەڵ خۆشەویستەکانیان پچڕاوە، دەتوانن بەیەکتر بگەنەوە.

### تەرازوو
تـرس لـە دڵتدا بسـڕەوە، چونکـە ڕێگە ڕاسـتەکەت لێ بـزر دەکات. خۆئامادەکردنی پێشوەختە بەسوودە بۆ کارەکەت، لە سۆزداریدا سەرنجی ئەو کەسانە ڕادەکێشی کە هاوکارتن یان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت.

### دووپشک
بـە وازهێنان لـە خەمەکان دونیـا بە ڕەنگە جوانەکـەی دەبینی، توانایەکی باشـترت دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکان. زیرەکیت زیاد دەکات و بەئاسـانی لـە شـتەکان تێدەگەیت. لە هەمـوو هەنگاوێکدا خۆشەویستی بە هاناتەوە دێت.

### کەوان
چاوەڕوانییەکـەت زۆری خایانـد و ئـەوەش کارێکـی باشـە و توانای خۆڕاگریی خۆت بۆ تاقی دەبێتەوە، خۆشەویستی لە ماڵدا و لەگەڵ هاوسەر و خێزان دەبیننەوە و باشە بۆ چارەسەری گرفتەکان.

### گیسک
خۆڕاگریت لەبەردەم کێشـەکاندا سـەرنجی چواردەورەکەتی ڕاکێشـاوە. کاتێک لە کەللەڕەقی پەشیمان دەبیتەوە بەهێزیی کەسایەتیت پیشان دەدەی. ڕەنگە هەستی هاوڕێیەکت بگۆڕێت بۆ هەستی خۆشەویستی.

### سەتڵ
دەروونـت بەهێز بکە و سـووربە لەسـەر بەدیهێنانـی ئامانجەکەت. دیارەکـەت دەگۆڕێ یـان دوادەکەوێت. لەلایـەن ئازیزانتانەوە دیاریتان پێشکەش دەکرێت و ئەوەی هەیە بیپارێزن.

### نەهەنگ
دەست بەئەنجامدانی کارەکەت بکە بێ ئەوەی چاوەڕوانی کات بکەیت، گلەییەکانت کەم بکەرەوە و لە ڕەشبینی خۆت ڕزگار بکە، کاتێکی زێڕینی سۆزداری و بەختەوەرییە و هیچ فرسەتێک لەدەست مەدە.



# گەڕان بۆ کۆتایی خەونێکی درێژ!



**کامەران سوبحان**

ماوەیەکی زۆرە خولیای ئەوەم کە بۆچی بەشێکی زۆری دەستنووس و کەلەپوور و ئەدەبیاتی کۆنی کوردی بە نیوەچڵی ماوەتەوە؟ ئەم خولیا و پرسیار و گومانەم بۆ سەرەتاکانی خوێندنەوەم دەگەڕێتەوە. گفتوگۆی ئەم بابەتەشم لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و ئەکادیمیی کورد کردووە، لەوانە: د.ئیحسان فواد و حەمە بۆر و د.کەمال مەزهەر و د. مارف خەزنەدار و د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەڵام لای هیچیان وەڵامێکی وەهام و دەستنەکەوت کە کۆتایی بەو گومانانەی من بێنێت.

زۆر جار لە بیرکردنەوەی خۆمدا سەبارەت بەم پرسە، دەستی تاوان بۆ دوو دەوڵەتی داگیرکەری کورد درێژ دەکەم. یەکەمیان عوسمانییەکان، سەرەتا کە هاتنە عێراق و ناوچەکە و بەشێکی زۆری سەروەتی نەتەوەیی ئەم میللەتەیان بۆ خۆیان برد و لە مۆزەخانە و کتێبخانە گەورەکانی خۆیان قایمیان کرد. دووەمیان ئینگلیزەکان، ئەوەی عوسمانییەکان بیریان چوو بیبەن، ئەمان تاڵانیان کرد! بەتایبەتیش ئاسەوار و بەرهەمی دەستنووس و کەشکۆڵە زۆر و زەوەندەکانی مێژووی ئەم میللەتە.

مانگی ئاداری 2011 لە لەندەن بووم. ڕۆیشتنەکەم بۆ ئەوێ، بە فرسەتێکی باش زانی بۆ گەڕان و دۆزینەوەی چەندین کتێب و بەرهەمێکی دانسقەی کورد کە بەشێکیان تا ئێستاش بە نیوەچڵی لە کتێبخانەی کوردیدا هەن. ئەوەی حەزم دەکرد وەک خولیایەکی خۆم سۆراخی بکەم، (ئاوات)ەکەی عەبدوڵڵا جەوهەر بوو کە کاتی خۆی (مێجەر سۆن) ڕاوێژکاری بەریتانی، دوای تەواوبوونی ئەرکەکەی لە عێراق، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر وێنە و دەستنووس و کتێبی دیکە، بردوونی بۆ بەریتانیا. باس لە هەندێ دۆکیومێنتی گرنگی دیکەی مێژوویی ڕۆژنامەگەریی کوردیش دەکرێت لە سەردەمی ئینگلیزدا کە مامۆستا تۆفیق وەهبی لەگەڵ خۆیدا لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بردوونی بۆ لەندەن و پاش مردنی، حکومەتی بەریتانی دەستی بەسەر هەموو ئەو دۆکیومێنت و دەستنووسانەدا گرتووە و ئێستا لە کتێبخانەی بەریتانی پارێزراون. ئەمە جگە لەوەی باس لە دەیان نامە و دەستنووس و شیعر و بەڵگەنامەی سەردەمی سەید ڕەزای دێرسم و قازی محەممەد و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموودی حەفید و سەروەتێکی مەزنی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی لەو کتێبخانەیە دەکرێت. لای من لەمانە گرنگتر کە دەمویست، سۆراغی دوو چیرۆکی کوردی بوو کە هەرکات باس لە چیرۆکی کوردی دەکرێت، ئاماژە بەناوەکانیان دەکرێ، بەڵام هەردووکیان بە ناتەواوی ماونەتەوە. یەکێکیان کۆتاییەکەی دیار نییە و ئەوی دیکەیان سەرەتاکەی، کە ئەوانیش چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب و (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جافن.

بەهۆی (سەنگەر)ی هاوڕێمەوە لە لەندەن، هونەرمەند و کەسایەتییەکی بەناوبانگی ئینگلیزم ناسی کە ناوی (جۆن تەیلەر) بوو، تەمەنی لە سەرووی حەفتا ساڵییەوە بوو. وەک خۆی گێڕایەوە، ساڵانێکی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان وەک دەرهێنەری دۆکیومێنتاری کاری کردووە و دەیان بەرهەمی گرنگی لەسەر کورد، بۆ تەلەفزیۆنی (بی بی سی) بەرهەم هێنابوو. بەهۆی ئەمەشەوە کەمێک کوردیی دەزانی. هەر لە یەکەم یەکتر ناسین و دانیشتنمانەوە کە من باسی ئارەزووی خۆمم بۆ سۆراغی دەستنووس و بەرهەمە کۆنەکان بۆ کرد، (جۆن تەیلەر) زۆر شتی بۆ من و سەنگەر گێڕایەوە. زۆر زانیاریی گرنگی لەسەر دەستنووس و مێژووی کورد، بە تایبەتیش لە باشووری کوردستان بۆ باسکردین. ئەوەی گرنگ بوو لەو چەند بینین و دانیشتنەدا، دەرگایەکی گەورەی بۆ کردینەوە بۆ گەڕان بەدوای سەروەتی ونبووی نەتەوەییماندا. ناونیشانی (کتێبخانەی نیشتمانیی بەریتانی) داینێ کە لەو کتێبخانە مەزن و گەورەیەدا بەرهەم و دەستنووسە کوردییەکان پارێزراون. خۆیشی ماوەیەکی زۆر لەو کتێبخانەیە کاری دیجیتاڵکردنی بۆ بەرهەمە کۆن و مێژووییەکان کردووە.

بەیانییەک چووین بۆ کتێبخانەی گشتیی بەریتانیا و لە چوونە ژوورەوەدا دەلیلێکی گشتییان لەسەر ژمارە و داتای بەرهەمەکانی کتێبخانەکە پێداین کە بەم شێوەیە باسی کتێبخانەکە دەکات: "کتێبخانەی ئەرشیڤی بەریتانی ساڵی 1753 دامەزراوە. ساڵی 1973 بەشی ئەرشیڤ و پاراستنی دەستنووس و دۆکیومێنت لە کتێبخانەکە جیابووەتەوە. ئەم کتێبخانەیە، بە گەورەترین کتێبخانەی پاراستنی دەستنووس دادەنرێت لە جیهاندا کە نزیکەی 170 ملیۆن بەرهەمی تێدایە. لەو ژمارەیە 14 ملیۆنیان تەنیا کتێبن. ئەمە جگە لە دەستنووس و دۆکیومێنتی کۆن لە شێوەی کاغەز و دیجیتاڵ و یادەوەری و وێنەی ناوداران و دەقی شانۆیی کۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و پوول. هەندێ لەو کەرەستانە مێژووەکەیان بۆ دوو هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە. تەنیا ڕەفەکانی ئەم کتێبخانەیە نزیکەی 10 کیلۆمەتر درێژن. هەموو ئەم بەرهەمانە هی بەریتانیا نین، بەڵکو بەرهەمی وڵاتانی زۆری تێدایە، لەوانە کۆنترین قورئانی دەستنووس کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی ڕاشیدین و وەکوو خۆی پارێزراوە. ئەمە جگە لە دەستنووسی نۆتەی دەیان مۆزیسیانی سەدەکانی کلاسیک و ناوەڕاست و ڕێنیسانس".

دوای خوێندنەوەی ئەو زانیارییانە، چەند مەترێک ڕۆیشتین و ئینجا بە قادرمەیەکی کارەباییدا چووینە نهۆمی سەرەوە بۆ هۆڵێکی گەورە. لە شاشەیەکی گەورەدا نەخشە و ناوی هۆڵ و بەشەکان نووسرابوو. سەدان کۆمپیتەر دانرابوون بۆ گەڕان لەدوای سەرچاوە، کەوتمە گەڕان بۆ کتێب و دەستنووسی کۆنی کوردی.

خۆی لەسەر کۆمپیوتەرەکە کەوتە گەڕان. ناوی شێخ مەحموودی حەفیدی نووسی، دەیان وێنە و دەیان لاپەڕەی دەستنووس و کتێب و شتی سەیر و نەبینراوی هێنا. ئەرشیڤەکە بەشبەش کرابوو، کەرەستەی سەربازی، ڕۆژنامەگەریی، وێنەی سرووشت و چیا و دەشت و دۆڵی کوردستان.

دانەیەک و دووان و سیان و چوار و دەیان و سەدان ناو هاتنە بەرچاوان. من ئەوەندە پەلەی (لە خەوما و مەسەلەی ویژدان) بووم، گوێم بەو شتانەی دیکە نەدا. سەنگەریش وەک من، بە چاو و بە لێوەکانی، بە خێرایی پێڕست و ناوەکانی دەخوێندنەوە. سەرەتا ناوی (جەمیل سائیب)مان سێرچ کرد هیچ نەهات، دواتر (لە خەوما) مان نووسی و هیچی نەهێنا. سەنگەر منی هەڵساند و بەرگ و لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی (ژین، ژیانەوە، سەرکەوتن، ئومێدی ئیستیقلال) و چەندینی دیکەی هێنا، لەگەڵ دەیان و سەدان لاپەڕەی پەرشوبڵاوی کوردی! لەو گەڕانەدا بووین و زەنگ لێدرا. سەنگەر کە سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد، بە پێکەنینەوە گوتی: کاتی مانەوەمان تەواو بوو. بەدەم هیلاکی و بیرکردنەوەیەکی پڕ لە گومانەوە، ڕۆیشتینەوە بەرەو ماڵ. نامیلکەی (لەخەوما)م لە جانتاکەم دەرهێنا. ئەوەی جەمال بابان ساڵی 2010 لە دەزگای ئاراس چاپی سێیەمی کردبووەوە. کەوتینە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی کۆتایی، تا بزانین کۆتایی چیرۆکەکە بۆ تەواو نەبووە؟ (کەمێک بێدەنگی) سەنگەر لەخۆیەوە پرسیاری لە من دەکرد، وای دەزانی من (جەمیل سائیب)م: "ئاخر مەعقول نییە دوای ئەو هەموو بگرە و بەردە و ناخۆشی و چەرمەسەری و تێهەڵدان و ئیهانەکردنە، ئەم کابرایە لەم خەوە درێژەدا خەبەری نەبێتەوە! ئەرێ کامەران ڕاستە دەڵێن کاتی خۆی دەستنووسی ئەم چیرۆکە لەلای کابرایەک بەناوی (بەهجەت تاهیر مەریوانی) بووە، ئەویش لە کۆتایی شەستەکان لەگەڵ کۆمەڵێک شیعری دەستنووسی کوردی لە بەغدا ویستوویەتی چاپی بکات، بەڵام لە ڕووداوێکی نادیاردا، ئەم چیرۆکەی لێ ون دەبێت، کاتێک دەیدۆزێتەوە، کۆتاییەکەی لابراوە!".

سەنگەر بەردەوام بوو لە قسەکردن: "شتێکی ترم هەر لەبارەی (لەخەوما) خوێندووەتەوە دەڵێت: لە کەشکۆڵێکی کۆنی ئەو سەردەمەدا، لە خەوما نووسراوەتەوە، کۆتاییەکەی جیاوازە لەو کۆتاییەی کە مامۆستا جەمال بابان چاپی کردووە. لەو کەشکۆڵەدا، پاڵەوانی چیرۆکەکە خەبەری دەبێتەوە و دەڵێت ڕۆژگارێکی تاریک بەڕێوەیە، بەدەستی ئیستیعماری ئینگلیز نا، بەدەستی ئیستیعماری کورد... بەسەرهاتێکی تریش هەیە دەڵێت: جەمیل سائیب ڕۆژێک لە چایخانەیەکدا دانیشتووە و خۆی لەبری پاڵەوانەکە کۆتایی ئەم خەونە بۆ چەند کەسێک دەگێڕێتەوە. هەندێ لە پیاوان و چەکدارەکانی شێخ دانیشتوون و بە بیستنی ئەو خەونە، جەمیل سائیب بە شەق تا زیندان دەبەن! جەمیل سائیب بەبێدەنگی لەگەڵیان دەڕوات، تەنیا ئەوەندە نەبێت گوتوویەتی کاکە بۆ لێمدەدەن، من خەونێکم گێڕاوەتەوە و هیچی تر".

سەنگەر چاوەڕێی وەڵامی منی نەکرد و گوتی: "شتێکی تریشم بیستووە: دەڵێن ئەم چیرۆکە کە لەساڵی 1926 لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بڵاوبووەتەوە، لە کۆتایی خەونەکەدا، پاڵەوانەکە خەبەری دەبێتەوە و دەڵێت: خودایە خەونی وا هەرگیز نەکەیتە ڕاستی کە بەرپرس و دەسەڵاتداری کورد، لە هیچ ئان و زەمانێکدا، ببنە جەلاد و بکەونە گیانی خەڵکی خۆیان! خودایە ئەم کوردەت هەر بە زوڵملێکراو درووست کردووە، هەر کات ئەو زوڵمەت لەسەر لابرد، بیکە بە دەسەڵاتدارێکی دادپەروەر و خزمەتکاری میللەتەکەی خۆی!"، بەڵام ڕۆژنامەکە کۆکراوەتەوە و جارێکی دیکە کۆتایی خەونەکەی لێ لابراوە".

ئەو شەوە، لەبری جەمیل سائیب، من و سەنگەر چەندین کۆتایی جیاوازمان بۆ چیرۆکەکە دانا، بەڵام هیچیان ئەوە نەبوون کە لە خەیاڵدانی چیرۆکنووسەکە خۆیدا بوو. سەنگەر ئیمەیڵێکی بۆ (جۆن تەیلەر) نارد و لە ئەنجامی سەردانەکەی ئەمڕۆمان بۆ کتێبخانەی گشتیی بەریتانیا ئاگاداری کردەوە. ئیمەیڵەکەی نووسی و کۆمپیوتەری کوژاندەوە و نووستین.

بەیانی پێش ئەوەی نان بخۆین، سەنگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەی بوو، وەڵامی ئیمەیڵەکەی شەوی ڕابردووی (جۆن تەیلەر) ی بۆ خوێندمەوە.

"بەڕێز سەنگەر سڵاو.. سوپاس بۆ ئاگادارکردنەوەتان. دەمزانی هیچ شتێکتان لەوبارەیەوە دەستناکەوێ، بەڵام لەبەر ئەو عیشقەی خۆت و کامەران بۆ ئەو کارە، ویستم خۆتان بەچاوی خۆتان کتێبخانەکە و بایەخی دەستنووس و مێژوو لای ئینگلیزەکان بزانن، بۆ دۆزینەوەی ناوی ئەو کتێب و چیرۆک و بابەتانەی تر، خۆتان بگەڕێن، ئەگەر دەرفەتتان هەیە سەرێک لە تورکیا و هیندستان بدەن. بەهیوای ئەوەی زانیاریی گرنگتان دەست بکەوێ.. ببوورن من سبەی دەچمە دەرەوەی بەریتانیا، ڕەنگە تا یەک مانگی تر دەرفەتی یەکتربینینمان نەبێ. کاتێکی خۆش".

ئێستا خۆم کە ئەم دێڕانە دەخوێنمەوە گومانم هەیە، ئایا کۆی ئەم نووسینە چیرۆکێکی ئەندێشەکراوی خۆمە، یان لەڕاستیدا ئەم چیرۆک و بەسەرهاتانە ڕوویانداوە؟ ڕووداوەکان ڕاستین یان چیرۆکێکی ئەندێشەکراو؟ دوای بێهیوابوون لە دۆزینەوەی کۆتایی خەونەکەی (جەمیل سائیب)، ئێستا خولیای ئەوە لەسەری داوم، چیرۆکی ئەندێشەکراوی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف بخوێنمەوە. جیاواز لەو خوێندنەوەیەی د.ئیحسان فوئاد و کەشکۆڵەکەی مامۆستا عەلی کەمال باپیر.

چاوەڕێ بن بەسەرهاتی ئەم چیرۆکەش دەنووسمەوە.

# لە خولیای پێچ بەسەرەکانەوە تا سەر ڕووتەکانی سەردەم

**ناسر باباخانی**

ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسۆیی سەیری ڕابردووی خەباتی گەلی کورد بکەین لەسەر بنەمای "کارەکتەرە گشتییەکان"ی بەشدار لە خەباتی سیاسی چەکداریی نەتەوەی کورددا، دەتوانین هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کارەکتەرانە بەشێوەیەکی مۆرفۆلۆژیک دیاری بکەین تا لە هەناوی ئەم بیچمانەدا، چەشنێ تیپ دیاری بکەین کە وەک سەربازی ون ژیان و تەمەنیان بوو بە سووتەمەنی و ئاوردووی شۆڕش. دیارە ئەم چەشنە کارانە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا باوە و وەک نموونەی بەرچاو دەکرێ ئاماژە بە کارەکانی ڤلادیمیر پڕاپ فۆڕمالیستی ڕووس بکەین کە بۆ ئەفسانە ڕووسییەکانی کرد.

کارەکتەرە گشتییە بەشدارەکان لە خەباتی سیاسیی چەکداریدا بە کێ دەگوترێ؟ لەڕاستیدا ئەم کارەکتەرانە سەر بە کۆمەڵگای سوننەتیی کوردستان و نەوەکانی ڕابردوون کە وەک ناوێکی تایبەت لە ڕەوتی خەباتدا نادۆزرێنەوە و نابینرێن و تەنانەت هەندێ جار لە مێژووی زارەکیشدا ونن، بۆیە دەکرێ بڵێین بە نیسبەت خودی خەبات وەک دەق، ئەمان خودی پەراوێزن، بەڵام پەراوێزێک کە هەرگیز بە دژی دەق قوت نەبوونەوە، بەڵکوو بەردەوام لە خزمەتی خەباتەکەدا بوون. بەپێچەوانەی زۆر "کارەکتەری سەرەکی" کە لەسەر دەسەڵات زۆر جاران زەبری کوشندەیان لە خەبات داوە، ئەوان هەرگیز گیرۆدەی هێز و دەسەڵات نەبوون.

جلوبەرگی کوردی (لێرەدا بەتایبەتی پێچ و جامانە و کەواوپانتۆڵ و پشتێند وەک نموونە) وەک پاژێک لە گشت بۆ پێناسەیەکی نەتەوایەتی لەبەرچاو گیراوە، واتە ئەگەر چەمکی کوردایەتی وەک سیستم (گشت) سەیر بکەین، دەکرێ جلوبەرگ، زمان، ئەدەب، هونەر و کولتوور وەک پاژەکانی پێکهێنەری ئەم سیستمە شرۆڤەیان بۆ بکرێ و چەشنی پەیوەندییان بەیەکەوە و دواجار لەگەڵ کۆی سیستم دیاری بکەین، ئەمە هەمان مێتۆدی پێکهاتەخوازییە ( Structuralism ) کە بۆ شرۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەگەر بمەوێ زۆر بە کورتی هەندێ پێناسەی ئەم کارەکتەرە گشتییانە بخەمە بەرباس کە قەت سەریان ڕووت نەبووە و بەپێی جوگرافیای شوێنی ژیان پێچ، مێزەر و جامانەیان لەسەر دەنا و هەرگیز جگە لە کەوا و پانتۆڵ بەرگێکی تریان نەپۆشی، دەکرێ ئاماژە بەم تایبەتمەندییانە بکەین:

**– سەر بە کۆمەڵگەی سوننەتین**

**– نەخوێندەوارن**

**– لەباری کۆمەڵایەتییەوە زۆر کاریگەرن**

**– تا دوایین ساتی ژیان لە ناوخۆی کوردستان بوون**

**– هەزینەی قورسیان داوە، بۆ وێنە باوکی شەهید یان باوکی پێشمەرگەن، تووشی زیندان هاتوون، موڵک و ماڵیان لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستی بەسەرداگیراوە.**

**– هەرگیز لە حاڵ و ڕۆژی سیاسی حیزبەکان و دۆخی پارچەکانی تریش خافڵ نەبوون**


**– پێداگری لەسەر یەکڕیزی و یەکێتی، دڵەڕاوکێی ناوونیشان و دەسەڵاتیان نەبووە**

**– ئەخلاقمەداری و ئیمانێکی پتەو بە دواڕۆژی نەتەوەی کورد و...**

خۆ حاشا لەوە ناکرێ کە گلۆباڵیزاسیۆن (بە زەبری تەکنۆلۆژیا و کەرەستە پەیوەندییەکانی) کاریگەریی تایبەتی خۆی هەبووە لەسەر تەواوی کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد وەک سەرجەم گەلانی دنیا و بەپێی زۆربەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان گلۆباڵیزاسیۆن لەم ساتەوەختەدا بەهۆی ئەم کەرەسانەی لەبەردەستیدایە، بووەتە هۆی ئەوەی کە پێناسە و ناسنامەی نەتەوایەتی و ناساندنی پرسی کورد لەسەر ئاستی جیهانی تۆختر و زەقتر خۆی بنوێنێ. بەڵام کە سەیری ئەم شوێندانەرییە لەسەر خودی نەتەوەی کورد دەکەی، دەبینی لەبری سازدانی گوتارێکی هاوبەش یان لانیکەم نیزیک لێکتر، مەودا و کەلێنێکی زیاتری لە نێو کورددا سازکردووە، ئەگەر نەوە پێچ بەسەرەکە لە نەبوونی ئەم کەرەستانە خۆبەخشانە و بەکردەوە خۆی بەختی خەباتی نەتەوەیی کردووە، ئێستا جیلی تازە کە بەتەعبیری ڕابردوو سەرڕووتەکانن، بەبێ حزووری کردەوەیی تەنیا و تەنیا بە کەڵکوەرگرتن لە سۆشیال میدیا خەریکی بەرفراوانتر کردنی کەلێنەکان و مەوداکانن.

ئەوەی کە ئێستا نەوەی سەرڕووت کوردایەتی وەک ڕێبازی ژیان سەیر دەکا، بۆ نەوەی پێچ بەسەر نەک ڕێباز بەڵکوو خودی ژیان بوو، بۆیە حەولی ئەوەی دەدا ژیان و زمانی پاک و بێخەوش بێ، بەپێچەوانەی ئێستا کە لۆمپەنیزمێکی هەوسارپساوی سۆشیال میدیایی و پۆپۆلیسمێکی زاڵ بەسەر ئەم دنیا مەجازییەدا لەبری دەربڕینی بیروڕای ئازاد و کردنەوەی دەرگای دیالۆگ، بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی ژار و تۆوی دووبەرەکییە. ئەگەر خەون و خولیای نەوەی ڕابردوو بەئەنجام گەیشتنی خەباتی کورد بوو، ئەوە سەر ڕووتەکانی سەردەم خەونی گولی بە یەکترەوە دەبینن!




ژمارە (400) دووشـەممە 2016/3/14
ڕووداو

# ئەمبێرتۆ ئێکۆ و گرنگیی پێکەنین





بەفراو نووری

(ناوی گوڵ) یەکەم ڕۆمانی نووسەری ئیتاڵـی ئەمبێرتـۆ ئێکۆیە کە لەسـاڵی 1980 بڵاوکراوەتـەوە. ئەگەرچـی ئێکۆ زۆر درەنگ دەستی بۆ نووسینی ڕۆمان بردووە و لە تەمەنی سـەرەوەی پەنجا ساڵیدا دەستی پێکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆماننووسـەکانی دونیایـە. ئێکـۆ جیـا لـە ڕۆمـان، فەیلەسـووفێکی بواری نیشانەناسـی و پسپۆڕێکی شـارەزای سـەدەکانی ناوەڕاست بـوو. ئەم نووسـەرە لـە ڕۆماندا شێوازێکی تایبەتی هەبوو، چەند ژانریبوونـی ڕۆمانەکانی و هەروەها بەکارهێنانی تەنز و نوکتە و دۆکیومێنت بەشێک بوون لە شێوازی گێڕانەوەی. نووسەر بـە بەردەوامی، ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ ستایشـی پێکەنیـن و شـادی دەکات لـە بەرهەمەکانیـدا. ڕۆمانی ناوی گوڵ یەکێک لە کارەکانی نووسەرە کە تێیدا هەر زوو هەستی بە مەترسیی دۆگماتیزمی دینی کردووە و وەک بابـەت هێناوێتیە ناو ئەدەبیات. لەو ڕۆمانەدا قسـە لەبارەی تەنگبیریی ئایینـی دەکات کە چـۆن دژی پێکەنین و شـادیە و بە وردی و بە گێڕانەوەی ڕاسـتییەکانی ئەو سەدەیە لە شـێوازی ڕۆماندا، ئەو حەقیقەتەمان پیشان دەدات کـە دۆگماتیزمـی دینی چ مەسـیحی بێت یان ئیسـلامی یان هـەر ئاینێکی دیکە، لـە پێکەنیـن دەترسـێت و پێکەنیـن وەک دیاردەیەک دژ بە خۆی سـەیر دەکات. دیارە پێکەنین هەر لە جیهانی کۆنی مەسـیحیدا خراپ لێی نەڕوانراوە، ماوەیەکی زۆر نییـە یەکێ لە پیاوانـی بەرزی دەوڵەتی تورکیا داوای کرد ژنانی وڵاتەکەی بە دەنگی بـەرز پێنەکەنـن و لە کاتـی پێکەنیندا هەر لێویان بجوڵێنن.

ڕۆمانی ناوی گوڵ بە تێمێکی پۆلیسـی-مێژوویی نووسراوە، ئەم ڕۆمانە چیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەمی زایینی، بەسەرهاتی ڕاهیبێکە کە لەگەڵ قوتابییەکی خـۆی بەنـاوی ئێدسـۆ ڕوو لە کڵێسـایەکی کـۆن و دوورکەوتوو دەکەن بە مەبەسـتێکی سیاسی، بەڵام بێ ئەوەی بیانەوێت، تێکەڵـی هەنـدێ ڕووداو و زنجیرەی کوشـتن و تاوان دەبن و ئیـدی ڕاهیب و قوتابییەکەی هەوڵی دۆزینەوەی بکوژەکە دەدەن و پشتی پەردەی ڕووداوەکان دەپشـکنن. هەمـوو ڕووداوەکان لە حـەوت ڕۆژدا ڕوودەدەن و دواتر ڕۆمانەکە لە زمانی ئێدسـۆی قوتابییەوە لە سەردەمی پیریدا دەگێڕدرێتەوە. ڕاهیب کە ناوی ویلیام باسـکرویلە، پێشتر خۆی لێکۆڵەرێکی ئاینی بووە و ئەندامی تاقمێکی مەسیحی بووە، بەڵام لەبەرئەوەی دژی ئەشـکەنجە و سووتاندن و توندڕەوییەکانی مەسیحییەت بووە، کارەکەی بەجێهێشتووە. لەناو کڵێساکەدا زەنجیرەیەک کوشـتن ڕوودەدات و کـەس نازانێـت کێیە. باسـکرویل هەوڵ دەدات تاوانبار بدۆزێتەوە، کڵێسـایەکی کۆن و گەورە کە کتێبخانەیەکی زۆر گـەورەی تێدایـە، جیـا لـە ڕاهیـب و قوتابییەکـەی، یورج، کتێبداری کڵێسـاکەی لێیـە، یـورج پیاوێکی بەتەمەنـی کوێرە کە هەموو نیگەرانی و هەوڵی لەپێناوی پاراستن و شـاردنەوەی کتێبەکانی نـاو کتێبخانەیە. یـورج سـەمبولی مەسـیحییەتی وشـک و تونـدڕەوە کـە بەهۆی گێلێتـی و نەزانییەوە دەبێتە هۆی ئاگر گرتنی کتێبخانەکە. زۆربەی چیرۆکەکە باس لـە هەوڵەکانی یورج دەکات کـە هەموو شـتێک دەکات بۆئـەوەی کەس دەسـتی نەگاتە کتێبێک لـە کتێبخانەکەیدا، ئەویش کتێبێکی ئەرستۆیە. لـە کۆتاییدا ئاشکرا دەبێت کە هەموو تاوانەکان بەدەستی یورجی کوێر ڕوویداوە و جۆرە ژەهرێکی داوە لە کتێبەکەی ئەرستۆ کە هەرکەسێک دەستی بـەری بکەوێـت دەیکوژێت. یورج سـاڵانێک کتێبەکـەی شـاردووەتەوە و لە کۆتاییشـدا دەیسـووتێنێ، ترسـی یورج وەک سەمبولی مەسیحییەتی سەدەی ناوەڕاست، ترس بووە لە ئایدیای ئەرسـتۆ لەبارەی "پێکەنین"ەوە. لێرەدایە دەنگی ئێکۆ بەرجەسـتە دەبێت کە پێکەنین وەک گەورەترین کەشفی مرۆڤایەتی دەبینێـت بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر تاڵـی و تاریکیی ئایندا. پرسـیارەکە ئەوەیە شـوێنی پێکەنیـن لـە کوێدایە ? دریدا لـە ڕەخنەی میتافیزیکـدا، نەبوونـی تەنـز و کۆمیدیا لە میتافیزیکـدا دەخاتە بەر ڕەخنـە و پێیوایە لـە مێـژووی میتافیزیکـدا «عەقڵـی قسـە سـەنتەر» یان لۆگۆسـەنتەریزمدا کۆمێدیا و تەنز بوونی نییە، بۆیە لە ئەنجامدا توندوتیژی شـوێنی میهرەبانـی و ئاشـتی دەگرێتـەوە. یـورج لـە کتێبەکەی ئەرسـتۆ دەترسـێت، چونکـە دەزانێـت سـیحری پێکەنیـن و بـە کۆمیدیا گرتنی ژیان هەموو بونیانی کڵێسـا و مەسـیحیەتی سـەدەی نۆزدە دەخاتە ژێر پرسـیار و دەیلەرزێنێ. سـیحری پێکەنین و کۆمیدیـا کاتێک باشـتر دەردەکەوێت بۆمان کە فیلمـی «ژیان جوانە»ی ڕۆبێرتۆ بنینی-مان بینیبێت، فیلمێک کە بۆمان دەگێڕێتەوە چـۆن لەنـاو گرتووخانـە سـەربازییەکانی هیتلـەردا تەنیـا پێکەنینە چارەسـەری ئەو هەمـوو تراژیدیایـە دەکات. گویدۆ، پاڵەوانی فیلمەکـە بە گاڵتەکردن تەنانەت بە خوداش، کەشـوهەوایەکی شـاد و پێکەنیـن لـەو گرتووخانەیەی مەرگـدا دەخولقێنێ تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێ لێیەوە ژیان دروست بکات.

پێـش ئێکـۆ، فەیلەسـوفی دانیمارکـی سوورن کیرکیگارد قسەی لەو ترازانەی نێوان دیـن و پێکەنین کردبوو، بەبـڕوای ئەو دین و پێکەنیـن پێکـەوە ناگونجێن، بـەڵام لای کیرکیـگارد پێکەنین و گاڵتە دەشـێت تەواوکـەری ئـازار بـن، وەک ئەو دەڵـێ: "پێکەنین، نیشـانەی خۆشـحاڵیی ئەوانەیـە کـە د و نیا یـا ن تێپەڕانـدووە". لای کیرکیـگارد پێکەنیـن دەتوانێـت نیشـانە بێـت بـۆ گاڵتەکردنـی مرۆڤـی ئیمانـدار بە دنیـا، لـە کاتێکدا بۆ کەسـێکی تەقلیـدی کـە دین بـە جۆرێکی سـادە وەردەگرێـت، پێکەنیـن وەک دەلیلی بـێ نەزمی و بە گرنگ وەرنەگرتنی فەرمانی خـودا حسـاب دەکرێـت. ئەمە لـە کاتێکدا لای خوداوەنـدە یۆنانییەکان خـوداکان زۆر پێدەکەنیـن، پێکەنینی ئـەوان پێکەنینە بە حاڵەتی کۆمیدیی مرۆڤ کە هەمیشـە خۆی دەخاتە دۆخی پێکەنیناوییەوە.

لای کتێبـدارە کوێرەکـە، پێکەنیـن نیشـانەیەکە بـۆ کەموکورتی و نوقسـانیی مـرۆڤ. بـە بـڕوای ئـەو پێکەنیـن تـرس دەڕەوێنێتـەوە، بەهۆی پێکەنینـەوە مرۆڤە لاوازەکان ترسـیان دەشـکێت، ترسـیش بەرهەمـی دەسـەڵاتی یاسـاکانە بەسـەر خەڵکییـەوە. هـەر کات خەڵکـی هـەژار و بێدەرەتان ترسیان شکا، واتە ترسیان لە خودا دەشکێت. لەبەرئەوە پێکەنین دەسەڵاتی خوا و ترسـی خودا لە دڵی ئینساندا لەناودەبات. پیـرەی کتێبخانەکە دەڵێت: "پێکەنین لەش دەهەژێنـێ، دەموچاو دەگۆڕێ، مرۆڤ وا لێ دەکا وەک مەیمونی لێبێت".

لای ئێکـۆ پێکەنین چەکێکی گرنگە دژی هەر جـۆرە دۆگماتیزمێک، دژی شـێوەکانی ڕێکخسـتنی زۆرەملـێ کـە مـرۆڤ خۆی لە ناویانـدا دەدۆزێتـەوە، ستایشـی پێکەنیـن لای ئێکـۆ وەک ستایشـی دۆزینەوەیەکە بۆ خۆڕزگارکـردن. کوژراوەکانی نـاو ڕۆمانەکە زۆربەیـان قوربانیـی ئەوەن کـە دەیانەوێت بزانن بۆچی ئەرستۆ کۆمیدیا و پێکەنینی بە گرنـگ و باش زانیوە. لەو پێناوەشـدا ژیانی خۆیـان لەدەسـت دەدەن. ڕۆمانەکەی ئێکۆ پێکەنین وەک نیشانە سەیر دەکات، نە وەک شـتێکی سروشتی، نیشـانە بۆ گاڵتەکردنی ئینسان بە نەزم و ڕوانینی دەوروبەری.

# بۆ لای چەپ وەرگەڕێ!





حەمەسەعید حەسەن

وەک ماسیی لەقوتوونراو
چۆن ناگەڕێتەوە بۆ زێ
وەکوو تەرمی مۆمیاکراو
چۆن هاواری لێ هەڵناسێ

ئیدی دڵی
وەکوو بەرد لێ هاتووی منیش
لێ نادا بۆ خۆشەویستی
ئیدی شیعرم زڵـلەیەکە
بۆ ڕوومەتی
چێژی گشتی.

وەک چۆن لە کەسێ نابوورم
سۆزی بۆ شۆڕش نەبووبێ
لەو شۆڕشگێڕەش خۆش نابم
بە لای ناپاکیدا چووبێ

هێشتا وەرزی
بە (با)وە بارینی خۆڵە
هێشتا شۆڕش
پەڵەهەوری ناو پانتۆڵە.

مایاکۆڤسـکی (1893 — 1930) پێویستی بـەوە نەبوو، لە ڕێی بڵندگۆوە باسـی ئەوینی خۆی بۆ شـۆڕش بکات، ئاخر کەس لەو زیاتر عاشـقی شـۆڕش نەبوو. ئەو هیچی لە شۆڕش نەدەویسـت، بیری لەوە دەکردەوە، دەتوانێت چی پێشکەش بە شۆڕش بکات. ئەو یەکێک بوو لەو شـاعیرانەی وەک پاشکۆی خۆی سەرنجی خوێنـەری نەدەدا، دیالۆگـی لەگەڵدا دەکرد و بە داهێنەری دەزانی. بە هۆشـیارییەوە ڕێسـا دێرینەکانـی شـیعری فەرامـۆش دەکرد، نەک لە سـۆنگەی ئـەوەوە ئاشـنایەتیی لەگەڵیاندا نەبێـت. چونکە خۆی شـاعیرێکی سـەرکێش بـوو، بـۆ خوێنـەری سـەرچڵ و ئەکتیڤیشـی دەنووسی، نەک خوێنەری پاسیڤ و گوێڕایەڵ، بۆ خوێنەرێکی دەنووسـی، سـەلیقەی ئەوەی هەبێت، چێژ لە شیعر وەربگرێت.

بریـا ڕووداو هەر لەوانـە قەومابا کە توانای گێڕانەوەیـان هەیـە، ئاخـر زۆرینـە توانـای گێڕانەوەی هەواڵێکیشیان نییە. هەیە ئەوەندە بەسـەر گێڕانـەوەدا زاڵـە، دەقـی شـیعری دەنووسـێت و خوێنەر هەست دەکات، لە دوای ئەو شیعرانەوە، ڕۆماننووسێک هەیە. شاعیر پشت بە وێنەی شیعری دەبەستێت، وێنەیەک بە کەمترین وشە بکێشرێت، وشـەیەک لە ئەنجامی گەمەیەکی هونەرمەندانـەوە لە تەکیدا، جێی بۆ دیاری کراوە، بەڵام ئاخۆ وشـە بەشـی ئەو هەمـوو مەینەتییانە دەکات، بەرەو ڕووی ئینسان دەبنەوە؟

لە شیعری مایاکۆڤسکیدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان وەهم و واقیعدا نییە، ئاخر سنووری نێوانیان وەهـا کاڵ بووەتەوە، بە ئەسـتەم دەبینرێت. لای ئەو وەک چۆن زۆر جار ئەوە ڕێکەوتە چارەنووسی ئینسـان دیـاری دەکات، هـەر بە ڕێکـەوت و بە شێوەیەکی چاوەڕێنەکراویش، دوو وشەی دەکەونە هەمان ڕسـتەوە. لە شـیعریدا هەم وشـەی ناسک هەیە و هەم وشـەی چڕنووکدار، لە شیعریدا وەک چۆن هەست بە سیمای خۆی دەکەین، دەمامکیش دەبینین.

هـەر بـە مێردمنداڵی هەسـت بـە جیاوازییە چینایەتییـەکان دەکات و هـەر زوو بـە بەلشـەفیکەکانەوە پێوەسـت دەبێـت، کۆمۆنیسـتێکی هێنـدە چـالاک دەبێـت، پێـش ئـەوەی تەمەنـی ببێتە هەژدە سـاڵ، سـێ جار دەگیرێـت. لـە زینداندا بە ئەدەبی ڕووس ئاشـنا دەبێـت، هـەر لە زیندانیشـدا یەکەمین شـیعری دەنووسـێت. بـە گرووپـی داهاتووخـوازەکان سەرسـام دەبێت کە دژی ئەدەبی کلاسیک دەبن و داوای ڕزگارکردنـی شـیعر لـە هەمـوو کۆت و پێوەندێـک دەکـەن و فشـەیان بە ڕەسـەنایەتی دێت. داهاتووخوازەکان هەڵسـوکەوتی سـەیریان دەنوانـد، جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگیان دەپۆشـی و لە کۆڕە ئەدەبییەکانیاندا وشـەگەلی ناشـیرین و بازاڕییان بەکار دەهێنا.

(زڵـلەیەک بـۆ دەموچـاوی ڕای گشـتی) یەکەمیـن کۆشـیعری مایاکۆڤسـکییە کـە لـە 1914 بڵاوبووەتـەوە. (هـەوری نێـو شـەڕواڵ) کە ناودارترین شـیعری مایاکۆڤسـکییە و 1915 نووسـیویەتی، تێیـدا پێشـبینیی شۆڕشـی ئۆکتۆبەری کردووە. مەبەستی لە پەڵەهەوری نێو پانتـۆڵ، گاڵتەکردن بووە بە ئاوەزی سانسـۆر و بەو خەڵکە شـل و شێواو و دەستوپێ سپییانەی هیچیـان لە بـاردا نییە و بـە کەڵکی تەنگانە نایـەن. هەرچەنـدە لینیـن شـیعری مایاکۆڤسـکیی بـە دڵ نابێت، بەڵام مایاکۆڤسـکی کە شۆڕشـی بە هیی خۆی دەزانی، داستانە شیعرێک بۆ مەرگی لینین دەنووسێت.

مایاکۆڤسـکی لـە بـواری سـۆزداریدا تووشـی نسکۆ دێت و دوای مەرگـی لینین، هێرشـێکی بەربڵاویـش دەکرێتـە سـەری و هیچـی نوێشـی بـۆ چـاپ ناکرێت، ئیدی لـە 14ی ئەپریلی 1930دا، لای تەرمەکەیـەوە نامەیـەک دەدۆزرێتـەوە کە تێیدا نووسـیویەتی: (کـەس تۆمەتبار مەکـەن، بەرگـەی هەلومەرجەکـەم نەگـرت، هیچـی دیکـەم پێ نەکـرا، با کەس شوێنپێم هەڵنەگرێت.) دوو سێ ڕۆژێـک پێشـتریش لە شـیعرێکدا گوتبووی: (بەلەمی خۆ شە و یستی لەسـەر گابەردی ژیان تێکشکا.)

11ی ئاداری 2016
هەولێر

(١) محمد بنيس، تجربة القراءة.
(٢) بول اوستر، اللغة امام محنة الوجود.
(*) شیعرەکە وەرگێڕان نییە، خۆم بە سوود وەرگرتـن لـە دوو سـێ دەربڕینی مایاکۆڤسـکی نووسیومە.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# دەوڵەت

ئێستا بە قسەی گۆران ئازاد بێ، یەکێتی کە بەهۆی کێشەکانی خۆیانەوە کۆمەڵێ پۆستی بەتاڵیان لە حکوومەتدا جێهێشتووە، دوو ئەوەندەش پارتی و گۆڕان پۆستیان خواردووە، یان بۆیان پاشەکەوت کردووە. کەواتە ئەگەر داوای ئەو پۆستانەش بکاتەوە و وەریانبگرێتەوە، ئیدی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەبێتە دەوڵەمەندترین حیزبی خاوەن پۆستی بەتاڵ. ئیدی ئاوهایە، پیاو ئەگەر هەژار بوو بوتڵی بەتاڵ کۆدەکاتەوە، حیزبیش ئەگەر دەسەڵاتدار بوو پۆستی بەتاڵ.

خۆ خەمەکە ئێستا نییە، ئاخر ئەگەر هات و بووینە دەوڵەت، ئەوساکە سێ هێندەی دیکە پۆست پەیدا دەبن، جا ئەگەر هات و لە کاتی دابەشکردنیاندا، دەوڵەتەکە بەر لە دروستبوون هەڵنەوەشایەوە و چونکە حیزبی کوردییش، بە ئاسانی پۆستیان پێ پڕناکرێنەوە، بۆیە هەر لە ئێستاوە باشتر وایە بیر لەوە بکەنەوە لە دەوڵەتی داهاتوودا وەزارەتی پۆستە بەتاڵەکان دروستبکرێت، باشترین پاڵێوراویش بۆ ئەم وەزارەتە رێزدار ئاشتی هەورامییە، ئاخر ئەوە تەنیا ئەوە دەتوانێ ئیدارەی ئەو حەمکە پۆستە بەتاڵە بکا بە جۆرێک خوا نەبێ کەس نەزانێ چی بە کێ دەدات.

وەزارەتێکی دیکەی یەکجار پێویست لە دەوڵەتی داهاتوودا قوربان وەزارەتی پرۆژەکانە، ئاخر ئەگەر ئێستا تەنیا بۆ گەڕانەوەی رێزدار یوسف محەممەد بۆ پەرلەمان، تەنانەت سووپەر مارکێتەکەی گەڕەکی ئێمەش پرۆژەی ئامادە کردووە، مەعێن بۆ سەرپێخستنی تازەدەوڵەت، پرۆژە بە پرۆژە دەڵێ خۆت لادە. جاران دەیانگوت سلێمانیی نوکتە لەسەر هەموو کەس دەکەن، هەر کەس نەبێ لەسەر خۆیانی دەکەن، ئەها رێزدار گۆران ئازاد، کە کەس نەما پرۆژەی بۆ بنووسێ، ئێستا پرۆژە بۆ حیزبەکەی خۆی دەنووسێ؟

چونکە ئەستەمیشە دوو کورد تاسەر لەسەر یەک پرس تەبا بن، بۆیە لەپێناو سەقامگیریی تازەدەوڵەتدا پێویستمان بە وەزارەتی سازان و یەکڕیزی دەبێت، باشترین پاڵێوراویش بۆ ئەم وەزارەتە هەر رێزدار ئاشتی هەورامییە، ئاخر ئەو لە ئیدارەدانی شتێکدا کە هەموو خەڵک باسی دەکەن و کەسیش نایبینێ، زۆر وەستایە.

جا چونکە چواردەورەی نوێدەوڵەتەکەمان بە سەگ و گورگ دەورە دراوە و ئەوەی کار نەکات دیپلۆماسییە، بۆیە پێشنیار دەکەم ناوی وەزارەتی دەرەوە بگۆڕین بۆ وەزارەتی ڕووقایمی و هەربەهەوەس. بۆ ئەم پۆستەیان کورد خاوەنی کاندیدێکی پڕئەزموون و لێوەشاوەیە، ئەویش رێزدار ئاشتی هەورامییە.

ئێستاکێ کورد لەبەردەم دووڕیانێکدایە، دەوڵەت دامەزرێنین، یان کاک یوسف بهێنینەوە؟ خۆ ئەگەر کاک یوسفمان هێنایەوە ئەوە ئیتر ئیشمان بە دەوڵەت نامێنێ. ئەگەریش دەوڵەتمان دامەزراند، ئەوسا لە رێزدار ئاشتی هەورامی دەپرسین کاک یوسف بهێنینەوە یان نا.

---



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# لە هەشتی مارسدا چیمان پێبوو بۆ ژنان

ئەمساڵیش ژنان لە 8ی مارسدا بە لیستێکی خەمناکەوە ماڵئاواییان لە 2016 کرد کە لەلایەن دەزگاکانی چاودێریی بارودۆخی ژنان لە جیهاندا، تراژیدیای بەردەوامی توندوتیژیی دژی ژنان، دەستدرێژی بە هەموو جۆرەکانییەوە، ناهاوتایی و پێشێلکردنی مافەکانیان لە سەراپای جیهاندا و بەتایبەتی لە جیهانی دواکەوتە و ژێر دەستەی دەسەڵاتە نەریتی و دیکتاتۆری و ئایینی و پیاوسالارییەکاندا، نیشانی دا کە هێشتا ئەم نیوەیەی مرۆڤایەتی زۆر دوورە لەوەی هاوتای نیوەکەی دی بژی.

ئەو لیستە پێمان دەڵێت رۆژانە 603 ملیۆن ژن لە هەندێک وڵاتی جیهاندا تووشی ئەشکەنجە و لێدان و سووکایەتی دەبنەوە کە لەو وڵاتانەدا توندوتیژیی دژی ژنان (تاوان) نییە. 700 ملیۆن کچ لە جیهاندا پێش تەمەنی 16 ساڵی بە شوودراون. 130 ملیۆن کچ لە جیهاندا خەتەنە کراون. لە هەر 10 ئافرەتێک لانیکەم یەکێکیان لە جیهاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی و دەستدرێژی بووەتەوە. ساڵانە زیاتر لە پێنج هەزار ژن بە تاوانی شەرەف دەکوژرێن. لە 15 وڵاتی جیهاندا ژنان بەبێ ڕەزامەندیی باوک یان مێرد بۆیان نییە نە کار بکەن نە سەفەر. لە 79 وڵاتی جیهاندا هێشتا ژنان لەڕووی کار و مووچەوە لەگەڵ پیاوان هاوتا نین و مافی هەموو کارێکیان نییە. زیاتر لە 45 ملیۆن ئافرەتی لەشفرۆش لە جیهاندا هەن کە زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان 13 تا 25 ساڵدایە. لەو کۆمەڵگایانەدا کە بەر هێرشی تیرۆریستانەی هێزە ئیسلامییە جیهادییەکان کەوتوون، ئافرەتان قوربانیی یەکەمن و جگە لە کوشتنیان دەکرێنە بابەتی کۆیلایەتی و فرۆشتن و دەستدرێژیی بەردەوامی سێکسی.

نیوەی کۆمەڵ و دایک و پەروەردگاری نیوەکەی دیش کە تاکە خواست و پرسیاری لە پیاو ئەوەیە کەی ئەمیش دەبێتە خاوەنی جەستەی خۆی؟ دوای 364 رۆژ لە ماندوویی پێنەزانراو و لەبیرکراوی نیوەکەی دی، هەرگیز یەکسان نەبوونیان بە پیاو، لە 8ی مارسدا چییان لە پیاوان خواست و بە چ ئومێدێکەوە چاوەڕوانی ساڵێکی نوێیان لێ دەکەن؟ ژنان بێ ئومێدن لەوەی پیاوان پاش چەندین سەدەی پێکەوە بنیاتنانی شارستانیەتی مرۆڤ، لە داوا سادەکانی ناخیان بگەن، کە ببنە هاوڕێی ڕاستەقینەی ژیان و بنیاتنەری هاوبەشی خێزانەکانیان و خەم و ئارەزووەکانیان، ئەو پیاوانەی جگە لەو ساتانەی شەو نەبێت کە بەتەنیشت هاوژینەکانیانەوە (ڕاستتر ژنەکانیانەوە) پرخەیان دێت، ساتەکانی دیکەی ژیانیان لە دەرەوەی جیهانی هاوژینەکانیان بەسەردەبەن، تەنانەت لەو تاکە رۆژەشدا پیاوەتییان لە عەرشی باڵادەستی بەسەر نیوە قوربانییەکەوە تا ئەو ئاستە دانابەزێت کە دان بە 364 رۆژی تەنیایی و ناهاوتایی و چەوساندنەوەی ژناندا بنێن، بۆیە ژنان چیرۆکی بە قوربانیبوون و هەتککردنی جەستەی لێسەندراویان لە رۆژی مافەکانیدا بە تەنافی تاوانەکانی نیوە نێرینەکەدا هەڵدەواسن، بێ ئەوەی چاوەڕوانی و ئومێدی باشبوونی ژیانیان لە کۆمەڵگەیەکی جیهانی ژێر دەستی پیاواندا بکەن. ژنان هەموو ساڵێک هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێت کە بیری باوک و برا و هاوسەر و مام و خزم و ئەو نیوە باڵادەستە بخەنەوە، بۆچی لەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە بەرگی نیوەیەکی پێشێلکراو و چەوسێنراوەی بە ژنان بەخشیوە؟ وەک ئەوەی ژیان لە گوناهێکەوە دەستی پێکردبێت کە مرۆڤی لە بەهەشتەکەی خوداوە فڕێدایە سەر زەوی و تیایدا مێژوویەکی مرۆڤایەتی نووسییەوە کە بە چەوساندنەوە و سەرزەنشتکردنی نیوە مێیینەکەی دەستی پێکرد. پیاوان مێژووی کوشتار و تراژیدیاکانیان خوڵقاند و ژنانیش قوربانیی سەرەکی بوون. پیاوان خوڵقێنەری ئایینەکان بوون کە غەزەب و نەفرەتیان بە نیوە ونبووەکەی خۆیان بەخشیوە.

لە سەرقاڵی بەیاننامەی حیزب و رابەرە سیاسییەکان بە یادی رۆژانی ڕاپەڕین کە ئەزموونێکی شکستخواردووی ئاسۆ نادیاری پێبەخشین، لە شەڕی بێهوودەی کاراکردنەوەی پەرلەمانێکی لە بنەڕەتدا ناکارا و بێدەسەڵات، لە پشت بانگەوازی کۆنفرانسە قەشەنگەکانی فێمینستە ناسکەکانی هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان و شاگەشکەبوون بە بزرکردنی خواستی سادەی ژنان لە هەڵگرتنی شەرەفی چەکی شەڕڤانی و گەریلایی و گواستنەوەی موڵکایەتی جەستەیان لە پیاوەوە بۆ مەسەلە و ئایدیۆلۆژیایەک کە هەر لە بنەڕەتەوە ژنبوونیان دەکوژێت، ژنانی کورد چۆن ئەو رۆژەیان بەرێکرد و لەو جەنجاڵییەدا چەند ژنی دی بە بێدەنگی و بێ سزا کوژران و ئەشکەنجە دران و کەرامەتیان ڕووشێنرا و سادەترین مافی ژیانیان لێ سەندراوەتەوە؟ ژنانێک کە لە جیاتی خەون بە بوون بەشەڕڤان و گەریلا و چەکەوە ببینن، ژیانیان وا جوانتر دەکرد کە خەون بە خاوەندارێتی جەستەی خۆیانەوە ببینن و ئەو موڵکایەتیە لە کۆمەڵگە و پیاوان بسەننەوە، چونکە هیچ ئازادییەک لە ئازادبوونی جەستە زیاتر مانایەکی نییە بۆ ئافرەت.

دروشمی خۆپێشاندانی بزووتنەوە فێمینستەکانی فەرەنسا لە شەستەکاندا (جەستەم موڵکی خۆمە) بوو، بەڵام هێشتا دیارە ژنان لە جیهاندا دوورن لەوەی کە جەستەیان موڵکی کۆمەڵ نەبێت، بە تایبەتیش ژنانی کورد لە فەزای جیهانێکی دیدا دەژین کە تێیدا ئێمەی پیاوانیش زۆر دووریـن لەوەی ئیرادەی ئازادکردنی جەستەی ژنانمان هەبێت و ئەو موڵکەیان پێبدەینەوە، چ نەبێت با لێگەڕێین بە برینداری بە تەنافی کەرامەت و پیاوەتی ئێمەدا هەڵیواسن و خوێنی لێ بچۆڕێت.

---



هیوا حاجی
hewa.khedir@su.edu.krd

# ڕاپەڕین و ئەفسانەی شتێکی نوێ

پێشکەشکردنی شتێکی نوێ ئەفسانەیەکی دانەبڕاوە لە زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان. ئەوانەی شۆڕش یان ڕاپەڕین دەکەن لەدژی دەسەڵاتێکی سیاسی، لەڕاستیدا، خەون بە بەرهەمهێنانی سیستەمێکی نوێی سیاسییەوە دەبینن کە تەواو جیاواز بێت لە سیستەمی سیاسیی پێشوو. بۆ وێنە لە جێی سیستەمێکی سیاسیی تۆتالیتار خەون بە دامەزراندنی سیستەمێکی دیمۆکراتیکەوە دەبینرێ، یان لە شوێنی پاشایەتی ڕەها هەوڵ دەدرێ سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی سنووردار لەسەر کورسی دابنرێ و یانیش لەبری سیستەمێکی ئایینی نیزامێکی عەلمانی بێتە سەر کار. لە هەندێ باردا، شۆڕش و ڕاپەڕینەکان شکست دێنن لە بەدیهێنانی گۆڕانکاریە ویستراوەکاندا. نائومێدیی دوای شۆڕش ڕاستییەکە و لە هەلومەرجی جیاوازدا دێتە پێش.

دوای 25 ساڵ لە ڕاپەڕینی خەڵکی "کوردستانی عێراق"ی ئەوسا، خەڵکێک هەیە لە کوردستان بە نائومێدییەوە سەیری ئاکامەکانی ڕاپەڕین دەکەن. خەڵکێک پێیوایە ڕاپەڕین نەبووە هۆی بەرهەمهێنانی دیمۆکراسی لە کوردستان، عەدالەتی کۆمەڵایەتی نەچەسپا، یاسا سەروەر نەبوو، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەک پێویست نەهاتەدی و دەکرێ لیستی بێئومێدییەکان هێشتا درێژ بکرێتەوە. هەرچەندە سەرچاوەی ئەو نائومێدیانە زۆربێت، لە کۆتاییدا شتێک هەیە بە ناوی چاوەڕوانییەکانی خەڵک. پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە: خەڵک چاوەڕێی چی بوو و دواتر چی دەستکەوت؟ خەڵکی کوردستانی دوای ڕاپەڕین چاوەڕێی شتێکی زۆر جیاواز بوون لە پێش ڕاپەڕین، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین بەشێکی زۆری چاوەڕوانییەکانیان تووشی ناکامی بوون.

بۆ ڕاپەڕینی کوردستان نەیتوانی ببێتە هەوێنی بەرهەمهێنانی سیستەمێکی جیاواز؟ وەڵامی ئەو پرسیارە پەیوەندی بە میراتی پێش ڕاپەڕین و میراتگرانی دوای ڕاپەڕینەوە هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە: بێتوانایی لەبەدیهێنانی گۆڕانکارییەکاندا بەشێکی پەیوەندی بە پێش ڕاپەڕینەوە هەیە و بەشێکیشی بەو ئەکتەرە سیاسییانەی کە لە پشت ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕینن.

## میراتی ڕاپەڕین

ڕاپەڕینی کوردستان لە هەلومەرجێکی سیاسی- ئابووریی زۆر ناڵەباردا سەری هەڵدا. مەبەستم لە هەلومەرجی ناڵەبار سێ بابەتی سەرەکین کە کاریگەریی زۆریان لەسەر وەزعی کوردستانی دوای ڕاپەڕین جێهێشت. یەکەم: لە ڕووی سیاسی- حیزبییەوە، ئەو دوو ئەکتەرە سەرەکییەی سەرکردایەتی ڕاپەڕینیان کردبوو (مەبەست پارتی و یەکێتییە) هەڵگری میراتێکی خوێناویی نزیکەی 35 ساڵی بوون. ناوەڕۆکی ئەم میراتە سیاسییە بریتی بوو لە بێمتمانەیی و هەوڵدان بۆ لاوازکردن و تەنانەت ئەگەر بکرێ، لەناوبردنی ئەوی دیکەش.

دووەم: لە ڕووی ئابوورییەوە، ڕاگواستنی گوندەکان کە بە چڕوپڕی لە کۆتایی حەفتاکان دەستی پێکردبوو و لە هەشتاکان لە چوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفال گەیشتبووە لوتکە، ژێرخانی کشتوکاڵی کوردستانی بەنزیکەیی وێران کردبوو.

سێیەم: لە ڕووی فەلسەفەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، خەڵکی کوردستان ڕاهاتبوون لەسەر سیستەمی خۆشگوزەرانی سەردەمی بەعس کە بنەماکەی تەدەخولی دەوڵەت بوو لە پێشکەشکردنی بەشی هەرە زۆری پێویستیەکانی هاووڵاتیان، لەوانە خوێندنی بەخۆڕایی لە قۆناغی سەرەتایی تا خوێندنی زانکۆیی، خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان بەخۆڕایی، سیستەمی بەشە خۆراکی مانگانە، هەروەها نەبوونی سیستەمێکی کارا بۆ باج. بەشێک لەوانە دەکرا باش بن، بەڵام کاریگەریی نەخوازراوی خۆشیان هەبوو.

لەسەریەک، لە ساتەوەختی ڕاپەڕیندا، ئێمە بێمتمانە بووین بەرامبەر یەکتر و لە هەر چانسێک دەگەڕاین بۆ ملشکاندنی ئەوی دیکە، ژێرخانێکی ئابووریی داتەپیومان هەبوو و لە هەمان کاتیشدا، خاوەنی میللەتێک بووین کە ڕاهێنرابوو لەسەر پشتبەستنی تەواو بە دەوڵەت تا ئەو ڕادەیەی کە دەوڵەت بە "باوکی" خۆی بزانێت.

## میراتگرانی دوای ڕاپەڕین

لە کوردەواریدا گوتراوە "کوڕ ئەگەر پیاو بێت میراتی بۆ چییە و دیسان ئەگەر کوڕ پیاو نەبێ میراتی بۆ چییە؟" هەرچەندە من ڕەخنەم لەسەر ڕەهەندە جێندەرییەکەی ئەو پەندە هەیە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەم پەندە هەڵگری حیکمەتێکی قووڵە. بە کورتی پەندەکە دەیهەوێ ئەوەمان پێبڵێت: ئەگەر کوڕێک خۆی مرۆڤێکی ئیشکەر و ماندوونەناس بێت، تەنانەت ئەگەر باوکیشی هیچ سەروەت و سامانێکی بۆ جێنەهێشتبێ، خۆی دەتوانێ شتێک بۆ خۆی دروست بکات و لەسەری بژیەت. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر کوڕێک تەمبەڵ و بێباک بێت، ئەگەر باوکی گەورەترین سامانیشی بۆ جێهێشتبێ، ئەوا ئەو کوڕە سامانەکە بە فیڕۆ دەدات و لەناوی دەبات. کەواتە چەندە میرات گرنگ بێت، لەوە گرنگتر میراتگرەکانن، چونکە میراتگرەکان دەتوانن میراتێکی خراپ بەرەو شتێکی باش ببەن و خۆئەگەر بەختەوەر بوون و میراتێکی باشیان بۆ مابووەوە دەتوانن هێشتا باشتری بکەن.

میراتگرانی ئێمەی دوای ڕاپەڕین، مەبەستم بە دیاریکراوی نوخبەی سیاسی فەرمانڕەوای دوای ڕاپەڕینە، نەک هەر نەیانتوانی میراتە خراپەکەی پێش ڕاپەڕین بە ئاقارێکی باشدا ببەن، بەڵکوو لە هەندێ ڕووەوە بەرەو هەلومەرجێکی زۆر ناڵەباریان برد. بێمتمانەیی پێش ڕاپەڕینی نێوان پارتی و یەکێتی نەک کاڵ نەکرایەوە، بەڵکو بە ئاراستەی شەڕی نێوخۆیی چوار ساڵەدا ڕۆیشت. ژێرخانی ئابووری و بەتایبەتی ژێرخانی کشتوکاڵی بەرەو دارمانی زیاتر برا و نەشکرا سیستەمێکی نوێی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بێتە گۆڕێ کە بنەماکەی ڕەخساندنی دەرفەت بێت بۆ هاووڵاتی و دەوڵەت لە جیاتی ئەوەی ئەرکی خۆراکدان بێت بە دانیشتووان، ببێتە بزوێنەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی درێژخایەن.

هەرچەندە من پێموایە زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان پەشیمان نین لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ڕاپەڕینەکە لەزۆر ڕووەوە ڕەوشێکی زۆر باشی بۆ هەرێمی کوردستان نەخولقاند. زۆر گرنگە جەدەل لەسەر ئەو میراتە بکرێت کە بۆ کوردستان لەسەردەمی ڕاپەڕین جێمابوو و چۆنیش لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین، ئەکتەرە سیاسییەکان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو میراتەدا کرد. ڕەنگە ئەمە یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتن لە نەهاتنەدی ئەفسانەی شتێکی نوێ لە کوردستاندا.

---



کامەران محەممەد عەزیز

# تێگەیشتن لە جەنگ

ئەسینایییەکان لە قۆناغەکانی کۆتایی جەنگی پلۆپۆنیز (431-401 ی پێش زایین) تووشی تەنگژەیەکی زۆر هاتبوون، لەبەرامبەردا سپارتای دوژمنیان لە پێشڕەویدا بوون و هەڕەشەی بڕینی سەرچاوەی دارایی و بێنانکردنیان لێ دەکردن (وەکو بەغدای ئێستا)، ئەسینایییەکان هەموو شتێکیان تاقی کردبووەوە، تەنیا دوا قسەیان مابوو، بە سپارتاییەکانیان گوت ئێمە ئەو پەیکەرە ئاڵتونییەی خوداوەندی ئەسینا هەڵدەوەشێنینەوە و ئاڵتوونەکەی بەکاردەهێنین بۆ خەرجیی جەنگ، لە سەرەتاوە سەرکردە سیاسییەکانی ئەسینا بە خەڵکیان نەدەگوت ئەوە تەنیا پەیکەرە و هیچی دی، بەڵکو دەیانگوت ئەوە خوداوەندە و دەمانپارێزێت، بەڵام لەپێناو مانەوە دەستیان بۆ خوداوەندەکەشیان برد. ئەو ڕووداوە پێشی 2400 ساڵ بووە، بەڵام ئێستا لەسەر ستەیجی شانۆکە پێدەچێت لەجێی ئەسینا هەرێمی کوردستان ڕۆڵ بگێڕێت و لە جێی سپارتاییەکانیش حکومەتی بەغدا نمایشی خۆی بکات. پرسیارەکە ئەوەیە هەرێمی کوردستان وەکو ئەسینا لە پێناوی مانەوەدا هیچ "پەیکەرێکی ئاڵتوونی"یان هەیە بیفرۆشن؟

ئەو بابەتە لەسەر دەوڵەتی کوردی نییە کەی و چۆن و کێ و لە کوێ و لەلایەن کێ و بۆ کێ ڕابگەیەندرێت، بەڵکو لەسەر جەنگە. بەوە دەست پێدەکەم، ئەگەر جەنگی داعش کۆتایی هات و کوردیش هیچی دەست نەکەوت، نە دەوڵەت، نە پشتگیریی ئەمریکا و هاوپەیمانان، نە بوون بە ئەکتەرێکی بەهێز لە ناوچەکەدا، نە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوخۆ و نە کۆمەڵێک ئامانجی دیکە، بەڵام ئەگەر تەنیا لە زنجیرەکانی کۆتایی ئەم وەرزەی جەنگدا، توانیبێتی لە سروشتی جەنگ تێبگات، پێموایە بەبەهاترین گەوهەری دەستکەوتووە، بە جۆرێک دەستی گەیشتووە بە ئاوی حەیات و نەمری، ئەمە وەکو هەمان پەیکەرە ئاڵتوونییەکەی خوداوەندی ئەسینا دەبێت بۆ کورد، چونکە بیرمان نەچێت جەنگ ژیان دەخوڵقێنێتەوە، هەموو جار جەنگ کۆمەڵێک ئایدیا و فەلسەفەی تازە دەهێنێتە کایەوە، ئەگەر کورد لە جەنگ تێبگات لە وجودی خۆی تێدەگات.

کورد ئێستا لە جەنگێکدایە بەرامبەر داعش و داعشخوازەکان، ئەو جەنگە پێناچێت لە پێناو ڕق و عاتیفە و شەرەفدا بێت، بەڵکو لە جەنگێکی ئاڵۆز بە حیساباتە جیۆپۆلەتیکییەکان دەچێت، لە جەنگێک لەپێناو مانەوە، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی و چەسپاندنی ئیرادە، بە مانایەکی دیکە لە پێناوی هێز دەچێت. جەنگ حەتمییە یان نا، هۆکارەکانی چین کاری ئەم بابەتە نییە، بەڵام مەبەستی سەرەکی من تێگەیشتنە لە داینەمیک و چۆنیەتی بەجێگەیاندنی جەنگ. لێرەدا یەکێک لە مەزنترین ستراتیژیستەکانی جەنگ کارڵ کلاوزڤیتز یارمەتیدەرێکی باشی ئێمە دەبێت، لەگەڵ ئەوەی سروشتی جەنگ بەهۆی نەبوونی مەیدانێکی جەنگی دیاریکراو و ئاڵۆزبوونی ناونیشانی ئەکتەرەکان ڕووبەڕووی هەڕەشەی گۆڕانکاریی گەورە بووەتەوە، بەڵام بنەمای جەوهەریی جەنگ هەروەکو کلاوزڤیتز پێیوایە، تاڕادەیەکی زۆر وەکو خۆی دەمێنێتەوە کە بریتییە لە حکومەت، سوپا و خەڵک. ئەو سێ لایەنە جەنگ بەڕێوەدەبەن، بێ هەماهەنگیی نێوانیان جەنگ تەنها کارێکی گەمژانەیە، مەگەر بە چانس و بە دوعا، ئەگەرنا لە هەلومەرجێکی لێکترازاوی وەهادا هەرگیز جەنگ بڕیارێک و بژاردەیەکی عەقڵمەندانە نابێت و ئەنجامێکی عەقڵمەندانەشی لێ ناکەوێتەوە. لەڕێی کارکردنی ئەو سێ بنەمایە بەیەکەوە، دەتوانین لە ئامانجی جەنگ تێبگەین، و لەسەر ئەگەری سەرکەوتن قسە بکەین. ئەمە هەر تەنیا بۆ دەوڵەتێکی نیزامی دروست نییە، بەڵکو تەنانەت هێز و گرووپی نانیزامی وەکو داعشیش بۆ ئەوەی جەنگ بەڕێوە ببەن، دەبێت کار لەسەر ئەو سێ بنەمایە بکەن. لەبەرئەوە جەنگ لە ڕوانگەی کلاوزڤیتز ناکرێت تەنها وەکوو بابەتێکی ماتماتیکی بخوێندرێت، بەڵکو جەنگ پێکدێت لە هاوسەنگیی نێوان قودرەتێکی داهێنەرانەی جەنەراڵ و فەرماندەکانی جەنگ، لەگەڵ سیاسەتی عەقڵمەندانەی دەسەڵات و هەروەها پشتگیریی خەڵک.

ئێستا چێوەیەکمان هەیە بۆ ئەوەی حەق بە خۆمان بدەین و بزانین تا ئێستا کورد لە جەنگی داعشدا سەرکەوتوو بووە یان نا، دەبێت بڵێین "تا ئێستا" چونکە هەمیشە جەنگ نادڵنیاییەکی گەورە لە دوا ساتەکاندا لەگەڵ خۆی دەهێنێت و جەنگ تا کۆتایی هیچ براوەیەکی نییە. دەسەڵات بنەمایەکی جەوهەریی جەنگە، بەڵام ڕەنگە هێشتا بۆ ئەو ڕۆڵەی دەسەڵات، پێناسەیەکی دۆزراوە بۆ ڕۆڵی دەسەڵاتی کوردی نەبێت، یان ڕەنگە من نەمبینیبێت. پەرلەمان و دەسەڵاتی دادگەری لەبەردەم قەیرانی گەورە و کێشەی دووسەرەدانە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و حکومەت زۆر مەترسیدارانە دابەش بووە، بەشێک لە وەزیرەکانی ئەم کابینەیەی حکومەت هێشتا لە دەرەوەی پایتەختن و پێویستیان بە دووربینە تا بەرەی جەنگ ببینن. پێشمەرگە، بەردەوام پێشمەرگە پێناسە ناکرێت، یان بۆ من زۆر زەحمەتە هیچی لەسەر بڵێم، بەڵام وەکو بەشێک لە مەنزومەی عەسکەری، هێشتا وەکو سوپایەکی نیزامی دروست نەبووە و لەئاستی چەک و تەکنیکی جەنگدا پێشمەرگە کێشەیەکی زۆری هەیە. خەڵک، کۆمەڵگای کوردی لەژێر گوتاری حیزبەکاندا دابەش بوونە، ئەوە لە تەواوی پەیوەندییەکانی رۆژانەدا دەبینرێت، پشتگیریی خەڵکیش بۆ پێشمەرگە و بۆ سیاسەتی حکومەت تەنیا لە کارێکی نەپێوراو دەچێت. لە نێوان ئەو سێ لایەنەدا، وەکو سێ بنەمای جەنگ کێشەی قووڵ و جەوهەری هەیە، زۆرترین کار پێویستە بۆ ئەوەی وێنەیەکی گەورەی جەنگ لە دوورەوە بکێشرێت کە تێیدا ڕۆڵی دەسەڵات و سوپا و خەڵک دیاری کرابێت. لێرەدا نەکرا تەواوی ئەو کێشانە تەحلیل بکەین، بەڵام ئەگەر تەنیا تێگەیشتن لە جەنگ لەژێر بنەمای تێگەیشتن لە سێ بنەماکەی جەنگ ڕوون کرابێتەوە، پێموایە لەسەر هێڵێکی دروستین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پەکەکە چۆن هەدەپەی کوشت؟

## 1

لە سەرەتای حوزەیرانی 2013 و ئەوکاتەی کە ناڕەزایەتییەکانی پارکی گەزی لە ئیستانبوڵ سەریانهەڵدا، هەدەپە لە دروستبووندا بوو، گفتوگۆکانی نێوان ئۆجەلان و دەوڵەتی تورکیا خەریک بوو دەگەیشتە قۆناغێکی یەکلاکەرەوە. پەکەکە ئەو ناڕەزایەتییانەی قۆستەوە و بووە یەکێک لەو لایەنانەی کە پەلاماری ئەردۆغانیان دەدا. زۆر کەس پێیانوابوو کە ئەو ناڕەزایەتییانە کۆتایی حکومەتەکەی ئەردۆغانە، بە تایبەتی کە شەش مانگ دواتر ریسواییەکی گەورەی دارایی لەسەر ئەردۆغان و وەزیرەکانی ئاشکرا کرا، بەڵام سەرباری هەموو ئەوانە پرۆسەی ئاشتی هەر بەردەوام بوو.

لە سەرەتای 2014ـشەوە، هەدەپە پتر لەوەی خۆی پێ تەرەفێکی دانوستاندنی ئاشتی بێت و خاوەنی دۆزێکی نەتەوەیی بێت، تەحویل بوو (یان گۆڕدرا) بۆ پارتێک کە بەرگری لە بنەماکانی کۆماری تورکیا بکات لە دژی هەژموونی موحافەزەکاری و هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی. دیار نییە کە ئامانج لە دروستکردنی هەدەپە چی بوو؟ ئایا پەکەکە دەیویست بە ناسنامەی تورکیاییبوون، دەرچەیەک بۆ دوورکەوتنەوەیان لە دۆزی نەتەوەیی و دروشمەکانی پێشوویان بدۆزنەوە، یان بەرەیەکی دیکەی چەپ (چونکە چەپی کلاسیکی جەهەپە سەرکەوتوو نەبوو) لە دژی ئەردۆغان بکەنەوە؟

لەڕاستیدا، بەتورکیایی بوونەکە سەریگرت و هەدەپە وەکو تەڤگەرێکی تورکیایی سەرکەوتنێکی گەورەی لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیراندا بەدەست هێنا، بەڵام ئەوەش باجەکەی ئەوە بوو کە پرۆسەی ئاشتی وەستا و تەرەفی سەرەکی واتا ئاکپارتی و ئەردۆغان، کۆتایی پرۆسەکەیان ڕاگەیاند. چونکە هەدەپە نەیتوانی یان ڕێگەیان نەدا ئەو هێزە گەورە پەرلەمانییەی دەستی کەوتبوو، بیخاتە خزمەتی چارەسەری و لەولاشەوە پەکەکە تەپڵی شەڕی لێدا. دەستپێکردنەوەی شەڕ لە حوزەیرانی 2015ەوە کۆتایی بە ڕۆڵی سیاسیی هەدەپە لە تورکیا هێنا، چونکە جارێکی دیکە ئەو سەرکەوتنەی پێ دووبارە نەکرایەوە و بەرەو بچووکبوونەوە چوو. گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستانی باکوور بە تەواوەتی کەوتە دەست پەکەکە و ئەو هێزانەی کە لەناو شارەکاندا دروستی کردوون. ئێستا کە هەدەپە لە پەرلەمان بەرەوڕووی هەڵگرتنی پارێزبەندیی پەرلەمانی بووەتەوە (چونکە هەردوو هاوسەرۆکەکە دەگرێتەوە) لە ئاستانەی لێکهەڵوەشاندایە و تەنانەت لەناو خودی هەدەپە دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەو سیاسەتانەی ماوەی رابردوو بەرز بووەتەوە کە داواکاریی ئۆتۆنۆمی یان خۆسەری و خۆبەڕێوەبەری، دەکرا بە دانوستاندن و لە ئەنقەرەوە بهاتبایە دی.

پەکەکە بواری مانۆڕی سیاسی لەبەردەم هەدەپەدا نەهێشتووەتەوە و ڕۆڵی پەرلەمانتارەکان ئەوەیە کە چاک یان خراپ دیفاع لە پەکەکە بکەن، ئەگەرنا ئەمڕۆ هەدەپە 59 ئەندام پەرلەمانی هەیە و پارتی دەسەڵاتداریش دەیەوێ دەستوور بگۆڕێت و هێشتا بوار بۆ دانوستاندن (تەنانەت ئەگەر بە نهێنیش بێت) ماوە.

# لەبری سیاسەت، شەڕ

## 2

پەکەکە شەڕی هەڵبژاردووە و دەوڵەتی تورکیاش لاریی لەوە نییە. ڕاگەیاندنی (بزووتنەوەی شۆڕشی یەکگرتووی گەلان) و کۆکردنەوەی کۆمەڵێک ڕێکخراوی مارکسیستی لینینیستیی کورد و تورک (کە زۆربەیان عەلەوین و ڕێکخراوی ژێرزەمینین) لەژێر چەتری پەکەکەدا، لە قۆناغی یەکەمدا ڕاگەیاندنی مەرگی هەدەپەیە و ئینجا بەدوای چەند ئامانجێکەوەیە کە دەکرێ دیارترینیان ئەوە بێت، پەکەکە دەیەوێت ئەو تۆمەتانە لە خۆی دوور بخاتەوە کە گوایە هەوڵ دەدات تورکیا وەک سووریا لێبکات و بە ڕاسپاردەی هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان ئەو شەڕە لەگەڵ تورکیادا دەکات.

پەکەکە دەیەوێ بڵێ شەڕی ئەوان لەگەڵ تورکیا شەڕێکی نەتەوەیی نییە و شەڕی هەموو گەلانی تورکیایە لەگەڵ دەوڵەتدا و لە بەرەیەکی ئایدیۆلۆژیی چەپی شۆڕشگێڕدایە. ئەو ڕێکخراوە ژێرزەمینیانە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیادا لەدژی حکومەت بۆ کردەوەی توندوتیژ بەکاربێنێت و گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادان لە ناوچەکانی کوردستانی باکوورەوە بگوازێتەوە بۆ سەرانسەری تورکیا.

ئەو ڕێکخراوانەی کە پەکەکە لەگەڵیان ڕێککەوتووە، دەتوانن لە ماوەیەکی کورتدا نائارامی بەسەرانسەری تورکیادا بڵاوبکەنەوە و هەندێک زیان بە دەوڵەتی تورکیا بگەیەنن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوانە لە تورکیا سەرباری ئەوەی سەنگ و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە، بە ڕێکخراوی تیرۆریستیش ناسراون و ئەو کارەی پەکەکە هێندەی دیکە ئاو دەکاتە ئاشی توندڕەوەکانەوە و بەوەش ئەگەری دوورکەوتنەوەی پەکەکە لە پۆلێنی تیرۆر هێندەی دیکە لاواز دەبێت.

# گەڕان بەدوای هاوپەیمانی سەربازی

## 3

پەکەکە لە کوردستانی ڕۆژئاوا بەرەی سەربازیی دروست کرد، لە باکووریش دوای نزیکەی سێ مانگ دانوستاندن هەمان شتی ڕاگەیاند. ئەوە دەریدەخات کە سیاسەتی پەکەکە بۆ داهاتووی ناوچەکە و بە تایبەتیش کوردستانی باشوور، گەڕان دەبێت بە دوای هاوپەیمانی سەربازی. ڕەنگبێ پەکەکە نەتوانێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چالاکیی وای هەبێت، بەڵام دەمێکە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم هەمان کار دەکات. ئەگەر بیانووی ئێستا شەڕی داعش بێت، دەبێ لە داهاتوودا، هاوپەیمانی سەربازیی پەکەکە لەگەڵ گرووپی دیکەی چەکداری لە دژی کێ و لەپێناوی چیدا بێت؟



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سنوورەکان چیدی کاڵ نابنەوە

مەسعود بارزانی لە نوێترین هەڤپەیڤینیدا دەڵێ سنووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوونەتە سنووری سەر کاخەز. دەشڵێت لە کێشانەوەی ئەمجارەی سنوورەکانی ناوچەکەدا دەبێ، بەپێچەوانەی سەت ساڵ پێش ئێستا، خەڵکی ناوچەکە خۆیان ڕۆڵیان هەبێت. ئەم قسەیە لەکاتێکدا دەکرێت کە جیهان دوای چەندین هەوڵ بۆ لابردن و کاڵکردنەوەی سنوورەکان، سەرلەنوێ بیر لە پڕەنگکردنەوەی سنوورەکان دەکاتەوە. وەک بارزانیش دەیڵێت، دەبێ ئەمجارە سنوورەکانی کوردستانێکی سەربەخۆ بکێشرێن.

هەرچەندە شەڕی چەند هەزارەی مرۆڤایەتی لەگەڵ یەکدی لەسەر کێشانی سنوورەکان بووە و چیرۆکی نێو کتێبە ئاسمانییەکانیش لە باسی شەڕدا هەمیشە باسی کێشانی سنوورەکان دەکەن، بەڵام زۆر جووڵانەوە هەبوون لە مێژووی ئێمەدا کە هەرچەندە هەوڵیان بۆ کێشانی سنووری نوێ داوە، بەڵام لە نێوەڕۆکدا ئامانجیان کاڵکردنەوەی سنوورەکان بووە. بیر لە ئایینی ئیسلام و فتووحاتەکانی بکەنەوە. یان بیر لە کۆمۆنیزم و بیرۆکەی کۆمارە سۆڤێتییەکان بکەنەوە. یان نازیزمەکەی هیتلەر کە دەیەویست هەموو جیهان بکاتە یەک و خۆی ڕێبەرایەتی جۆرێکی "پاک" و "ڕەسەن"ی مرۆڤایەتی بکات، کە پاش پاکتاوکردنی جۆرەکانی دیکە لە جیهاندا دەمایەوە. هەروەها دروستکردنی یەکێتیی ئەورووپا و بەدوایدا بیرۆکەی جیهانگەرایی و زاڵکردنی کۆمپانیا مەڵتی ناشناڵەکان کە لەجیاتی گەلان و سەرکردەکانیان بوونەتە بڕیاربەدەستی شەڕ و ئاشتی لە جیهاندا. تەنانەت داعشیش بەو مانیفێستەی کە جاڕیدا، داوای لابردنی سنوورەکان و کۆتاییهێنان بە سایکس-بیکۆ و دروستکردنی خەلافەتێکی ئیسلامیی لە سەرتاسەری جیهاندا کرد.

ئەم بیرۆکانە هەموویان هاتن، بەڵام دواجار قەیرانی سووریا و لێشاوی کۆچبەری بەرەو ئەورووپا و بەشێکیش بۆ ئەمریکا وایکرد وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەخۆیاندا بچنەوە و پرسیارێکی گرنگ لەخۆیان بکەن: جیهانگەرایی و کاڵکردنەوەی سنوورەکان هەر ئەوەیە کە کۆمپانیا مەڵتی ناشناڵە ڕۆژئاواییەکان خێر و بێری وڵاتانی جیهانی سێیەم ببەن و دوایی ئەو وڵاتانە بە دەردی قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە لەنێو خۆیاندا بتلێنەوە؟ ئەوەی کە دوو کۆمپانیای چەکفرۆشتن لە شەڕی نێوخۆیی سووریا و سۆماڵ و عێراق و شوێنەکانی دیکە قازانج بکەن، بەسە بۆئەوەی هاووڵاتییەکی فەرەنسی یان ئەمریکی گەرەنتیی کاری هەبێت لە کۆمپانیا چەکفرۆشییەکە و پارەیەکی زۆرتر بڕژێتە وڵاتەوە و وڵاتیش هیچ باجێکی بۆ نەدات؟ ئەزموونی پاش هاتنی داعش پیشانیدا کە ئەمە گوزەشت و چیدی سنووری عەقڵی مرۆڤی جیهانی سێیەم لەگەڵ مرۆڤێکی ڕۆژئاوایی هێندە زەق نییە کە مرۆڤی جیهانی سێیەم تێنەگات لەودیوی دەریاکانەوە ژیانێکی خۆشتر لەسەر حیسابی ئەو دروستکراوە و ئەویش مافی خۆیەتی لەو خۆشییە بەرخوردار بێت. بۆیەش بە لێشاو ئەو مرۆڤە جیهانی سێیەمییانە سەری خۆیان هەڵدەگرن و ئەورووپا و ئەمریکا تووشی شۆک دەکەن.

ئەنجامەکەی چییە؟ ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی جاران داوای هەڵگرتنی سنوورەکانیان لەنێوان زۆرترین وڵاتی ئەورووپی و نزیک لە ئەورووپا دەکرد، ئێستا سنوورەکانیان تەلبەند دەکەن و نایانەوێ چیدی باجی سیاسەتە هەڵەکانیان لە جیهانی سێیەمدا بدەن. هەر هەمان تێگەیشتنیشە وایکردووە لە دیبەیتی کاندیدەکانی سەرۆکایەتیدا لە ئەمریکا یەکێک لەو خاڵانەی گەنگەشەی زۆری دروستکردووە، قەدەخەکردنی هاتنی ئاوارەی سووری بێت بۆ ئەمریکا.

ئەنجامی ئەم وەخۆهاتنەوەیەی ڕۆژئاوا شتێکی ڕوونە. ئەویش ئەوەیە کە وردە وردە تێگەیشتنێکی نوێ بۆ کێشانەوەی سنوورەکانی جیهان دروست دەبێتەوە و هەر شوێنێک بەپێی بەرژەوەندییەکانی بڕیار دەدات لەو سنوورکێشییە نوێیەدا چەندی بەربکەوێت و ببێتە چی. بۆنموونە لەژێر کاریگەریی ئەو تێگەیشتنە نوێیەدا لە بەریتانیا بیرۆکەی دەرچوون لە سنوورەکانی یەکێتیی ئەورووپا و گەڕانەوە بۆ سنوورە کۆنەکانی بەریتانیای مەزن زاڵ دەبێت. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا ئەوەی کورد بەهۆی جەبری مێژوو و جوگرافیاوە لە سەت ساڵی ڕابردوودا لەدەستی دا، ئەمجارە بەهۆی تێگەیشتنە نوێکەوە بۆ سنوورەکان دێتە بەردەستی. وادیارە بارزانیش باش هەستی بەم گۆڕانکارییە کردووە، بۆیە وا زوڵاڵ ئاوازی سەربەخۆیی دەخوێنێت. بەڵام ئەرکە قورسەکە لەوەوە دەستپێدەکات کە تەنانەت ئەگەر ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی نوێش لەنێوان پارتی و یەکێتیدا سەریگرت، لایەنەکانی دیکەی وەکو گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووش لەبیرنەکرێن. چونکە وەکچۆن هەموو کەس دەتوانێت خشتێک بخاتە سەر دیواری ئاواتە لەمێژینەکە، ئاواش هەموو کەس دەتوانێت خشتێک لەو دیوارە دەربهێنێت.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# سەربەخۆیی کوردستان بە ئەورووپادا تێناپەڕێ

11ی مارسی 2016، جارێکی دیکە کۆنگرەیەکی ئینتەرناسیۆنال لەسەر "پاش لەناوبردنی داعش، چی بکەین؟" لە پاریس بەسترا. ئەم کۆنگرەیە کە لە کۆشکی سینای فەرەنسادا و بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجوومەنی سینای فەرەنسا بوو، چەندین ئەکتەری سیاسی و چەندین توێژەری جیهانی و چەندین ناوەند و دەزگای جیاواز، وەزیر، پەرلەمانتار، سەفیر و تەنانەت کۆمپانیا گەورەکانیش بەشدارییان تێدا کرد. منیش یەکێک بووم لەو توێژەرانەی کە لەڕێگای قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پاریسەوە بانگهێشت کرابووم و بەشداریم کرد.

لەم وتارەدا پێمخۆشە بەخێرایی بگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئێمەی کوردەوە و پێگەی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. کۆی ئەو وتارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی باڵای فەرەنساوە پێشکەش کران، بەتایبەتی وتاری سەرۆکی ئەنجوومەنی سینا، وتاری ئیوبێر ڤیدرین، وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا کە تا ئەم ساتەوەختەش بەشێکی زۆری سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا لەژێر کاریی ئەودا دادەڕێژرێت، وتاری ژان پیەر شوڤێنومۆ، وەزیری بەرگریی پێشووی فەرەنسا کە فرانسوا هۆلاند بەردەوام پرسی پێدەکات، ...، کلیکیان لەسەر دوو خاڵی گرنگ دەکرد کە هەردووکیان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە دنیای ئێمەی کوردەوە هەیە.

خاڵی یەکەم بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی وردی پێگەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەورووپا بەتایبەتی لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەموویان هاودەنگ بوون لەوەدا کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە و لەڕێگای چەندین ڕێککەوتنەوە، هەر لە سایکس-پیکۆوە تا دەگاتە ڕێککەوتنی ڤێرسای، سیڤەر، لۆزان و هەموو ڕێککەوتنەکانی دیکە، ئەورووپا چەند توانی ئەجەندای خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێ، هێندەش لە سەرەتای سەدەی دوو هەزارەوە و تا ئەم ساتەوەختە، ئەورووپا ئیفلیج و دەستەوسانە لەبەرامبەر تەواوی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و کارتەکانی فشاری هێندە لاوازن کە نەتوانێت هیچ کارایییەکی ئەوتۆ بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانەوە دابنێت. لە ئێستا و ئێرەدا، ئەورووپا واقیع دروست ناکات، بەڵکو لەگەڵ واقیعە دروستکراوەکاندا مامەڵە دەکات.

لەڕاستیدا زیاتر لە دوو ساڵە، کۆی ڕاڤەکردنەکانی من، چ بە فەرەنسی و چ بە کوردی، بەم ئاڕاستەیەدا دەڕۆن و بەردەوام باس لەوە دەکەم کە ئەورووپا لە کۆمەڵێک لێکدژی بکوژدا نوقم بووە و هیچ پرۆژەیەکی سیاسی کۆنکرێتی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. ئەورووپا لە دوورەوە تەماشای ململانێی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان، سوننە و شیعە، کورد و عەرەب، کورد و تورک، کورد و داعش، ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکان و بزووتنەوە ئیسلامیستەکان دەکات و چاوەڕوانی ئەوەیە کە خودی ئەکتەرەکان، پەیوەندییەکانی هێز یەکلایی بکەنەوە، بۆئەوەی دواتر لەگەڵ واقیعی نوێی ئەکتەری براوەدا مامەڵە بکات، دروست وەک ئەوەی کە لە میسری ماریشاڵ سیسیدا ڕوویدا. هەموو گوتارەکانی ئەورووپا لەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ ڕێی نەگرت لەوەی سەرلەنوێ فەرشی سوور بۆ ماریشاڵ سیسی، کە تا بینەقاقای غەرقە لە خوێنی میسرییەکاندا، ڕابخەن.

لێرەوە، کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمەی کورد، بە وردی ئەم هەلومەرجە نوێیەی وڵاتانی ئەورووپا بخوێنینەوە و تێبگەین لەوەی کە چیدی فەرەنسا و بەریتانیا هەمان دوو وڵاتەکەی سایکس و پیکۆ نین و نەک هەر ناتوانن سنوورەکان بۆ ئێمە دەستنیشان بکەن، بەڵکو لەگەڵ ئەو سنوورانەشدا مامەڵە دەکەن کە خۆمان بەدەستی خۆمان بۆ خۆمانی دەکێشین. کاتی ئەوە هاتووە هاشوهوشی چەند کونسوڵێکی ئەورووپی کە لە هەولێر نیشتەجێن، نەک هەر بخرێنە نێوان دوو کەوانەوە، بەڵکو ڕاست بکرێنەوە و تەنانەت لێپرسینەوەشیان لەگەڵدا بکرێت. وردە دیپلۆماتەکانی ئێمە چەند بچووک و هەڵەن، کاتێک ڕێگا دەدەن کونسوڵی وڵاتێکی ئەورووپی کە پێگەی سەفیریشی نییە، بەڵکو فەرمانبەرێکە لە بەردەستی سەفیردا، بێت و قاچ بخاتە سەر قاچ و پێمانبڵێت: ئێمە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نین! لەڕاستیدا، ئەوە بچووکیی دیپلۆمات و سیاسییەکانی ئێمەیە کە هەلومەرجی ئەم جۆرە ڕەفتار و گوتارە ئامادە دەکەن، گەرنا خودی ئەو کونسوڵە، لە من باشتر دەزانێت کە وڵاتەکەی زۆر لەوە لاوازترە بتوانێت ئاڕاستەی ڕووداوەکان دیاری بکات.

ئامادەیی زیاتر لە 33 کونسوڵیەی جیهان لە کوردستاندا، ئامادەیی کۆمپانیا گەورەکانی وەک تۆتاڵ و لافارج لە کوردستان کە بە سەدان ملیۆن دۆلارەوە کاری وەبەرهێنان دەکەن، هاتنی کۆمپانیا گەورەکانی وەک کارفور و ئوشان بۆ هەولێر، لەبەرچاوی کاڵی ئێمە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە هەلومەرجێکی بابەتی کۆنکرێتی ناچاری کردوون لێرە بن. گەر سبەینێ ئێمە سەربەخۆیی کوردستانیش ڕابگەیەنین، بەدڵنیاییەوە وڵاتانی ئەورووپا دیسانەوە، لەگەڵ ئەو واقیعەدا مامەڵە دەکەن کە پاش سەربەخۆیی دادەمەزرێت. دەمەوێت بڵێم: ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەی ئەوان، کاریگەری بەسەر یارییەکانەوە دانانێت، لەکۆتاییدا ئەوان تەنیا لەگەڵ براوەدا مامەڵە دەکەن.

ئەوەی مایەی پێکەنینە، خاڵی دووەمی وتاری ئەکتەرە سیاسییە ئەورووپییەکانە کە بریتییە لە پارێزگاریکردن لە "یەکێتی خاکی عێراق"! ئەوانێک کە تەنیا و تەنیا لەگەڵ ئەکتەری براوەدا مامەڵە دەکەن، ئیدی هەر باسکردنێکیان لە یەکێتی خاکی عێراق، یەکێتی خاکی سووریا، هەموو "مسداقیەت"ێک لەدەست دەدات. گوتاری سەرۆکی ئەنجوومەنی سینای فەرەنسی و وەزیرەکان، سەفیرەکان و ئەکتەرەکانی دیکەش لەسەر پارێزگاریکردن لە "یەکێتی خاکی عێراق" هەمان قورسایی گوتارەکانی ئەوانی لەسەر دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ هەیە. ئەوان چەند "جددین" لەگەڵ گوتاری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر ئەوەندەش "جددین" لەگەڵ گوتاری "یەکێتی خاکی عێراق"دا.

بەداخەوە بەشێکی زۆر لە نوخبەی سیاسی کوردی تا ئێستا لەم گۆڕانکاریانە تێنەگەیشتوون و تا ئێستاش هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەژین.



عومەر عەلی غەفوور
omer88h@googlemail.com

# پۆزی بەغدا و غرووری هەولێر

لە 12 ساڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە کێشمەکێش و جەڕولحەبلدا بوون لەسەر کۆمەڵێ دۆسیەی سیاسی و ئابووری و ئەمنیی جێناکۆک، دیارترینیان دۆسیەکانی مادەی 140 و نەوتی هەرێم و بودجەی پێشمەرگەن، کە پاش سێ کابینەی حکومەتی ئێرە و ئەوێ وەک خۆیان ماونەتەوە. دیارە بەشی هەرەزۆری ئەو ماوەیەش لە هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و لە بەغداش کاندیدی حیزبی دەعوە (مالیکی+ عەبادی) سەرۆکی حکومەت بووە، واتە ئەو دووە ئیتر قسەیەک نەماوە لەو کێشانەدا بەیەکەوە نەیانکردبێ، بەبێ ئاکام.

هەربۆیە ئەوەی عەبادی لەم دواییەدا لێرەو لەوێ دووپاتی دەکاتەوە کە ئەگەر هەرێم تەواوی نەوتەکەی ڕادەست بکا ئامادەیە مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بدات، جگە لە "بەباکردنی کای کۆن" و "پۆزلێدانێکی بۆش" و بۆشەوەرگرتنی دەسەڵاتی هەرێم کە بەهۆی شکستی لە پێدانی مووچەی شایستەی مووچەخۆرانی لە دۆخێکی دژواردایە، هیچی دیکە نییە.

ئەو ڕاگەیاندنە تەنیا قسەیەکی گشتییە، بەڵام وەک گوتراوە "شەیتان خۆی لە وردەکاریەکاندا حەشار داوە". دەسەڵاتدارانی هەرێمیش باش لەو پەیامە تێدەگەن، هەربۆیە ئەنجوومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا سەرباری هەڵدانەوەی بەشێک لەلاپەڕەی ناکۆکی و ڕێکنەکەوتنەکانی ڕابردووی نێوان هەردوولا، بەتەحەداوە ئامادەیی دەربڕی بۆئەوەی تەواوی نەوتی بەرهەمهاتووی کوردستان ڕادەستی بەغدا بکا بەو مەرجەی تەواوی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم دابین بکات.

بەبڕوای بەندە، نە عەبادی لەو گژبەری (تەحەدا)یەیدا جدییە و نە حکومەتی هەرێم لە گژبەریی ڕادەستکردنی بەرهەمی نەوتدا، چونکە لە وردەکاریدا ناکۆکیی قووڵ و لەمێژینەیان هەیە و هەریەک لە ڕوانگەیەکەوە بۆ دۆسیەی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆران و پێشمەرگە دەڕوانن. عەبادی کە دەڵێ مووچەی فەرمانبەران دەدەم، مەبەستی ئەو ژمارەیەیە کە خۆی مەبەستێتی و باس لە نزیکەی 600 هەزار کەس دەکرێ، لەکاتێکدا هەرێم دەڵێ ئێمە ملیۆنێک و 400 هەزار مووچەخۆرمان هەیە. بەغدا 100 ملیار دینار بۆ پێشمەرگە بە شایستە دەزانێ، بەڵام هەرێم دەڵێ ئێمە زیاتر لە 300 ملیارمان بۆ پێشمەرگە پێویستە. ئەمە جگە لەوەی بەغدا بەهیچ شێوەیەک ناچێتە ژێر مووچەی فەوتاوی ساڵانی 2014 و 2015. هەروەها بەپێی ئەزموونی ڕێککەوتنە شکستخواردووەکەی 2014ی هەردوولایش کە بەغدا لە پابەندبوون بە ناردنی 17%ی بودجەی هەرێم پاشگەز بووەوە و ڕایگەیاند بەئەندازەی فرۆشی نەوتی هەرێم لەلایەن بەغداوە، پارەی بۆ دەنێرێ نەک بە ئەندازەی پێویستی و شایستەیی هەرێم، دەشێ لەباری ڕادەستکردنی نەوتی هەرێمیشدا دیسان بڵێ "بەئەندازەی بەهای فرۆشراوی نەوتەکەتان پارەتان بۆ دەنێرم"، کە ئەوە لەم شکانەی نرخی نەوتدا ناتوانێ مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان دابین بکات.

لە سەروو هەموو ئەوانەوە -وەک لە بەیاننامەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمیشدا ئاماژەی پێدراوە- هەرێم پێی وانییە بەغدا لەم کاتەدا پارەی پێویستی هەبێ نەک بۆ خەرجکردنی مووچەی مووچەخۆرانی ئێرە، بەڵکو بۆ دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی خۆیشی، چونکە -وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە- بەغدا مانگانە زیاتر لە چوار ترلیۆن دینار دەداتە مووچەخۆرانی لەکاتێکدا داهاتی مانگانەی لە دوو ترلیۆن کەمترە. باقیەکەی بە یەدەگی بانکی ناوەندی پڕدەکاتەوە.

نەک هەر ئێستا، بگرە نێچیرڤان بارزانی لە سەرەتای 2015دا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕاشکاوانە گوتی "کێشەی حکومەتی عێراقی ئەوەیە پارەی نییە، موفلیسە". ئەگەر ئەوکات کە نرخی نەوت لە سەرووی 50 دۆلارەوە بوو، هەروەها هێشتا خەرجی شەڕەکانی گرتنەوەی تکریت و ئەنباریشی نەکردبوو، موفلیس بووبێ، بەدڵنیاییەوە لە شوباتی 2016 پاش نەزیفی خەرجیی ئەو شەڕانە و شەڕی پێشبینیکراوی گرتنەوەی مووسڵ و دابەزینی نرخی نەوت بۆ نزیکی 30 دۆلار، دەبێتە ئەفلەس موفلیس!.

واتە هەرێمی کوردستان گژبەریەکەی عەبادی تەنها بە بڵقێکی ئیعلامی و "شەماتە" بە دۆخی ئابووریی شپرزەی هەرێم دەبینێ نە زیاتر، ئەگینا کورد گوتەنی "کەچەڵ حەکیم بێ دەرمانی سەری خۆی دەکا". عەبادیش بێمنەتانە ئەو گژبەرییە دەکا، چونکە دەزانێ بڕیاری ڕادەستکردنەوەی دۆسیەی فرۆشتنی نەوت کە نزیکی 10 ساڵە دەسەڵاتدارانی هەرێم شەڕ بۆ دەرهێنانی لە دەستی بەغدا دەکەن، پاشەکشە و شکستێکی سیاسیی کەمەرشکێن دەبێ بۆیان، تەنانەت ئەگەر گەرەنتی بدات مووچەی ملیۆن و چوار سەد هەزار مووچەخۆرەکەیشی بدا، بیانوویەک بۆ خۆ لێ ڕاپسکاندنی دەدۆزنەوە و نایکەن، چونکە کورد دەمێکە گوتوویەتی "سواربوون عەیبێکە و دابەزین دوو عەیب"!.

ڕاستیەکەیشی هەر وایە، هەر ئەم سەرۆکی حکومەتەی ئێستای هەرێمی کوردستان یەک دوو ساڵ لەمەوبەر گوتی "یاسای بودجە قانونی عقوباتە بۆ هەرێم" و جەختی کرد "ئێمە ئامادەین عێراق لە لیژنەی چاودێریکردنی فرۆشتنی نەوتی هەرێمدا بێ، بەڵام مەحاڵە جارێکی تر سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوتەکە بدەینەوە بەغدا". هەروەها یەکێک لەو پاساوانەی حکومەتی هەرێم و وەزیری سامانە سروشتیەکان (ئاشتی هەورامی) لە 2007ەوە بەبەردەوامی وەک پاساوێک بۆ پەنابردنی هەرێم بۆ ئیمزاکردنی گرێبەستی دەرهێنانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان دووپاتیان دەکردەوە، ئەوە بوو کە وەزارەتی نەوتی عێراق (بەتایبەت لە سەردەمی حوسێن شەرهستانیدا) شکستی هێناوە لە زیادکردنی بەرهەمی خۆی لەکاتێکدا هەرێم بەرەو ئەوە دەچێ بەرهەمی ڕۆژانەی بگەیەنێتە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و بەو هۆیەشەوە دەتوانن ژێرخان و دۆخی ئابووریی کوردستان بووژێننەوە. لە بارێکی وادا "دابەزین" نەک دوو عەیب، سەد جار عەیبەیە!

بەڵام (با بە پێچەوانەی ویستی کەشتیەکەی هەرێم هەڵیکرد)، بڕینی بودجە و مووچەی هەرێم لەلایەن بەغداوە و دابەزینی دراماتیکیی نرخی نەوت، بەتایبەت لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015 لەلایەک و ناشەفافیەتی دۆسیەی فرۆشتنی نەوتەکە و داهاتەکەی، سەرباری جەختکردنی بەرپرسانی لە شەفافبوونی، وایکرد هەرێم نەک نەبێتە ئیمارەتی دوبەی لەنێو ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عێراق، بگرە ببێتە ئیمارەتە بازاڕ سست و خەڵکە باخەڵخاڵی و خەملێنیشتووەکەی عێراق، کە عەبادی بەو شپرزەییەی مەملەکەتەکەی خۆیەوە، پۆزی بەسەردا لێبدات!

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



ژیوار شێخولئیسلامی بۆ (رووداو):

# فارس نابێت گۆرانیی کوردی بڵێن

« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





